

ژیانی دونیا

له قورئان ، فەرموودە ، ووتەی پێشین

نوسینی

بارۆ

بسم الله الرحمن الرحيم

ژیانی دونیا

لە قورئان ، فەرموودە ، وتەی پێشین

نوسینی

بـــارۆ

1446 کۆچی

ناوی پەرتوک : ژیانی دونیا

بابەت : ئاینی

نوسین : بارۆ کوردی

دیزاینی بەرگ : مسلیم

نەخشەسازی ناوەوە : عبدالله

ژمارەی لاپەرە : 150

دەستپێک

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي له ما في السموات وما في الأرض وما بينهما وما تحت الثرى ، عالم الغيب لا يعزب عنه مثقال ذرة في السموات ولا في الأرض خلقه وجهرهم ، ويعلم ما يكسبون ، نحمده بجميع سر ، يعلم ونصفه بما وصف به نفسه ، ووصفه به الرسول. محامده ، فهو الله الرحمن الرحيم ، قريب مجيب متكلم قائل ، وشاء مريد ، فعال لما يريد ، الأول قبل كل شيء ، والآخر بعد كل شيء ، له الأمر من قبل ومن بعد وله الخلق والأمر تبارك الله رب العالمين ، وله الأسماء الحسنى ، يسبح له ما في السموات والأرض وهو العزيز الحكيم ، يقبض ويبسط ، ويتكلم ، ويرضى ويسخط ، ويغضب ، ويحب ، ويبغض ، ويكره ، ويضحك ، ويأمر وينهى ، ذو الوجه الكريم ، والسمع - السميع والبصر - البصير ، والكلام المبين ، واليدين والقبضتين ، والقدرة والسلطان والعظمة ، والعلم الأزلي ، لم يزل كذلك ولا يزال ، استوى على عرشه فبان من خلقه ، لا تخفى عليه بهم محيط ، وبصره فيهم نافذ ، ليس كمثله شيء منهم خافية ، علمه . وهو السميع البصير.

سەرەتا و پێش هەموو شتێك هەموو سوپاس و فەزڵێك دەگەڕێتەوە بۆ الله تعالى هەر ئەو زاتە شایەنی پەرستن و سوپاس کردنە هەر ئەویش شایەنی گوێڕایەڵی و ملکەچ بوونە دەسەڵاتەکەی بێ کۆتایە و بێ نیازە لە دروست کراوانی ، وە شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق شایەنی پەرستن بێت لێجگە لە الله تعالى ، ڕەحمەتی خوات لێ بێت ئێمە هەموومان دروستکراو و بەندەی الله تعالى'ن خوای باڵادەست کە ئێمە و ژیان و مردنیشی دروست کردوە بۆ تاقی کردنەوەیە الله تعالى دەفەرموێ : (ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ) المُلْك : ٢ .

واتە : خوا مردن و ژیانی دروستکردووە بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە کامتان کردەوەی باشتر ئەنجامدەدەن، خوا توانای باڵادەستە و پۆشەری تاوانە و لێخۆشبووە. جا کە ئێمەی دروست کردوە ئەوەشی بۆ دیاری کردوین کە بۆچی ئێمەی دروست کردوە ،

الله تعالى دەفەرموێ : (وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ) الذَّاريَات : ٥٦ . واتە : من جن و مرۆڤم دروست نەکردووە بۆ ئەوە نەبێت بە تەنها بمپەرستن و هیچ هاوبەشم بۆ بڕیارنەدەن و ملکەچی فەرمانەکانمبن. لەم ئایەتەدا خوا مەبەستی دروستکردنی جن و مرۆڤی ڕوونکردووەتەوە کە بە تەنها پەرستنی خوایە، کەواتە ئەوەی ئێستا زۆرێك لە خەڵکی سەرقاڵکردووە و خەریکی کۆکردنەوەی سامانن مەبەستی بوونی مرۆڤ نییە بەڵکو سامانی حەڵاڵ هۆکارێکە بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستەی مرۆڤی لە پێناویدا دروستبووە، ئەحمەد و ترمزی و ئیبن ماجە و ئیبن حبان لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: خوا دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم خۆت تایبەت بکە بە پەرستنم، دڵت پڕدەکەم لە دەوڵەمەندی و هەژاریت لەسەر لادەبەم، ئەگەر وانەکەیت دەستەکانت پڕ ئیشوکار دەکەم، هەژاریت لەسەر هەڵناگرم; ئەحمەد لە زەیدی کوڕی سابتەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: هەرکەسێك خەمی قیامەتی بێت، خوا سەرقاڵی کۆدەکاتەوە، دەوڵەمەندی دەخاتە دڵییەوە، دونیای بە ملکەچی بۆ دێت، هەرکەسێك نییەتی دونیابێت، کاروکاسبی بەربڵاو دەکات و سەرقاڵی دەکات، هەژاری دەخاتە نێوچاوانی، دونیای دەستگیر نابێت جگە لەوەی بۆی نوسراوە; ئیبن کەسیر دەڵێت: خوا دەفەرموێت جن و مرۆڤم دروستکردووە بۆ ئەوەی فەرمانیان پێبکەم بمپەرستن، من پێویستم پێیان نییە، عەلی کوڕی ئەبوتەڵحە لە ئیبن عەباسەوە دەڵێت: [إِلَّا لِيَعْبُدُونِ] واتە: بۆ ئەوەی ملکەچبن و بمپەرستن بە ویستی خۆیان یان بە ناچاری، ئەمە هەڵبژاردەی تەبەرییە، ئیبن جورەیج دەڵێت: بۆ ئەوەی من بناسن، ڕەبیعی کوڕی ئەنەس دەڵێت: بۆ پەرستن دروستم کردوون. جا ئێمەی مرۆڤ کە هاتووینە سەر ئەم زەویە و تێیدا دەژین لە بۆ تاقی کردنەوەیە و هۆکارەکەیشمان زانی ، لەم ژیانە کە یەك جارە تۆ ڕێگای ئاخیرەتی خۆت هەڵدەبژێریت ، لە قورئانی بەڕێز الله تعالى دەفەرموێ : (قُلْ مَتَٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْأَخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا) النِّسَاء : ٧٧. واتە : بڵێ: ڕابواردن و ژیانی دونیا کەمە و کورتە ، قیامەت باشترە بۆ ئەوانەی پارێزکارن و لە خوا دەترسن، هێندەی کێشی ئەو دەزووەی لەسەر شەقی ناوکە خورمایە ستەمتان لێناکرێت.

لەبەر ئەوەی زۆرینەی خەڵکی ئەم زەمانە دونیا لە ناو دڵیەتی و هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی لە پێناوی دونیایە و ئاخیرەت و قیامەتی لا گرنگ نیە بە پێوستم زانی ئەم بابەتە کۆ بکەمەوە لە کتێبێك و ناوی بنێم ژیانی دونیا کە لە قورئان و فەرموودە و وتەی پێشینە چاکەکان چۆن باسی ئەم بابەتە کراوە کە دنیا هیچ گرنگ نیە لە چاو قیامەت خۆشی و نیعمەتی بێ کۆتایی و تا هەتایی لە بەهەشت دایە نەوەك لەم دنیا کاتیە ، داواکارم لە اللە تعالی نیەتم خالیص بکات و لێم قبوڵ بکات ، لە خۆم و دایکم و باوکم خۆش بێت وە لە هەموو مسوڵمانێك خۆش بێت بە ڕەحمە فراوانەکەی ، اللە ی خاوەن بەزەیی لە هەموومان خۆش بێت اللهم امین .

بـارۆکـوردی

٨ ی ذوالحجة ی ١٤٤٦ کۆچی

٢٠٢٥/٥/٦ زایینی

هـەولێر

بەشی یەکەم : ژیانی دونیا لە قورئانی بەڕێز

زەم کردنی دنیا

لە زۆر شوێنی قورئان اللە تعالی زەمی ژیانی دونیای کردوە هەندێك لە ئایەتە پیرۆزەکان دەخەینە ڕوو .

اللە تعالی دەفەرموێ : (وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۖ وَلَلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ) الأنعَام : ٣٢

ژیانی دونیا جگە لە یاری و گاڵتە هیچی تر نییە، ماڵ و ژیانی دوارۆژ باشترە بۆ ئەو کەسانەی پارێزکار و لە خوا ترسن، ئایا ئێوە عەقڵتان نییە کە هەست بەو گومڕایی و هەڵەیەی خۆتان بکەن.

دونیا جێگای دڵخۆشی نییە بۆ موسڵمان، ئێمە لە بنەمادا خەڵکی بەهەشتین و دابەزاندنمان بۆ سەر زەوی سزایە، خوا دەفەرموێت: [قَالَ ٱهۡبِطُواْ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ٢٤](الأَعۡرَاف)، مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دونیا بەندیخانەیە بۆ باوەڕدار و بەهەشتە بۆ بێباوەڕ; بۆیە پێویستە موسڵمان هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت بێت و ئەوەندەش پێویستە بۆ ژیانی دونیای هەوڵی بۆ بدات بۆ ئەوەی ئاتاجی خەڵك نەبێت وەك خوا دەفەرموێت: [وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ ٧٧](القَصَص).

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (إِنَّمَا مَثَلُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلْأَنْعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَآ أَنَّهُمْ قَٰدِرُونَ عَلَيْهَآ أَتَىٰهَآ أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَٰهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِٱلْأَمْسِ ۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأٓيَٰتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) یُونس : ٢٤

بێگومان نموونەی ژیانی دونیا وەك نموونەی ئاوی بارانێکە کە لە ئاسمانەوە دامانبەزاندووە، ڕووەك و گژوگیا و دانەوێڵەی سەر زەوی پێدەڕوێت و تێکەڵ دەبن، خەڵك و گیانلەبەرانیش لێی دەخۆن، هەتا زەوی ڕەونەقی وەرگرت و ڕازایەوە، خاوەنەکانی گومانیان وابوو دەسەڵاتیان بەسەر کێڵگەکانیانەوە هەیە کەی بیانەوێت بەروبوومی دەچننەوە و سودیان لێ دەبینن، فەرمانی ئێمەی بۆ هات بەشەو یان بەڕۆژ، کێڵگەکانمان وەك دەغڵودانی درەوکراو لێکرد، وەك ئەوەی دوێنێ هەر نەبووبێت، بەوشێوەیە ئایەتەکانمان بەدرێژی ڕوون دەکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی تێدەفکرن و بیریان لێ دەکەنەوە.

خوا نموونەی ژیانی دونیا و خێرا تێپەڕینی بەو ڕووەك و گژوگیایە هێنایەوە کە خوا بەهۆی بارانەوە دەیڕوێنێت و هەموو جۆرە بەروبوومێکی لێ بەرهەم دێت، مرۆڤ و گیانلەبەران لێی دەخۆن و سودی لێ دەبینن، هەتاکو زەوی دەڕازێتەوە و بەرگی سەوز دەپۆشێ و دیمەنی سەرنج ڕاکێش دەبێت، هەموو جۆرە گوڵ و گیایەکی ڕەنگاوڕەنگی لێ دەڕوێت، خەڵك گومانیان وابوو دەتوانن سود لە کشتوکاڵ و کێڵگەکانیان وەربگرن و بەروبوومی بچننەوە و کەی بیانەوێت درەوی بکەن، لەناکاو بایەکی توند یان سەرما و سۆڵەیەکی زۆر لێیدا و هەمووی وشك کردەوە و سوتاندی، ژیانی دونیاش بەوشێوەیە خەڵك پێوەی سەرقاڵ دەبن و لە خۆشی و ڕابواردنەکانیدا ڕۆدەچن هەتاکو لەناکاو مردن یەخەیان پێ دەگرێت و هەموو چیژ و خۆشییەکیان لێ تێکدەدات.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ :(إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا) (وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا) الكهْف : ٧-٨

بێگومان ئێمە ئەوەی لەسەر زەوی داماناوە کردوومانەتە جوانی و ڕازاوەیی بۆی، بۆ ئەوەی خەڵك تاقی بکەینەوە، کامیان کردەوەی باش ئەنجام دەدەن. ئێمە بێگومان هەموو جوانی و ڕازاوەیی سەر زەوی لەناودەبەین، دەیکەنە بیابانێکی وشکی تەختی بێ دار و درەخت. دونیا جێگای مانەوە نییە، بۆیە پێویستە مرۆڤ دڵی وابەستەی نەبێت، بەڵکو دەبێت دڵی وابەستەی خوا بێت، دڵنیابێت دونیا جێگای تاقیکردنەوەیە، لەبەر ئەوە دەبێت گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بێت و دوورکەوێتەوە لە یاساغی کراوەکانی، مسلم لە ئەبوسەعیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: بێگومان دونیا سەوز و شیرینە، خوا ئێوەی کردووەتە جێنشینی یەکتر لەسەر زەوی، بۆ ئەوەی ببینێت چی کردەوەیەك ئەنجامدەدەن، خۆتان لە دونیا و لە ئافرەت بپارێزن، بێگومان یەکەم فیتنەی نەوەکانی ئیسرائیل ئافرەتان بوو; ئیبن عوسەیمین دەڵێت: [جَعَلْنَا] بە مانای دانانە لێرە، بەمانای دروست کردنیش دێت، یەکەم: وەك ئەو ئایەتەی خوا دەفەرموێت: [وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ ۖ ١](الأَنعَام) لێرە [جَعَلَ] بە مانای دروستکردنە، دووەم: ئەگەر دوو (مفعول به) هەبێت بە مانای(صیر)یە، وەك ئەو ئایەتەی کە خوا دەفەرموێت: [إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا ٣](الزُّخْرُف)، واتە: بە زمانی عەرەبی دامانبەزاندووە، بۆیە سەرنجم بۆ ئەم بابەتە ڕاکێشان، چونکە جەهمییەکان دەڵێن: [جَعَلَ] لە هەموو شوێنێك بە مانای دروستکردن دێت، دەڵێن: [إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا ٣](الزُّخْرُف)، مانای ئەوەیە قورئانمان دروستکردووە، بەڵام لێرە دوو (مفعول به) هەیە، لەبەر ئەوە مانای دروستکردن نییە; [أَحْسَنُ عَمَلًا] عیبرەت بە باشی کردەوەیە نەوەك بە زۆری، کردەوە کاتێك بە کردەوەیەکی باش وەسف دەکرێت دوو مەرجی تێدا بەدی بێت: بە دڵسۆزییەوە بۆ خوا ئەنجام بدرێت، بەگوێرەی سوننەتی پێغەمبەری خوا بێت (ﷺ)، ئیبن ئەبوحاتەم لە حەسەنەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا] بۆ ئەوەی تاقیان بکاتەوە کێ زیاتر واز لە دونیا دەهێنێت.

تەبەری لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا ٨] واتە: هەموو ئەوەی لەسەر زەوییە تیادەچێت و نامێنێت.

الله تعالى دەفەرموێ : (وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمَا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا) (ٱلۡمَالُ وَٱلۡبَنُونَ زِينَةُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيۡرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابٗا وَخَيۡرٌ أَمَلٗا) الكهف : ٤٥-٤٦

ئەی پێغەمبەری خوا نموونەی ژیانی دونیایان بۆ بهێنەوە، وەك ئەو بارانەیە لە ئاسمانەوە دامانبەزاندووە، تێکەڵ بە ڕووەکەکانی سەر زەوی دەبێت، هەمووی سەوز دەبێت و زیندوو دەبێتەوە، زۆر ناخایەنێت وشك دەبنەوە و دەبنە پوشوپەڵاش و با بڵاوەیان پێدەکات، خوایە بەسەر هەموو شتێکدا توانای هەیە. سامان و منداڵ جوانی و ڕازاوەیی ژیانی دونیان، ئەوەی کە دەمێنێتەوە کردەوە چاکەکانە، کە باشترە و پاداشتی لای پەروەردگارتە و جێگای ئومێدن لە قیامەتدا. ئەمە نموونەیە خوای پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکات بۆ خەڵك بەتایبەت بۆ بێباوەڕانی بهێنێتەوە، لەسەر ژیانی دونیا، خوا باران لە ئاسمانەوە دەبارێنێت و لەگەڵ تۆوی هەموو ڕووەکەکان تێکەڵ دەبێت و زیندوو دەبنەوە و دەگەشێنەوە، وەك چۆن لە بەهاردا هەموو دەشت و بانەکان سەوز دەبن و دەگەشێنەوە، بەڵام تەمەنیان کورتە و زۆر ناخایەنێت وشك دەبنەوە و دەمرن و دەبنە گژوگیای نازیندوو، با بە هەموو لایەکدا دەیان جووڵێنێت، ئەمە نموونەیە لەسەر هەموو ژیان کە بەوشێوەیە، هەروەها مرۆڤەکانیش دەمرن خوا توانای هەیە زیندوویان بکاتەوە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات و پاداشتیان بداتەوە لەسەر کردەوەکانیان. تەبەری لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر)) لە: [ٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ] و لەو کردەوە باشانەیە کە دەمێننەوە; ئیبن کەسیر دەڵێت: ئیبن عەباس و سەعیدی کوڕی جوبەیر و کۆمەڵێکی تر لە زانایانی سەلەف دەڵێن: [ٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ] پێنج نوێژە فەرزەکەیە، عبدالرحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێت: هەموو کردەوە باشەکانە، تەبەری ئەم بۆچوونەی هەڵبژاردووە; تەبەری دەڵێت: خوا دەفەرموێت: سامان و منداڵ ئەی خەڵکینە کە عوبینە و ئەقرەع شانازی پێوە دەکەن و خۆیان بە گەورە دەزانن لە ئاست سەلمان و خەباب و صوهەیب، هۆکاری جوانی و ڕازاوەیی دونیان، هیچ بە کەڵکی قیامەت نایەن، [وَٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيۡرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابٗا وَخَيۡرٌ

أَمَلًا]، ئەو کردەوە باشانەی سەلمان و خەباب و صوهەیب ئەنجامیدەدەن و گوێرایەڵی پەروەردگاریان دەکەن لە سەرەتا و کۆتایی ڕۆژ نزا دەکەن و لە خوا دەپارێنەوە بەدڵسۆزییەوە و تەنها مەبەستیان خوایە، ئەو کردەوە باشانەیان بۆ دەمێنێتەوە دوای تیاچوون و کاولبوونی دونیا.

اللە جل وعلا دەفەرموێ : (وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ) طه : ١٣١

ئەی پێغەمبەری خوا چاومەبڕە ئەو جۆرەها سامان و خۆشگوزەرانییەی پێمان بەخشیون و پێی سەرسام مەبە، ئەو شتانە جوانی و ڕازاوەی ژیانی دونیان و بە خێرایی تیادەچن، بۆ ئەوەیە تاقییان بکەینەوە بە هۆیانەوە، ڕۆزی پەروەردگارت باشترە و نەبڕاوەیە و بەهەمیشەیی دەمێنێتەوە.

مسلم لە عومەری کوڕی خەتابەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: چوومە ئەو ژوورە تایبەتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێیدا دەمایەوە کاتێك سوێندی لە خێزانەکانی خواردبوو مانگێك لەگەڵیاندا کۆ نەبێتەوە، بینیم ڕاکشاوە و پاڵیداوەتەوە لەسەر حەسیرێك شوێنەواری لەسەر لاتەنیشتی جێ هێشتبوو، عومەر دەستی کرد بە گریان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بۆچی دەگریت؟ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا کیسرا و قەیسەر لەگەڵ کوفر و تاوانباریان ئەوە حاڵیانە و تۆش هەڵبژێردراوی خوایت و ئەوە حاڵتە؟ فەرمووی: ئایا گومانت هەیە ئەی کوڕی خەتاب؟ ئەوان خۆشگوزەرانییەکانیان بۆ پێش خراوە بۆ ژیانی دونیایان; ئیبن کەسیر دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەمووان دونیا نەویست تربوو، ئەگەر دونیای دەست بکەوتایە بە هەموو شێوەیەك دەیبەخشی بە بەندەکانی خوا، هیچی بۆ سبەینێی خۆی پاشەکەوت نەدەکرد.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (وَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيۡءٖ فَمَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتُهَاۚ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ) (أَفَمَن وَعَدۡنَٰهُ وَعۡدًا حَسَنٗا فَهُوَ لَٰقِيهِ كَمَن مَّتَّعۡنَٰهُ مَتَٰعَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ثُمَّ هُوَ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ مِنَ ٱلۡمُحۡضَرِينَ) القَصَص : ٦٠-٦١

هەرشتێکتان لە دونیا پێبەخشراوە هۆکاری چێژ و گوزەران و ڕازاوەی ژیانی دونیایە، ئەو پاداشتەی لای خوایە باشترە و دەمێنێتەوە، ئایا بۆ بیرناکەنەوە و عەقڵتان بەکارناهێنن بۆ ئەوەی پاداشتی قیامەت نەگۆڕنەوە بە دونیایەکی کاتی. ئایا کەسێك بەڵێنی باشمان پێداوە لەسەر گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانمان کە بەهەشتە و پێی دەگات، وەك کەسێکە چێژ و گوزەرانی دونیامان پێبەخشیوە، هەڵبژاردووە بەسەر پاداشتی دوارۆژدا، پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا لەو کەسانەیە دەهێنرێت بۆ لێپرسینەوە و سزادەدرێت لەبەر بێباوەڕی و سەرپێچی فەرمانەکانی خوا.

ئیبن کەسیر دەڵێت: گوتراوە: دەربارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبوجەهل دابەزیوە، گوتراوە: دەربارەی حەمزە و عەلی و ئەبوجەهل دابەزیوە، ئەو دووانە لە موجاهیدەوە باسکراوە، ئەوەی دیارە گشتییە، ئەمە وەك ئەو ئایەتەیە کە خوا باسی باوەڕدارێك دەکات لە پلە بەرزەکانی بەهەشتدایە و هاوەڵەکەی دەبینێت لە پلەکانی خوارەوەی دۆزەخدایە، دەڵێت: [وَلَوۡلَا نِعۡمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ ٱلۡمُحۡضَرِينَ ٥٧](الصَّافَّات)، دەفەرموێت: [وَلَقَدۡ عَلِمَتِ ٱلۡجِنَّةُ إِنَّهُمۡ لَمُحۡضَرُونَ ١٥٨](الصَّافَّات).

اللە عزّ وجل دەفەرموێ : (فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا يَٰلَيۡتَ لَنَا مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ) (وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗاۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ) القَصَص : ٧٩-٨٠

ڕۆژێك بە کەشخەی و ڕازاوەییەوە لە ماڵ دەرچوو بۆ لای گەلەکەی، ئەوانەی ژیانی دونیایان دەویست گوتیان: خۆزگە هاوشێوەی ئەوەمان هەبووایە کە بە قارون بەخشراوە، بێگومان خاوەن بەخت و بەشێکی گەورەیە لە دونیا. ئەوانەی زانستیان پێبەخشرابوو گوتیان: تیاچوون بۆ ئێوە پاداشتی خوا باشترە بۆ ئەو کەسەی باوەڕی هێناوە و کردەوەی باش ئەنجامدەدات، کەس ئەم ئامۆژگارییە وەرناگرێت و سودی پێناگەیەنێت جگە لە ئارامگران کە بەردەوام گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا دەکەن و دووردەکەونەوە لەسەرپێچیکردنی.

ڕاڤەکاران لێرە زۆر بۆچوونیان دەربارەی جلوبەرگ و ئەو سواری و نۆکەر و کەنیزەکانە کردووە کە لەگەڵ قاروندا دەرچوون بۆ لای گەلەکەی، ئیبن ئەبوحاتەم لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦۖ] لەگەڵ دەست و پێوەندەکەیدا دەرچوو، بۆمان باسکراوە چوار هەزار سواریبوون، جلوبەرگی سوریان لەبەربوو، هەزار سواریان ئێستری سپی بوون، قەدیفەی ڕەنگ ئەرخەوانییان لەسەر پشت بوو. ئیبن عوسەیمین دەڵێت: [ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ] بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئەوانەی پێشوو نەفامبوون و زانستیان نەبوو و شارەزاییان لە حەقیقەتی شتەکان نەبوو; کەواتە ئەو کەسەی خوا زانستی پێبەخشیوە شایان نییە بە سامانی تیاچووی دونیای بگۆڕێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەو کەسانەش سەرقاڵی دونیان و لە ئیشوکاری دونیادا ڕۆچوون ئامۆژگارییان بکات بەوەی دونیا لە خشتەیان نەبات بەڵکو هێندە گرنگی پێبدەن بە گوێرەی پێویستیان و بە حەڵاڵی، ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [لِّمَنۡ ءَامَنَ] واتە: بە تاك و تەنها خوا دەپەرستێت.

الله جل جلاله دەفەرموێ : (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡ وَٱخۡشَوۡاْ يَوۡمٗا لَّا يَجۡزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوۡلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيۡـٔٗاۚ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ) لقمَان : ٣٣

ئەی خەڵکینە لە پەروەردگارتان بترسن و پارێزکاربن، بترسن لە ڕۆژێك کە ڕۆژی قیامەتە باوك سودی بۆ منداڵەکەی نییە، منداڵیش هیچ سودێك بە باوکی ناگەیەنێت، دڵنیابن بەڵێنی خوا حەقە و جێبەجێ دەبێت، جوانی و ڕازاوەییەکانی دونیا فریوتان نەدات و لەخشتەتان نەبات و قیامەتتان لە بیر نەباتەوە، شەیتان فریوتان نەدات و لەخشتەتان نەبات بەوەی تاوان و خراپە ئەنجامبدەن و بەتەمای ڕەحم و بەزەیی خوابن.

تەبەری لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ] مانای ئەوەیە تاوان ئەنجامبدەیت و ئومێدی لێخۆشبوونت هەبێت; ئیبن کەسیر دەڵێت: [فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا] واتە: فریوتان نەدات بەوەی ئاسودەبن و قیامەت لەبیر بکەن، [وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ] واتە: شەیتان، ئەمە قسەی ئیبن عەباس و موجاهید و زەحاك و قەتادەیە، چونکە شەیتان فریوی دەدات و بەڵێنی پێدەدات و ئومێدی پێدەبەخشێت، هیچ لەوانە بوونی نییە، وەك خوا دەفەرموێت: [يَعِدُهُمۡ وَيُمَنِّيهِمۡۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ١٢٠](النِّسَاء).

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (إِنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۚ وَإِن تُؤۡمِنُواْ وَتَتَّقُواْ يُؤۡتِكُمۡ أُجُورَكُمۡ وَلَا يَسۡـَٔلۡكُمۡ أَمۡوَٰلَكُمۡ) مُحَمّد : ٣٦

هەرچی ژیانی دونیایە یاری و گاڵتەیە، ئەگەر باوەڕبهێنن و پارێزکاربن و لە خوابترسن پاداشتتان دەداتەوە، پەروەردگارتان داوای سامان و ماڵتان ناکات و بەڵکو داواتان لێدەکات بە تەنها بیپەرستن. ئیبن کەسیر دەڵێت: [وَإِن تُؤۡمِنُواْ وَتَتَّقُواْ يُؤۡتِكُمۡ أُجُورَكُمۡ وَلَا يَسۡـَٔلۡكُمۡ أَمۡوَٰلَكُمۡ] واتە: خوا دەوڵەمەندە و پێویستی بە ئێوە نییە و داوای هیچ شتێکتان لێناکات، زەکاتی لەسەر فەرزکردوون بۆ دڵنەوایکردنی برا هەژارەکانتان، سودی بۆ خۆتان هەیە، پاداشتەکەی وەردەگرنەوە; مسلم لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ڕیوایەتی

کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: خوا هیچ ستەمێك لە باوەڕدار ناکات، لە دونیا پێی دەبەخشێت و لە قیامەتدا پاداشتی دەداتەوە لەسەری، بەڵام بێباوەڕ ئەو چاکانەی ئەنجامیدەدا لە دونیادا پاداشتی دەداتەوە بە ڕۆزی و تەندروستی، هەتاکو ئەگەر گەیشتە قیامەت، هیچ چاکەیەکی نەبێت پاداشتی بدرێتەوە لەسەری.

اللە تعالى دەفەرموێ : (ٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌۢ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ ۖ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمًا ۖ وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ ۚ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ) الحَديد : ٢٠

بزانن هەرچی ژیانی دونیایە یاری و گاڵتە و ڕازاوەییە و چێژێکی کاتییە، شانازی بەسەریەکدا دەکەن بەهۆی زۆری سامان و منداڵەوە، نموونەی دونیا وەك بارانێکە جووتیاران دڵخۆش دەکات بە ڕووەندنی دەغڵودانیان، پاشان ئەو کشتوکاڵە وشك دەبێتەوە و دەیبینی زەرد هەڵگەڕاوە و دەبێتە کا و پووشی بەربا، لە قیامەتدا سزای زۆر سەخت هەیە بۆ بێباوەڕان، و لێخۆشبوون و پۆشینی تاوان و ڕەزامەندی لە خواوە هەیە بۆ باوەڕداران، ژیانی دونیا لە چێژ و ڕابواردنێکی فریودەر بەولاوە هیچی تر نییە.

بوخاری لە صەحیحەکەیدا ئەم ئایەتەی وەك سەربابەتێك هێناوە پاشان ئەم فەرموودەیەی لە سەهڵی کوڕی سەعدەوە ڕیوایەتکردووە دەڵێت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: شوێنی قامچییەك لە بەهەشتدا باشترە لە دونیا و ئەوەی تێیدایە، دەرچوونێك لە بەرەبەیان یان دوای نیوەڕۆ بۆ جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوا باشترە لە دونیا و ئەوەی تێیدایە.

تەفزیڵ کردنی ئاخیرەت بەسەر دونیا

دیسانەوە اللە تعالی لە زۆر شوێنی قورئانی بەرێز ژیانی ئاخیرەتی هەڵبژاردووە و بە گەورەی باس کردوە و تەفزیلی کردوە بەسەر ژیانی دونیا ، باسی ئایەتە پیرۆزەکان دەکەین.

اللە تعالی دەفەرموێ : (كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِۖ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ) آل عِمرَان : ١٨٥

هەموو نەفسێك مردن دەچێژێت، بێگومان پاداشتی کردەوەکانتان بەتەواوی وەردەگرنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، هەرکەس لە ئاگری دۆزەخ دوورخرایەوە و خرایە بەهەشتەوە ئەوە براوە و سەرفرازە، ژیانی دونیا لە چێژ و ڕابواردنێکی فریودەر بەولاوە هیچی تر نییە.

بوخاری و مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: خوا دەفەرموێت: بۆ بەندە چاکەکانم ئامادەم کردووە، بەهەشتێك کە هیچ چاوێك نەیبینوە وهیچ گوێیەك نەیبیستووە وبە دڵی هیچ کەسدا نەهاتووە، حەزدەکەن ئەو ئایەتە بخوێننەوە: [فَلَا تَعۡلَمُ نَفۡسٞ مَّآ أُخۡفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعۡيُنٖ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٧](السَّجْدَة)، لە بەهەشتدا دارێك هەیە سوار لە سێبەریدا سەد ساڵ ڕێگا دەڕوات و سێبەرەکەی کۆتایی نایەت، حەزدەکەن ئەو ئایەتە بخوێننەوە: [وَظِلّٖ مَّمۡدُودٖ ٣٠](الوَاقِعَة); شوێنی قامچییەك لە بەهەشتدا باشترە لە دونیا و هەموو ئەوەی تێیدایە، حەزدەکەن ئەو ئایەتە بخوێننەوە: [فَمَن زُحۡزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدۡخِلَ ٱلۡجَنَّةَ فَقَدۡ فَازَۗ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلۡغُرُورِ].

الله تعالى دەفەرموێ : (ٱللَّهُ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُۚ وَفَرِحُواْ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا مَتَٰعٌ) الرَّعْد : ٢٦

خوا ڕۆزی فراوان بە هەرکەسێك دەبەخشێت کە بیەوێت، دەیگرێتەوە و بە کەمی و ئەندازەیەکی دیاری کراو ڕۆزی کەسانی تر دەدات، بێباوەڕان دڵخۆشن بە ژیانی دونیا، ژیانی دونیا لەچاو ژیانی نەبڕاوەی بەهەشت لە دواڕۆژدا هیچ نییە جگە لە خۆشی و چێژێکی زۆر کەم و تیاچوو نەبێت.

ئەحمەد و مسلم لە موستەوردی کوڕی شەدادەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ژیانی دونیا بە بەراورد بە ژیانی دواڕۆژ وەك ئەوەیە کەسێکتان پەنجە بکات بە ئاوی دەریادا، بابڕوانێت پەنجەی چی دەهێنێتەوە، ئاماژەی بۆ پەنجەی شایەتمانی کرد; حاکم لە ئیبن مەسعودەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوا دونیای هەموو بەکەم باسکردووە، لەو کەمە کەمێکی ماوە، نموونەی ئەوەی کە ماوە وەك گۆمە ئاوێکە پاکەکەی خوراوەتەوە و پیسەکەی ماوە.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ) القَصَص : ٧٧

بەو سامان و گەنجینەیەی خوا پێی بەخشیویت هەوڵی بەدەست هێنانی پاداشتی قیامەت و بەهەشت بدە، بەشی خۆت لە ژیانی دونیا بە حەڵاڵی لەبیر مەکە، چاکەکاربە لەگەڵ خەڵکدا وەك چۆن خوا چاکەی لەگەڵ کردوویت، بەدوای خراپەوە مەبە لەسەر زەوی، بێگومان خوا خراپەکارانی خۆش ناوێت.

قەنوجی دەڵێت: [وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ] جمهوری ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن: مانای ئەوەیە لە دونیادا کردەوە بۆ قیامەتی بکات، نەصیبی مرۆڤ تەمەن و کردەوە چاکەکانییەتی، زەجاج دەڵێت: بیرت نەچێت کردەوە بۆ قیامەتت ئەنجام بدەیت، چونکە لە حەقیقەتدا نەصیبی مرۆڤ لە دونیا ئەو کردەوانەیە بۆ قیامەتی ئەنجامی دەدات، حەسەن و قەتادە دەڵێن: مانای ئەوەیە واز لە بەشی خۆت لە دونیا مەهێنە و بە حەڵاڵی سودی لێ ببینە و هەوڵی بەدەستهێنانی بدە، ئەمەش نزیکترە لە مانای ڕیزبەندییە قورئانییەکەوە، ئیبن عەباس دەڵێت: بیرت نەچێت لە دونیا کردەوە بۆ قیامەتت بکەیت، هەندێکیان نەصیبیان بە کفن تەفسیرکردووە; لەبیرنەکردنی نەفس و گرنگی پێدانی لە ئایندا فەرمانی پێکراوە، بوخاری لە عبدالله‌ی کوڕی عەمرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموم: ئەی عبدالله لەشت مافی بەسەرتەوە هەیە، چاوت مافی بەسەرتەوە هەیە، هاوسەرەکەت مافی بەسەرتەوە هەیە، میوان مافی بەسەرتەوە هەیە.

الله تعالى دەفەرموێ : (وَمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَهۡوٞ وَلَعِبٞۚ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ لَهِيَ ٱلۡحَيَوَانُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ) العَنكبوت : ٦٤

ئەم ژیانی دونیایە بەدەر لە گاڵتە و یارییەك هیچی تر نییە و ژیانێکی کاتییە، بێگومان ژیانی دواڕۆژ ژیانی هەمیشەییە و نابڕێتەوە مردنی تێدا نییە، ئەگەر هاوبەش بڕیاردەران بیانزانیایە ژیانی دونیایان بە ژیانی هەمیشەیی قیامەت نەدەگۆڕییەوە.

تەبەری و ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: [وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ لَهِيَ ٱلۡحَيَوَانُۚ] مانای ژیانی نەبڕاوەیە; لە موجاهیدەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: [لَهِيَ ٱلۡحَيَوَانُۚ] مانای ئەوەیە مردنی تێدا نییە; ئیبن قەیم لە (حادي الأرواح)(99)دا دەڵێت: [وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ لَهِيَ ٱلۡحَيَوَانُۚ] دوو مانا دەگەیەنێت، یەکەم: ژیانی قیامەت هیچ ناڕەحەتی و تەنگوچەڵەمەیەکی تێدا نییە و کۆتایی نایەت، واتە: ئەوەی ناخۆشییە و ژیانی دونیای تێکداوە لەوێ نییە، بەوەش وشەی [ٱلۡحَيَوَانُۚ] چاووگە، دووەم: مانای ئەوەیە ژیانێکە کۆتایی نایەت و نابڕێتەوە و هەمیشەییە، وەك ژیانی دونیا کۆتایی نایەت.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٞ وَإِنَّ ٱلۡأٓخِرَةَ هِيَ دَارُ ٱلۡقَرَارِ) (مَنۡ عَمِلَ سَيِّئَةٗ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَاۖ وَمَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ يُرۡزَقُونَ فِيهَا بِغَيۡرِ حِسَابٖ) غَافِر : ٣٩-٤٠

ئەی گەلەکەم دڵنیابن ئەم ژیانی دونیا چێژ و خۆشییەکی کەمە و دەبڕێتەوە، دواڕۆژ جێگای ئۆقرەگرتن و ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەیە. هەرکەسێك کردەوەی خراپ ئەنجام بدات پاداشت نادرێتەوە بە هاوشێوەی کردەوەکەی خۆی نەبێت، هەرکەسێك کردەوەی باش ئەنجام بدات نێربێت یان مێ و باوەڕداربێت، دەچنە بەهەشتەوە تێیدا ڕۆزی دەدرێن بەبێ ئەژمار. ئیبن جەوزی دەڵێت: سەبارەت بە [بِغَيۡرِ حِسَابٖ] دوو بۆچوون هەیە، یەکەم: موقاتل دەڵێت: هەموو ئەوەی پێیان دەبەخشرێت لە بەهەشتدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت لەسەری، دووەم: ئەبوسولەیمانی دیمەشقی دەڵێت: ڕۆزییان بەسەردا دەبارێنێت بەبێ کەمکردن.

الله تعالی دەفەرموێ : (مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ) الشُّورَى : ٢٠

هەرکەسێك مەبەستی لەو کردەوانەی ئەنجامی دەدات بەدەست هێنانی پاداشتی قیامەت بێت، کردەوە باشەکانی بۆ زیاد دەکەین یەك بە دە یان هەتاکو ئەوەندەی خوا ویستی لەسەر بێت پاداشتی دەداتەوە، هەرکەسێك مەبەستی لە ئەنجامدانی کردەوەکانی دونیا بێت ئەوەندەی پێدەبەخشین کە بۆمان دیاری کردووە، لە قیامەتدا هیچ پاداشتێکی چاکەی بۆ نییە.

ئەحمەد و ترمزی و ئیبن ماجە و حاکم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: [مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ٢٠]، فەرمووی: خوا دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم، خۆت تەرخان بکە بۆ پەرستشی من، دڵت پڕ دەکەم لە دەوڵەمەندی، هەژاریت بۆ پڕ دەکەمەوە، ئەگەر وانەکەیت دڵت پڕ دەکەم لەسەرقاڵی و هەژاریت بۆ پڕ ناکەمەوە; تەبەری لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: هەرکەسێك تەنها کردەوە بۆ دونیا بکات لە دونیا بەشی دەدەین; لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: هەرکەسێك دونیا بدات بەسەر دواڕۆژیدا لە قیامەتدا هیچ پاداشتێکی بۆ نییە جگە لە ئاگر، لە دونیادا هیچی بۆ زیاد ناکەین جگە لەو ڕۆزییەی بۆی دیاریکراوە; ئەحمەد و حاکم و ئیبن حبان لە کەعبی کوڕی مالکەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: مژدەی سەرکەوتن و پایەبەرزی و دەسەڵات بدە بە ئوممەت، ئەگەر دونیا دەست نەخەن بە کردەوەی قیامەتیان، هەرکەسێکیان کردەوەی قیامەتی ئەنجامدا بۆ دونیا لە قیامەتدا هیچ پاداشتێکی چاکەی بۆ نییە; ئیبن ماجە و حاکم و بەیهەقی لە ئیبن عومەرەوە ڕیوایەتیان کردووە ئەلبانی بە حەسەن لغیرە داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ئەگەر کەسێك هەموو خەم و پەژارەی بکاتە یەك و تەنها خەمی قیامەتی بێت، خوا خەمی دونیای لەسەر دەخات، هەرکەسێك خەمەکانی دونیا سەرقاڵی بکات خوا گرنگی و بایەخی پێنادات لەچی شیوێکی دونیادا تیادەچێت.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيۡءٖ فَمَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ) الشُّورَى : ٣٦

هەرشتێکتان لە دونیا پێبەخشراوە هۆکاری چێژ و گوزەران و ڕازاوەیی ژیانی دونیایە، ئەو پاداشتەی لای خوایە باشترە و دەمێنێتەوە، بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن.

الله تعالى دەفەرموێ : (أَهُمۡ يَقۡسِمُونَ رَحۡمَتَ رَبِّكَۚ نَحۡنُ قَسَمۡنَا بَيۡنَهُم مَّعِيشَتَهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ وَرَفَعۡنَا بَعۡضَهُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَتَّخِذَ بَعۡضُهُم بَعۡضٗا سُخۡرِيّٗاۗ وَرَحۡمَتُ رَبِّكَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ) الزُّخْرُف : ٣٢

ئایا ئەوان ڕەحمەتی پەروەردگارت لە نێوان خەڵکدا دابەش دەکەن، ئێمە گوزەرانمان لە ژیانی دونیادا لە نێوانیاندا دابەشکردووە، هەندێکمان لە پلەوپایە و ڕۆزیدا داوە بەسەر هەندێکی تردا، بۆ ئەوەی هەندێکیان هەندێکی تریان بەکاربهێنن و ئیشیان پێبکەن، ڕەحمەتی پەروەردگارت باشترە لە کۆ کردنەوەی سامان و شتومەکی دونیا. هەندێك لە ڕاڤەکاران [وَرَحۡمَتُ رَبِّكَ] لەم ئایەتە بە بەهەشت لێکداوەتەوە، بێگومان بەهەشت لە ڕەحمەتی خوایە، ئەحمەد و بوخاری لە (الأدب المفرد) و ترمزی لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: بەهەشت و دۆزەخ سکاڵایان کرد، بەهەشت گوتی: هەژار و نەدارەکان دەچنە بەهەشتەوە، دۆزەخ گوتی: خۆ بەگەورەزان و ستەمکاران دەچنە دۆزەخەوە، خوای پەروەردگار بە دۆزەخی فەرموو: تۆ سزای منی بە تۆ تۆڵە لە هەرکەسێك دەکەمەوە کە بمەوێت، و بە بەهەشتی فەرموو: تۆ ڕەحمەتی منی، ڕەحم بە هەرکەسێك دەکەم بە تۆ بۆ هەرکەسێك کە بمەوێت; بوخاری لە (الأدب المفرد) لە ئیبن مەسعودەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: بێگومان خوا خورەوشتی لە نێواندا دابەشکردوون وەك چۆن ڕۆزی لە نێواندا دابەشکردوون،

بێگومان خوا سامان دەبەخشێت بەوەی خۆشی دەوێت و بە ئەوەی خۆشی ناوێت، بەڵام باوەڕ نابەخشێت تەنها بەو کەسەنەبێت کە خۆشی دەوێت; ئیبن تەیمییە لە (منهاج السنة)(89/2)دا: دەڵێت: هاوبەش بڕیاردەرانی قورەیش پێیان خۆش بوو قورئان بۆ سەر ئەو کەسانە دابەزێت کە بە گەورەیان دەزانین لە خەڵکی مەککە و تائیف، خوا فەرمووی: [أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ۚ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ]; ئەلبانی لە (صحيح السيرة النبوية)(200)دا دەڵێت: ئیبن ئیسحاق باسی ئەوە دەکات وەلیدی کوڕی موغەیرە گوتی: پەیام بۆ محمد دادەبەزێت و بۆ من دانابەزێت کە من گەورە و سەرۆکی قورەیشم، و بۆ عوروەی کوڕی مەسعودی سەقەفی سەیدی سەقیف دانابەزێت، ئێمە گەورەی ئەو دوو شارەین، ئەم ئایەتانە لەسەر ئەوە دابەزین: [وَقَالُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ٣١ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ۚ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ٣٢].

اللە عزّ وجل دەفەرموێ : (وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِٱلرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ) الزُّخْرُف : ٣٣

ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە خەڵك هەموویان ببنە یەك كۆمەڵ لەسەر بێباوەڕی، سەقفی خانووی ئەو كەسانەی بێباوەڕن بە خوای میهرەبان دەكرد بە زیو، پلەكانەی خانووەكانیشیانمان دەكرد بە زیو بۆ ئەوەی بەسەریاندا سەركەونە سەربانی خانووەكانیان. بەخشینی سامان و منداڵ نیشانەی خۆشەویستی خوا نییە بۆ بەندە، ئیبن كەسیر دەڵێت: [وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً] واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە زۆربەی خەڵكی نەفام، گومانی ئەوە ببەن و باوەڕ بەوە بهێنن كە ئەو بەخشینە نیشانەی خۆشەویستیمانە بۆ ئەوانەی سامانمان پێبەخشیون، و هەموویان لەسەر بێباوەڕی كۆ ببنەوە لەبەر سامان، ئەمە مانای قسەی ئیبن عەباس و حەسەن و قەتادە و سودی و جگە لەوانیشە; ئەو سامانانەی باسكراوە بە بێباوەڕانمان دەبەخشی، ترمزی و ئەحمەد لە سەهلی كوڕی سەعدی ساعدییەوە ڕیوایەتیان كردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ئەگەر دونیا لای خوا هاوتای باڵە مێشوولەیەك بووایە، قومێك ئاوی نەدەدا بە بێباوەڕێك; تەبەری و ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت: [وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً] ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە هەموو خەڵك بێباوەڕبن سەقفی خانووی بێباوەڕانم دەكرد بە زیو; تەبەری لە حەسەنەوە ڕیوایەتی كردووە دەربارەی ئەم ئایەتە: [وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً] دەڵێت: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە كە هەموو خەڵك بێباوەڕبن، بە لای دونیادا بشكێنەوە، خوا ئەوەی دەكرد كە فەرموویەتی، پاشان دەڵێت: سوێند بە خوا زۆربەی خەڵك بە لای دونیادا شكاونەتەوە، ئەی حاڵی خەڵك چۆن دەبوو ئەگەر بەوشێوەیەی بكردایە; بوخاری لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی كردووە دەڵێت: [وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً] ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە هەموو خەڵك بێباوەڕبن، سەقفی خانووی بێباوەڕانم دەكردە زیو، پلەكانە و تەختی زیوم پێدەبەخشین.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَابًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ) (وَزُخْرُفًاۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَـٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَاۚ وَٱلْـَٔاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ) الزُّخْرُف :٣٤-٣٥

و دەرگای خانووەکانیانم دەکرد بە زیو، و تەختی زیوم پێدەدان لەسەری ڕابکشێن و پاڵبدەنەوە. و زێڕم پێدەبەخشین، هەموو ئەوانە چێژ و خۆشی ژیانی دونیان، پاداشتی دواڕۆژ لای پەروەردگارت بۆ پارێزکارە لە خوا ترسەکانە.

خواردن و خواردنەوە لە قاپی زێڕ و زیودا لە دونیا بۆ موسڵمانان دروست نییە، و بەکارهێنانی بۆ پیاو بۆ خۆ ڕازاندنەوەش دروست نییە، بوخاری و مسلم لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: لە پەرداخی زێڕ و زیودا ئاو مەخۆنەوە، لە قاپی زێڕ و زیودا نان مەخۆن، چونکە ئەوانە بۆ بێباوەڕانە لە دونیا، بۆ ئێوەیە لە قیامەتدا.

الله تعالى دەفەرموێ : (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِىَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ فَٱسْعَوْاْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلْبَيْعَۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ) الجُمُعة : ٩

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بانگدرا لە ڕۆژی جومعە بڕۆن بۆ نوێژ و زیکری خوا و گوێگرتن لە ئامۆژگاری ئیمام، دەستهەڵگرن لە کڕین و فرۆشتن، ئەوە خێر و چاکەیە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن.

ئەم ئایەتە پێویستی کردووە لەسەر پیاوی عاقڵی باڵغی موسڵمان کە نەخۆش نەبێت و لە سەفەردا نەبێت ئەگەر بانگیدا لە ڕۆژی جومعە بچێت بۆ نوێژی جومعە، دوای ئەو بانگەی کە گوتارخوێن ئامادە دەبێت کڕین و فرۆشتن حەرامە هەتاکو گوتاری هەینی و نوێژی هەینی کۆتایی دێت، بە گەورە دانانی ڕۆژی جومعە لەسەر جووڵەکە و

گاورەکانیش پێویستکرابوو بەڵام گومڕابوون و بە گەورەیان نەزانی، بوخاری و مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ڕۆژی جومعە ڕۆژیان بوو بەڵام ناکۆکبوون دەربارەی، خوا هیدایەتی ئێمەیدا بۆ ئەم ڕۆژە، شەممە بۆ جوولەکەیە، یەك شەممە بۆ گاورە; ئیبن کەسیر دەڵێت: وشەی جومعە لە (الجمع)وە داتاشراوە، لەبەر ئەوە موسڵمانان تێیدا کۆدبنەوە لە مزگەوتەکاندا حەفتەی یەك جار; مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: باشترین ڕۆژ کە خۆری بەسەردا هەڵهاتبێت ڕۆژی جومعەیە، لە ڕۆژی جومعەدا ئادەم دروستکراوە، لە ڕۆژی جومعەدا خراوەتە بەهەشتەوە، هەر لەو ڕۆژەدا لە بەهەشت دەرکراوە، قیامەت بەرپا نابێت لە ڕۆژی جومعەدا نەبێت; دیسان لێیەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ڕۆژی جومعە سەعاتێکی تێدایە، هیچ بەندەیەکی موسڵمان نییە لەو کاتەدا داوای خێر و چاکە بکات ئیللا خوا پێی دەبەخشێت; تەبەری لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ] سەعیکردن بۆ ڕۆژی هەینی ئەی نەوەی ئادەم بریتییە لەوەی بە دڵ و کردارت بڕۆیت و ئامادەی بیت; فەرمانکراوە بەو کەسەی ئامادەی نوێژی جومعە دەبێت خۆی بشوات، بوخاری و مسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە واجبە لەسەر هەموو کەسێکی باڵغ; زوو ڕۆیشتن و بۆنی خۆش لە خۆدان و پۆشاکی جوان لەبەرکردن و سیواککردن سونەتە، موسلم لە ئەبوسەعیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: خۆشۆردن لە ڕۆژی هەینی لەسەر هەموو باڵغێکە، و سیواك بکات و بۆنی خۆش لە خۆی بدات ئەگەر هەیبوو، ئەگەر بۆنی هاوسەرەکەیشی بێت; ئیبن ماجە لە عبداللەی کوڕی سەلامەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی جومعە لەسەر مینبەرەوە دەیفەرموو: ئەگەر توانیت دوو پۆشاك بکڕێت، پۆشاکێك بۆ ڕۆژی جومعە و پۆشاکێك بۆ ئیشوکارت، بیکرە; خاوەن سونەنەکان لە ئەوسی کوڕی ئەوسەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: هەرکەسێك ڕۆژی هەینی خۆی جوان بشوات، زوو بچێت بۆ مزگەوت، بچێت بۆ مزگەوت و سوار نەبێت، لە ئیمامەوە نزیك ببێتەوە و گوێ بگرێت، لەگەڵ کەسدا قسەنەکات بە هەموو هەنگاوێك پاداشتی کردەوەی ساڵێکی بۆ دەنوسرێت بە ڕۆژوو و شەونوێژییەوە; ئیبن کەسیر دەڵێت: [إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ] مەبەست لەم بانگە بانگی دووەمە کە لە پێش پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگیان دەدا، کاتێك لەسەر مینبەرەکەی دادەنیشت، بەڵام

بانگی یەکەم کە ئەمیری باوەڕداران عوسمانی کوڕی عەفان زیادیکرد، ئەمە لەبەر زۆربوونی خەڵك بوو، بوخاری لە سائبی کوڕی یەزیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: بانگدان لە ڕۆژی جومعە ئەو کاتەبوو کە ئیمام لەسەر مینبەر دادەنیشت لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبوبەکر و عومەر، دوای ماوەیە لەسەردەمی عوسمان کە خەڵك زیادیکرد بانگێکی زیادکرد لەسەر خانوویەك پێی دەگوترا زەورا، بەرزترین خانوو بوو لە مەدینە لە نزیك مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؛ ئیبن ئەبوحاتەم لە مەکحولەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: بانگدان یەك بانگبوو کاتێك ئیمام دەردەچوو پاشان قامەتدەکرا بۆ نوێژ، ئەمە ئەو بانگەیە کە کڕین و فرۆشتن حەرام دەکات، عوسمان فەرمانیکرد پێش دەرچوونی ئیمام بانگ بدرێت بۆ ئەوەی خەڵك کۆببنەوە، ئامادەبوون بۆ نوێژی هەینی لەسەر پیاوانی ئازاد واجبە و لەسەر ئافرەتان و کۆیلەکان و منداڵان واجب نییە، موسافیر و نەخۆشیش عوزریان هەیە ئامادەی نوێژی جومعە نەبن; بوخاری دەڵێت: عومەر ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە خوێندووەتەوە: (فَٱمۡضُواْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ); تەبەری لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ] بریتییە لە ئامۆژگاری ئیمام; لە ئەبومالکەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: ئەو زیکرەی خوا فەرمانی بە بەندە باوەڕدارەکانی کردووە ئامادەیبن ئامۆژگاری ئیمامە لە گوتارەکەی.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ) الجُمُعة : ١٠

کاتێك نوێژ تەواوبوو بەسەر زەویدا بڵاوببنەوە، هەوڵی بەدەستهێنانی فەزڵ و ڕۆزی خوا بدەن، هەموو کات زۆر زیکر و ستایشی خوا بکەن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکەن، بەڵکو سەرفرازبن لە دونیا و قیامەتدا.

تەبەری لە موجاهیدەوە ریوایەتیکردووە دەڵێت: [فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ] ئەمە ڕوخسەتە; ئیبن ئەبوشەیبە و تەبەری لە زەحاکەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: [فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ] ئەوە ڕوخسەتە لە خواوە، ئەگەر نوێژ تەواوبوو، وەستی لە مزگەوت دەردەچێت و وەستی دادەنیشێت; مالك لە (الموطأ)دا دەڵێت: ئەوە فەرمانێکە خوا ڕوخسەتی بە خەڵکداوە، واجب نییە لەسەریان دەربچن; ئیبن کەسیر دەڵێت: [فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ] دوای بانگ جووڵە و کرین و فرۆشتنی لێ حەرامکردن، فەرمانی پێکردن کۆببنەوە بۆ گوێگرتن لە گوتار و نوێژ، دوای تەواوبوون ڕوخسەتیدان بڵاوببنەوە بەسەر زەویدا و هەوڵی بە دەستهێنانی فەزڵی خوا بدەن، ئیبن ئەبوحاتەم لە عەراکی کوڕی مالکەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: ئەگەر نوێژی جومعەی بکردایە دەڕۆیشت لەبەر دەرگای مزگەوت دەوەستا، دەیگوت: پەروەردگار من وەڵامی بانگەوازەکەتم دایەوە، نوێژە فەرزەکەتم بەجێهێنا، بڵاوبوومەوە وەك چۆن فەرمانت پێکردووم، لە فەزڵی خۆت ڕۆزیم بدە، تۆ باشترین ڕۆزیدەریت; ئیبن ئەبوحاتەم و بەغەوی لە موجاهیدەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: بەندە نابێتە یەکێك لەو کەسانەی کە زۆر زیکری خوا دەکەن هەتاکو بەپێوە و بە دانیشتن و بە ڕاکشانەوە زیکری خوا نەکات.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا) (وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ) الأعلى : ١٦-١٧

بەڵام ئێوە ژیان و ڕازاوەیی دونیا هەڵدەبژێرن و دەیدەن بەسەر نازونیعمەتی بەهەشتدا. بەهەشت و نازونیعمەتەکانی باشترە لە ژیانی دونیا، کۆتایی نایەت و نابڕێتەوە.

ئیبن ئەبوعاصم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: هەرکەس دونیای بوێت زیان بە دواڕۆژی دەگەیەنێت، هەرکەس دواڕۆژی بوێت زیان بە دونیای دەگەیەنێت، ئێوە زیان بە دونیای خۆتان بگەیەنن کە تیادەچێت بۆ دواڕۆژتان کە دەمێنێتەوە; ئەبوداود لە (الزهد) و تەبەری لە عورفوجەی سەقەفییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: لای ئیبن مەسعود بووم قورئانی بۆ دەخوێندم: سورەتی [سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١] خوێندەوە، کاتێك گەیشتە ئەم ئایەتە: [بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ١٦]، وازی لە قورئان خوێندنەکەی هێنا ڕوویکردە هاوەڵانی و گوتی: دونیامانداو بەسەر دواڕۆژدا، بێدەنگبوون، دونیامان هەڵبژارد، چونکە ڕازاوەی و ئافرەت و خواردن و خواردنەوەکەیمان بینی، دواڕۆژمان لێ شاراوەیە، بۆیە ئەم دونیامان هەڵبژارد و وازمان هێنا لە دواڕۆژ.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ) الضُّحى : ٤

ئەی پێغەمبەری خوا بەهەشت و ئەوەی تێیدا ئامادەکراوە بۆت باشترە لە دونیا، بۆیە خەفەت مەخۆ بۆ هەرشتێك لە دونیا لە دەستتچووە.

مسلم لە موستەورەدی کوڕی شەدادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سوێند بە خوا ژیانی دونیا لەچاو نازونیعمەتی قیامەت، وەك ئەوەیە کەسێك لە ئێوە پەنجەی بکات بە دەریادا، با بڕوانێت پەنجەی چی لەگەڵ خۆی هێناوە و هەڵگرتووە; ئەحمەد و ترمزی و ئیبن ماجە لە ئیبن مەسعودەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر حەسیرێك ڕاکشابوو کاریگەری لەسەر لاتەنیشتی دروستکردبوو، کاتێك لە خەو هەستا لاتەنیشتیم پاککردەوە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، بۆچی ئاگادارت نەکردینەوە شتێك لەسەر حەسیرەکە ڕابخەین؟ فەرمووی: من چیمداوە لە دونیا؟ نموونەی من و دونیا وەك نموونەی سواریەکە لە ژێر سێبەری دارێکدا کەمێك پشوو بدات پاشان بڕوات و بەجێی بهێڵێت.

هەندێ کردەوە کە وا دەکات دونیا هەڵبژێری بەسەر ئاخیرەت

بێ گوومان کۆمەڵێك کار و کردەوە هەن کە مرۆڤ ئەگەر بیان کات دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی دونیا بەسەر ئاخیرەت ئەمەش کارێکی مەترسی دارە بەندەی چاکەکار دەبێ ئاخیرەتی لا گرنگتربێت لە دونیایەکی کاتی کە تەواو دەبێت بێ گومان ئاخیرەت مانەوەی تاهەتاییە لێرە باسی ئەم بابەتە دەکەین .

اللە تعالی دەفەرموێ : (ثُمَّ أَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَٰرِهِمْ تَظَٰهَرُونَ عَلَيْهِم بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَٰرَىٰ تُفَٰدُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ ۚ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) البَقَرَة : ٨٥

پاشان ئێوە ئەو بەڵێن و پەیمانەتان نەبردەسەر و یەکتر دەکوژن و کۆمەڵێکتان لە زێد و ماڵ وحاڵی خۆیان دەربەدەر دەکەن، پشتگیری و هاوکاری ئەوانەتان دەکەن کە بە تاوان و ستەم بەسەر هەندێکتاندا زاڵدەبن و سەردەکەون، کەچی ئەگەر بە دیل گیرابان پارەتان بۆ کۆ دەکردەوە و فیدیەتان دەدا بۆ ئازادکردنیان، لە کاتێکدا دەرکردنیان لە ماڵ و حاڵیان حەرامبوو لەسەرتان کە هۆکاری ئەو بە دیل گیرانەیان بوو، ئایا ئێوە باوەڕ بە بەشێك لە کتێبەکەتان کە تەوراتە دەهێنن و بێباوەڕن بە هەندێکی تری، بەدڵنیاییەوە پاداشتی ئەو کەسانەتان بەوشێوەیە ڕەفتار دەکەن تەنها سەرشۆڕی و ڕیسوایی لە ژیانی دونیا، دوای زیندووبوونەوەش لە قیامەت تووندترین سزا دەدرێن، چونکە خوا بێئاگا نییە لەو کار و کردەوانەی ئەنجامیدەدەن.

خوای پەروەردگار لە تەوراتدا لەسەر جوولەکەکان کوشتنی حەرام کردبوو، پێویستی کردبوو ئەگەر لەگەڵ دوژمندا شەڕیان کرد، لێیان بە دیل گیرا فیدیەی بۆ بدەن و

ئازادی بکەن، بەڵام جوولەکەکانی مەدینە لە پێش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) دوو بەرەبوون (بەنو قەینوقاع) هاوپەیمانی خەزرەجییەکان بوون، بەڵام (بەنو نەزیر، بەنو قورەیزە) هاوپەیمانی ئەوسییەکان بوون، هەردوو هۆزی ئەوس و خەزرەج لەسەردەمی نەفامیدا لەگەڵ یەك شەڕیان بکردابایە جوولەکەکان لە دژی یەك شەڕیان دەکرد، هەر لایەك هاوپەیمانەکەی خۆی سەردەخست کە بتپەرست و هاوبەش بڕیاردەربوون و لە یەکتریان دەکوشت بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە (بەنو قەینوقاع) فیدیەی دەدا بە ئەوسییەکان بۆ ئازادکردنی ئەو جوولەکانەی بە دیل گیرابوون لە (بەنو نەزیر، بەنو قورەیزە)، وەهەروەها (بەنو نەزیر، بەنو قورەیزە) فیدیەیان دەدا بە خەزرەجییەکان بۆ ئازادکردنی ئەو جوولەکانەی بە دیل گیرابوون لە (بەنو قەینوقاع) ئەمەشیان بە پەیڕەویکردن لە تەورات لێکدەدایەوە، بەڵام خوای پەروەردگار لۆمەی کردن کە چۆن دەبێت باوەڕتان بە هەندێك لە ئایەتەکانی تەورات هەبێت و پەیڕەوی بکەن و سەرپێچی هەندێکی تری بکەن، تەبەری هاوشێوەی ئەمەی لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەت کردووە، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت ئاین پارچە پارچە بکرێت و پەیڕەوی لە هەندێکی بکرێت و هەندێکی پشتگوێ بخرێت بەڵکو پێویستە هەموو ئەوەی خوای پەروەردگار یاساغی کردووە موسڵمانان لێی دوورکەونەوە و هەموو ئەوەشی فەرمانیان پێکراوە پەیڕەوی لێبکەن بە گوێرەی توانایان، خوا دەفەرموێت: [وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۖ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ7](الحَشْر)، بوخاری و مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو ئەوەی یاساغیم کردووە لێتان لێی دوورکەونەوە، ئەوەی فەرمانم پێکردوون ئەنجامی بدەن بە گوێرەی تواناتان.

الله تعالى دەفەرموێ : (أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُاْ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْأٓخِرَةِۖ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ) البَقَرَة : ٨٦

ئەوانە ژیانی دونیایان بە دوارۆژیان کڕی و خۆشی کەمی دونیایاندا بەسەر قیامەتیاندا، بەهیچ شێوەیەك و بۆ کاتێکی کەمیش سزایان لەسەر سووك ناکرێت و کەسیش نییە سەریان بخات و فریاد ڕەسیان بێت و لە سزای خوا بیانپارێزێت.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَۚ لَهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي ٱلْأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ) البَقَرَة : ١١٤

کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە ڕێگری دەکات زیکر و یادی خوا و نوێژ لە مزگەوتەکاندا ئەنجام بدرێت، و هەوڵی تێکدان و ڕووخان و کاول کردنیان بدات، ئەو کەسانە هەر بۆیان نییە بچنە نێو مزگەوتەکانەوە، بە ترس و لەرزەوە نەبێت، چی جای ئەوەی ڕێگری لە موسڵمانان بکەن و هەوڵی ڕووخانی بدەن، ئەوانە لە دونیا سەرشۆڕ و ڕیسوان، لە ڕۆژی قیامەتیشدا تووشی سزای زۆر سەخت دەبنەوە.

شەنقیتی دەڵێت: هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەم ئایەتە لەسەر موشریکەکان دابەزیوە کە ڕێگایان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گرت عومرە بکات لە ساڵی شەشی کۆچی ئەو کاتەی پەیماننامەی حودەیبیە مۆرکرا، لەسەر ئەم بۆچوونە: تێکدانەکە مەعنەوییە، بریتییە لە ڕێگریکردنی پەرستش تێیدا، ئەمە ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەری کە دەفەرموێت: [هُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ٢٥](الفَتْح)، هەندێکی تر لە زانایان دەڵێن: ئەو تێکدانەی باسکراوە بەرجەستەیە، ئایەتەکە بۆ تێکدانی بیت المقدس دابەزیوە، بوختنەسر یان جگە لە ئەو تێکیاندا، بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: [فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْأٓخِرَةِ لِيَسُـُٔواْ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُواْ ٱلْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوْاْ تَتْبِيرًا ٧](الإِسْرَاء)؛ ئەم ئایەتە

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەندێك تاوان لە هەندێکی خراپتر و گەورەترە و سزاکەی قورسترە، ڕێز و گەورەیی مزگەوتەکانی تێدایە لەبەر ئەوەی خوا داویەتییە پاڵ خۆی وەك ڕێزێك، زانایان دەڵێن: هەوڵی تێکدانی مزگەوت و ڕووخان و پیسکردن و بێڕێزیکردن بە شکۆی مزگەوتەکان دەگرێتەوە، هەروەها لادانی مزگەوت لە ئەو ئەرکانەی بۆی دروستکراوە دیسان دەیگرێتەوە، کەواتە ئەگەر کەسانێك مزگەوتەکان و پەیامە پیرۆزەکەی بە لاڕێدابەرن و بۆ بەرژەوەندی حیزبی و کەسی بەکاریبهێنن دەبێت ڕێگرییان لێبکرێت، سەرزەنشت دەکرێن لەسەر ئەو کارانە: بۆ نموونە ئەگەر کەسێك مزگەوت بۆ حیزبایەتی و پارچە پارچەکردنی موسڵمانان، یان کۆکردنەوەی پارە لە موسڵمانان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی یان بڵاوکردنەوەی بیدعە و گومڕایی و لاڕێی و دژایەتیکردنی سوننەت، یان هەر بەرژەوەندییەکی تری دونیایی بەکاربهێنێت دەبێت ڕێگری لێبکرێت، مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەرکەس گوێی لە کەسێك بوو کە بانگەوازی بۆ شتێکی ون بوو دەکرد لە مزگەوتدا بابڵێت: خوا بۆتی نەگێڕێتەوە، چونکە مزگەوتەکان بۆ ئەم مەبەستە دروست نەکراون; هەروەها لە بورەیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: کەسێك لە مزگەوت بانگەوازی کرد، حوشترێکی سوری لێ ونبوو بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: یاخوا نەیدۆزیتەوە چونکە مزگەوتەکان دروستکراون بۆ ئەوەی بۆی دروستکراون.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (وَمَن يَرۡغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبۡرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفۡسَهُۥۚ وَلَقَدِ ٱصۡطَفَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ) البَقَرَة : ١٣٠

کەس پشت لە ئاینەکەی پێغەمبەر ئیبراهیم ناکات و دەستبەرداری نابێت کە ئاینی بە تەنها پەرستنی خوا و وازهێنان بوو لە هاوبەش بڕیاردان، کەسێك نەبێت کە نەفسی خۆی تووشی گێلی و گەمژەیی کردووە، بێگومان ئێمە ئەومان لە دونیا هەڵبژارد و لە دواڕۆژیشدا لە پیاوچاکە پلە بەرزەکانە.

ئیبن ئەبوحاتەم لە ئەبوعالییەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [وَمَن يَرۡغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبۡرَٰهِـۧمَ] جوولەکە و گاور لە ئاینی پێغەمبەر ئیبراهیم لایاندا، جوولەکایەتی و گاورایەتیان داهێنا کە ئاینێك نەبووە لای خواوە، وازیان لە ئاینی پێغەمبەر ئیبراهیم هێنا کە ئاینی ئیسلام بوو، خوا پێغەمبەر محمدی (ﷺ) بەو ئاینە ڕەوانەکرد; موقاتلی کوڕی سولەیمان و سەعلەبی لە تەفسیرەکانیاندا ئەم باسەیان هێناوە و ئیبن حەجەر لە (العجاب) هێناویەتی، دەڵێن: عبدالله‌ی کوڕی سەلام بانگی هەردوو برازاکەی سەلەمە و موهاجری کردووە بۆ ئیسلام و پێیگوتن: بێگومان دەزانن کە خوا لە تەوراتدا فەرموویەتی: من لە نەوەی ئیسماعیل پێغەمبەرێك ڕەوانە دەکەم کە ناوی ئەحمەدە، هەرکەس باوەڕی پێ بهێنێت ڕێنمایی کراوە و هیدایەتی وەرگرتووە، هەرکەس باوەڕی پێ نەهێنێت نەفرەت لێکراوە، سەلەمە موسڵمان بوو، موهاجر ڕەتیکردەوە، ئەم ئایەتە دابەزی: [وَمَن يَرۡغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبۡرَٰهِـۧمَ].

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَسِكَكُمْ فَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًاۗ فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلْأَخِرَةِ مِنْ خَلَـٰقٍ) البَقَرَة : ٢٠٠

ئەگەر لە ئەنجامدانی کردارەکانی حەج لێبوونەوە ئەوا یادی خوا بکەن وەك چۆن یادی باب و باپیرانتان دەکەن یان زیاتر لەوە یادی خوا بکەن، خەڵکی واهەیە دەڵێت: ئەی خوایە لە دونیا پێمان ببەخشە، لە دواڕۆژدا هیچ پاداشت و بەشێکیان نییە.

ئیبن ئەبو حاتەم لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەت کردووە دەڵێت: خەڵك لەسەردەمی نەفامی لە وەرزی حەجدا دەوەستان، هی وایان هەبوو دەیگوت: باوکی من دەست کراوە و خانەدان بوو، کۆڵە باری هەڵدەگرت بۆ یارمەتیدانی خەڵك و پارەی خۆێنی دەدا، هیچ یادی خوایان نەدەکرد تەنها باسی کردارەکانی باب و باپیرانیان دەکرد، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: [فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَسِكَكُمْ فَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًاۗ فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلْأَخِرَةِ مِنْ خَلَـٰقٍ ٢٠٠]; دیسان لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: خەڵکانێکی دەشتەکی دەهاتن بۆ حەج و دەیانگوت: پەروەردگار ئەمساڵ بکە بە ساڵێکی پڕ پیت و فەرِ و ساڵی لە دایکبوونی منداڵی جوان، هیچ باسی قیامەتیان نەدەکرد، خوا دەربارەیان ئەم ئایەتەی دابەزاند: [فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلْأَخِرَةِ مِنْ خَلَـٰقٍ ٢٠٠]; و لە ئەبوجەوزائەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پرسیارکرا لە ئیبن عەباس ئەو ئایەتەی خوا دەفەرموێت: [كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًاۗ]، پیاو هەیە ڕۆژ بەسەریدا دێت باسی باوکی ناکات، ئیبن عەباس گوتی: مەبەست ئەوە نییە، بەڵکو لەبەر خوا ئەگەر سەرپێچیکرا، تووڕەتربیت لەوەی باسی باوکت بە خراپە بکەن.

الله تعالى دەفەرموێ : (وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْأٓخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ) البَقَرَة : ٢٠١

خەڵکی تر هەیە دەڵێن: پەروەردگارا لە دونیادا خێر و چاکەمان پێ ببەخشە و لە نازونیعمەتەکانی بەهرەمەندمان بکە و لە دوارۆژیشدا بەهەشتمان پێببەخشە و لە نازونیعمەتەکانی بێبەشمان مەکە و لە ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە.

بوخاری و مسلم لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: ئەو نزایەی کە زۆرجار پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی دەپارایەوە ئەم نزایە بوو: (اللَّهُمَ [رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْأٓخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ])؛ ئەبوداود و نەسائی لە عبدالله‌ی کوڕی سائیبەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو (ﷺ) لە نێوان ڕوکنی یەمانی و ڕوکنی بەردە ڕەشەکەدا دەیفەرموو: [رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْأٓخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ]؛ ئیبن ئەبوحاتەم لە حەسەنەوە ڕیوایەتی کردووە و ئیبن حەجەر بە صەحیحی داناوە دەڵێت: [حَسَنَةً] بریتییە لە زانست و پەرستش لە دونیا.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلۡخِصَامِ) البَقَرَة : ٢٠٤

خەڵکی واهەیە لە ژیانی دونیادا کە قسە دەکات بە گوتاری سەرسامت دەکات، وادەزانی قسەی باش دەکات، خوا دەکات بە شاهید لەسەر ئەوەی لە دڵیدایە، دەڵێت: ئەوەی لەسەر زارمە هاوتای ئەوەیە کە لە دڵمدایە و درۆ دەکات، زۆر کەللەڕەق و حەز بەدەمەدەمە.

پێویستە موسڵمان لەو سیفەتە ناشیرینانە خۆی بەدوور بگرێت لێرە باسی دوو سیفەت دەکات ئەویش درۆکردن و سەختگیری و دەمەدەمکردنە، بوخاری لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بێگومان بێزراوترین پیاو لای پەروەردگار ئەو کەسەیە کە کەللە ڕەق و هۆگری دەمەدەمکردنە بۆ ئەوەی پووچەڵ سەربخات; بوخاری لە (الأدب المفرد)دا لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ناشێت کەسی دووڕوو کەسێکی ئەمیندار بێت; دیسان بوخاری لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: نیشانەی دووڕوو سێ شتە: ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، ئەگەر ئەمانەتی لادانرا خیانەتی لێدەکات، ئەگەر بەڵێنیدا بەجێی ناهێنێت.

الله تعالی دەفەرموێ : (زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَيَسۡخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ) البَقَرَة : ٢١٢

ژیانی دونیا ڕازێنراوەتەوە بۆ ئەوانەی کە بێباوەڕن، گاڵتە و سوکایەتی بە ئەو کەسانە دەکەن کە باوەڕیان هێناوە، بەڵام ئەو کەسانەی کە پارێزکارن و لە خوا دەترسن پلەوپایەیان لە سەرووی بێباوەڕەکانەوەیە لە ڕۆژی قیامەتدا، خوا ڕۆزی هەرکەسێك دەدات کە ویستی لەسەربێت بەبێ ئەژمار.

ئەم ئایەتە باسی بێباوەڕان و هەرکەسێکی دیکە هاوشێوەیان دەکات کە ئاڵوودەی دونیابوون و بەخۆشی و ڕازاوەی و جوانییە کاتییەکانی سەرقاڵبوون و ئەوەندەش ڕۆچوون لەوەدا کە سوکایەتی بەو باوەڕدارانە دەکەن کە هەوڵی ڕەزامەندی پەروەردگاریان دەدەن، ئەوە لە کاتێکدا باوەڕداران لە بەهەشتدا لە پلەوپایەی باڵادا لەسەرووی بێباوەڕەکانەوەن و ئەوان لە خواریانەوە لە پلەکانی خوارەوەی دۆزەخدان، ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە دەربارەی [وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ] دەڵێت: مانای ئەوەیە کەس چاودێر نییە بەسەر خواوە و کەس لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکات، چی ببەخشێت بە هەرکەسێك کە ویستی لەسەربێت دەیبەخشێت.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۚ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟ ۚ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ) البَقَرَة : ٢١٧

ئەی پێغەمبەری خوا پرسیارت لێدەکەن دەربارەی جەنگان لە مانگە حەرامەکاندا کە بریتین لە مانگەکانی (زوالقعدە و زوالحجە و موحەڕەم و ڕەجەب)، بڵێ: جەنگان لەو مانگانەدا تاوانی گەورەیە، بەڵام ڕێگیریکردن و لەمپەردانان لە ڕێگای ئاینەکەی خوا و باوەڕ نەهێنان بە خوا و ڕێگیریکردن لە موسڵمانان بۆ چوونە نێو شاری مەککە و ڕێگیریکردن لە حەج و عومرەکردن، دەرکردنی خەڵکەکەی کە پێغەمبەری خوا و هاوەڵانی بوون، کە ئەوان ڕێز و مافی ئەم شارە و مزگەوتی حەرامیان دەزانی و لە ئێوە شایان تربوون تێیدا بژین، لای خوا تاوانی گەورەترە، ئەو تاوانانە و ئەو هاوبەش بڕیاردانەی ئێوە پەیڕەوی دەکەن لە کوشتن تاوانی گەورەترە، بەردەوام بێباوەڕان دژایەتیتان دەکەن و لەگەڵتان دەجەنگن هەتا ئەگەر بۆیان کرا لە ئاینەکەتان هەڵتان بگەڕێننەوە و پەشیمانتان بکەنەوە، هەرکەس لە ئێوە لە ئاینەکەی هەڵگەڕێتەوە و پاشگەزبێتەوە و تەوبە نەکات و لەسەر ئەو بێباوەڕییەی بمرێت، ئەو کەسانە هەموو کردەوەکانیان هەڵدەوەشێتەوە و پووچەڵ دەبێتەوە، نەلە دونیا سودی لێدەبینن بەوەی حەق و ڕاستی وەربگرن و لەسەری بەردەوامبن، لە قیامەتیشدا سودیان پێناگەیەنێت و لە ئاگری دۆزەخ ڕزگایان ناکات، ئەوانە هاوەڵی ئاگری دۆزەخن و بەهەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسێك لە ئاین هەڵگەڕێتەوە و تەوبە نەکات بە بێباوەڕی دەمرێت و بەهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر تەوبەی کرد کردەوەکانی پێش هەڵگەڕانەوەی هەڵناوەشێتەوە و پووچەڵ نابێتەوە، سەعدی دەڵێت: زۆربەی زانایان دەڵێن: حەرامی شەڕکردن لە مانگە حەرامەکاندا سڕاوەتەوە (منسوخە) بەوەی فەرمانکراوە بە شەڕکردن لەگەڵ بێباوەڕان لە هەر شوێنێك بوون، هەندێك لە ڕاڤەکاران دەڵێن: نەسخ نەکراوەتەوە، چونکە ڕەها دەدرێت بەسەر وابەستەکراودا، ئەم ئایەتە ئەو گشتگیرییەی وابەستەکردووە کە فەرمانکردنە بە جەنگان بەشێوەیەکی ڕەها، لەبەر ئەوەی لە خاسییەتەکانی مانگە حەرامەکانە بەڵکو لە

گەورەترین خاسییەتەکانیان حەرامی جەنگە تێیاندا، ئەمە دەربارەی ئەو جەنگانەیە کە لەسەرەتاوە دەست پێبکرێت، بەڵام جەنگان بۆ بەرگیریکردن دروستە لە مانگە حەرامەکاندا، هەروەها لە مەککەدا دروستە، ئیبن عوسەیمین لەسەر ئەم پرسیارکردنە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێت: ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی هەیە ئیجتیهاد بکات یانا؟ ئەوەی ڕاستە ئەوەیە بۆی هەیە ئیجتیهاد بکات، پاشان ئەگەر ئیجتیهادی کرد و خوای پەروەردگار ئیقراری کرد ئیجتیهادەکەی دەبێتە وەحی، پاشان دەڵێت: شیخی ئیسلام لە هەندێك قسەیدا دەڵێت: تاوانی گەورە هەموو ئەو تاوانەیە کە سزایەکی تایبەتی لەسەر دیاریکراوە ئەگەر تووڕەبوون بێت یان نەفرەت لێکردن یان حەددێکی بۆ دیاریکرابێت لە دونیادا، یان نەفی باوەڕی لێبکات یان خۆی لێ بەری بکات، تاوانێك ئەگەر گوترا: ئەو کردارە ئەنجام مەدە، یان حەرامە لەسەرت ئەوە بکەیت یان هاوشێوەی ئەوانە بەبێ ئەوەی سزایەکی تایبەتی لەسەر دیاری بکرێت، ئەوە تاوانی بچووکە، بەڵام ئەگەر سزایەك بەهۆیەوە پێویستکرا ئەوە تاوانی گەورەیە.

الله تعالى دەفەرموێ : (فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۗ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَٰمَىٰۖ قُلۡ إِصۡلَاحٞ لَّهُمۡ خَيۡرٞۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ ٱلۡمُفۡسِدَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعۡنَتَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ) البَقَرَة : ٢٢٠

خوا هەموو بەڵگە و نیشانەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە بۆ ئیشوکار و فەرمانەکانی دونیا ودوارۆژتان، سامانەکانتان لە کوێدا پێویست بوو خەرجی بکەن و زیادەکەشی ببەخشن، ئەی پێغەمبەری خوا پرسیارت لێدەکەن دەربارەی هەتیوەکان، بڵێ: پەروەردەکردن و هەوڵی چاککردنیان باشترە و چاکەیە، ئەگەر تێکەڵاویان بکەن براتانن، خوا خراپەکار و چاکەکار دەناسێت و زانایە بە حاڵیان، ئەگەر خوا بیویستایە شەریعەت و فەرمانەکانی قورس و ناڕەحەت دەکرد لەسەرتان، بێگومان خوا باڵا دەست و توانا و دانای کار لەجێیە. ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: تێکەڵاوی بریتییە لەوەی لە شیری هەتیوەکە بخۆیتەوە، ئەویش لە شیر تۆ بخواتەوە، لە چێشتی هەتیوەکە بخۆیت، ئەویش لە چێشتی تۆ بخوات، [وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ ٱلۡمُفۡسِدَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِۚ] خوا زانایە کێ بە ئەنقەست مااڵی هەتیو دەخوات و کێ خۆی دەپارێزێت; هەتیو منداڵێکە کە باوکی مردبێت و نەگەیشتبێتە تەمەنی باڵغ بوون تەبەرانی لە حەنزەڵەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەتیوی لە دوای باڵغبوون نامێنێت، کچیش ئەگەر خوێنی حەیز و سوڕی مانگانەی بۆ هات هەتیو نییە; ئەبوداود و نەسائی لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: کاتێك خوای پەروەردگار ئەو ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرموێت: [وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ١٥٢](الأَنعَام)، و ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: [إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا ١٠](النِّسَاء)، هەرکەس سامانی هەتیوی لابوو خواردنی لە خواردنیان جیاکردەوە و خواردنەوەی لە خواردنەوەیان جیاکردەوە، ئەگەر شتێك لە خواردنەکەیان بمایەتەوە هەڵیاندەگرت هەتاکو هەتیوەکان دەیانخوارد یان خراپ دەبوو، ئەمە قورس بوو لەسەریان و پێیان ناخۆش بوو، ئەوەیان باسکرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: [وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَٰمَىٰۖ] دوای ئەوە خواردن و خواردنەوەکەیان لەگەڵدا تێکەڵکردنەوە; تەبەری و ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: [وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعۡنَتَكُمۡۚ] واتە: ئەگەر خوا بیوستایە ناڕەحەتی دەکردن و تەسکی دەکردەوە لەسەرتان، بەڵام ئاسانی کردووە و فراوانی کردووەتەوە بۆتان.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ) آل عِمرَان : ١٤

ڕازێنراوەتەوە بۆ خەڵك خۆشویستنی ئارەزووەكان لە ئافرەت و منداڵی كوڕ و كۆكردنەوەی سامانی زۆر لە زێڕ و زیو و مایني نەخشێنراو كە لە دەشت دەلەوەڕێت و حوشتر و مانگا و مەڕ و بزن و زەوی و كێڵگەی كشتوكاڵی، ئەوانەی باسكران خۆشی و جوانییەكانی دونیان، بەڵام جێگای گەڕانەوە و حەوانەوەی جوان و ڕازاوە لای خوایە كە بەهەشتە.

خوای پەروەردگار ئەو شتانەی ڕازاندووەتەوە بۆ تاقیكردنەوەی بەندەكانی، چونكە ڕازاوە و وێستراو نەبووایە خەڵك هەموو تێكڕا گرنگیان پێ نەدەدان و تاقی نەدەكرانەوە، بوخاری بە موعەلەقی لە عومەرەوە ڕیوایەتی كردووە دەڵێت: پەروەردگار ئێمە ناتوانین پێخۆشحاڵ نەبین، چونكە بۆت ڕازاندووینەتەوە، پەروەردگار لێت دەپاڕێمەوە لە كوێ پێویست بوو خەرجی بكەین و ببەخشین; خۆشویستنی ئافرەت تەنها لەبەر ڕابواردن و ڕازاوەییان خراپە، بوخاری و مسلم لە ئوسامەی كوڕی زەیدەوە ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هیچ فیتنە و ئاشوبێكم لە دوای خۆم بەجێنەهێشتووە زیانی زیاتر بێ بۆ پیاوان لە فیتنەی ئافرەت; ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ئافرەتی خۆشویستووە لەبەر ئارەزوو نەبووە، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ كچێكی نەخواستووە عائیشەی دایكی باوەڕداران نەبێت، ئەگەر مەبەستی ئارەزوو و ڕابواردن بووایە دەیتوانی كچی جوان بخوازێت و هیچ ڕێگرییەكیشی نەبوو، ئەحمەد و نەسائی لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان كردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: لە دونیای ئێوە عەتر و بۆنی خۆش و ئافرەتم لا خۆشەویست كراوە، و نوێژكراوەتە بیلبیلەی چاو و هۆكاری دڵ ئارامی و خۆشحاڵیم; وەك دابونەریتی سەردەمی نەفامی نەبووە كە ڕقیان لە ئافرەتان بووە و زیندەبەچاڵیان دەكردن، ژن خواستنەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەر كۆمەڵێك بەرژەوەندی گرنگ بوون لەوانە: دروستكردنی خزمایەتی زیاتر لەگەڵ هۆز و تیرەكانی عەرەب بۆ گەیاندنی بانگەوازی ئیسلام بە هەموویان، و بڵاوكردنەوەی زانستی شەرعی تایبەت بە ئافرەتان و گواستنەوەی هەندێك هەڵوێستی تایبەتی خێزانی و هەندێك حوكمی تایبەت بە ئافرەتان لە ڕێگای خێزانەكانییەوە، دڵنەوایی كردنی هەندێك لەو ئافرەتانە كە

مێردەکانیان وەفاتیان کردبوو وەك ئوم سەلەمە، منداڵ بەتایبەت کوڕ ئەگەر بۆ خۆهەڵنان و شانازیکردن بێت خراپە بەڵام ئەگەر بۆ مەبەستی زیادکردنی ژمارەی ئوممەتی ئیسلام بوو، یان وەك خێر و چاکەیەکی نەبڕاوە پەروەردە بکرێت کە بۆ دوای مردنیش بە سودبن و خێر و نزا و پاڕانەوە بۆ دایك وباوکیان بکەن ئەوە چاکە، [وَٱلْقَنَـٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ] تەبەری لە ئیبن عومەر و ئەبوهورەیرە و موعازەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێن: قینتار هەزار و دوو سەد درهەمە; لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: قینتار هەزار و دوو سەد درهەمی زیو و دوو سەد دیناری زێڕە; سامان کاتێك خراپە کە مرۆڤ تەنها کۆی بکاتەوە و مافی خۆی و ماڵ و منداڵ و زەکاتی لێ دەرنەکات، ئەوەی لەسەری پێویستە بەهۆیەوە لە دەستی بدات و بەجێی نەهێنێت، بەڵام ئەگەر سامان لە شوێن و جێگای خۆی خەرجکرا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ موسڵمان، ئەحمەد و بوخاری لە (الأدب المفرد) و حاکم لە عەمری کوڕی عاصەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموە: چەندە باشە سامانی باش بۆ پیاوی باش; بوخاری لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ] ئەسپی قەڵەو و جوان و کامڵ لە هەموو ڕوویەکەوە; ئەسپ و ماین و سواریەکانی تر کە بۆ فیز و لەخۆبایبوون بێت خراپە، بەڵام ئەگەر بۆ تێکۆشان یان سواری و پێداویستی بەکاربێن باشن، هەروەها هەموو جۆرەکانی تری سامانی دونیا مرۆڤی باوەڕدار دەتوانێت سود و قازانجی ڕێگا پێدراویان لێ ببینێت و مافی خوا و خەڵکی لێ بەجێبهێنێت و پاداشتی زۆریش بەهۆیانەوە بۆ قیامەتی کۆ بکاتەوە.

الله جلّ حدەفەرموێ : (إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقۡتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيۡرِ حَقّٖ وَيَقۡتُلُونَ ٱلَّذِينَ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡقِسۡطِ مِنَ ٱلنَّاسِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ) (أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ) آل عِمرَان : ٢١-٢٢

ئەو کەسانەی بێباوەڕن بە ئایەتەکانی خوا و پێغەمبەران بە ناحەق دەکوژن، و ئەو کەسانە دەکوژن کە فەرمان بە دادگەری دەکەن، مژدەی سزایەکی بە ئێش و ئازاریان پێبدە. ئەو جۆرە کەسانە کردەوەکانیان پووچەڵە و بەفیڕۆ دەڕوات و هیچ سودیان پێناگەیەنێت لە دونیا و دوارۆژیش، کەس نییە پشت و پەنا و سەرخەریان بێت و لە سزای سەخت و بە ئێشی خوا ڕزگاریان بکات.

ئەوەی کە دەفەرموێت: پێغەمبەران بە ناحەق دەکوژن مانای ئەوە نییە کوشتنی هەندێك پێغەمبەر حەقە، بەڵکو بۆ دەرخستنی خراپی ئەو کردەوەیە، ئەحمەد لە ئیبن مەسعودەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەو کەسەی لە ڕۆژی قیامەت تووندترین سزا دەدرێت کەسێکە کە: پێغەمبەرێك کوشتبێتی، یان ئەو پێغەمبەرێکی کوشتبێت، پێشەوای گومڕاکار، وێنەکێشێك کە وێنە بکێشێت.

الله تعالى دەفەرموێ : (فَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْأٓخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ) آل عِمرَان : ٥٦

جا ئەو کەسانەی کە بێباوەڕبوون سزایەکی تووندیان دەدەم لە دونیا و دوارۆژیش، کەس سەرخەر و پشت و پەنایان نییە دەربازیان بکات لە سزای خوا

زانایان دەڵێن: سزای دونیای ئەو کەسانە بریتییە لەو ڕاڕای و ترس و دڵەڕاوکێ و پەشیمانی و دڵتەنگی و سەختییەی کە تووشی دەبن، یان ئەوەیە کە بە دەستی موسڵمانانەوە تووشی کوشتن و بە دیلگیران و سەرانە لێسەندن دەبنەوە.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ ۚ وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ وَلَٰكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ) آل عِمرَان : ١١٧

نموونەی ئەوەی کە بێباوەڕان دەیبەخشن لەم ژیانی دونیایەدا وەك نموونەی بایەکی توندی زۆر سارد کە دەنگ و گڤەگڤێکی گەورەی لێوەبێت و بدات لە کێڵگەی کشتوکاڵی ئەو کەسانەی ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردووە و هەمووی بفەوتێنێ و لە ناوی ببات، خوا ستەمی لێنەکردوون بەڵکو خۆیان ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردووە.

ئەم ئایەتە نموونەی ئەو سامانانە دەهێنێتە پێش چاو کە بێباوەڕ بەخشیویەتی و لای پەروەردگار هیچ سودی پێناگەیەنێت، لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری ناکات، هەموو ئەوەی کە بەخشیویەتی لەبەر ڕیایی و ناوبانگ و پیاهەڵدان یان هەر هۆکارێکی تر بووە سەرەڕای ئەوەی کە بێباوەڕبوون، وەك کێڵگەیەکی کشتوکاڵی وایە کە بایەکی توندی پڕ سەرما و سۆڵە لێی دابێت و سوتاندبێتی و هیچی لێ دەرنەچووبێت و بەرهەمی نەبێت، ئیبن عوسەیمین دەڵێت: بنەمای قیاسکردن پەیوەستکردنی بەشە بە بنەمایەکەوە لەبەر هۆکارێك کە کۆیان دەکاتەوە، هەموو نموونەیەك کە خوای گەورە هێناویەتی لە قورئاندا بەڵگەیە لەسەر قیاسکردن، چونکە گەڕاندنەوە و وابەستەکردنی ئەو شتەیە کە چوێندراوە بەو شتەی پێوەی چوێندراوە، بەوەش ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر قیاسکردن.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا ۗ وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلْءَاخِرَةِ نُؤْتِهِۦ مِنْهَا ۚ وَسَنَجْزِى ٱلشَّٰكِرِينَ)

آل عِمرَان : ١٤٥

هیچ کەس بەبێ ئیزن و فەرمانی خوا نەبێت نامرێت و کاتی مردن نوسراوە و تۆمارکراوە و پاش و پێش ناکەوێت، هەرکەس پاداشتی دونیای بوێت هەندێك لە دونیای پێدەدەین، هەرکەس پاداشتی دوارۆژی بوێت پاداشتی دەدەینەوە بەگوێرەی کردەوەکانی، پاداشتی کەسانی شوکرانە بژێر دەدەینەوە بەوشێوەیەی بەڵێنمان پێداون . ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە ڕۆژ و کاتی مردنی هەموو مرۆڤ و زیندەوەرێك دیاریکراوە تەنها بۆ یەك ساتیش نەپێش و نەپاش ناکەوێت، بەڵام هەندێك فەرموودە هاتووە باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەر مرۆڤ سیلەی ڕەحمی نەپچڕێنێت تەمەنی درێژ دەبێتەوە، تەبەرانی لە ئەبوئومامەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: چاکەکاری مرۆڤ دەپارێزێت لە تیاچوونی خراپ، بەخشینی پەنهان تورەیی خوا دەکوژێنێتەوە، سیلەی ڕەحم تەمەن زیاد دەکات; بوخاری و مسلم لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: کێ پێی خۆشە خوا ڕۆزی فراوان بکات و تەمەنی درێژ بکاتەوە و مردنی دوابخات با سیلەی ڕەحمی بگەیەنێت; ئایا ئەم ئایەتە ماناکەی دژە لەگەڵ ئەم فەرموودانە؟ دەڵێین: نەخێر تەمەنی مرۆڤ دیاریکراوە و پاش و پێش ناکەوێت بەڵام ئەو مرۆڤەی سیلەی ڕەحمی ناپچڕێنێت و دەیگەیەنێت خوای میهرەبان تەمەنی درێژ دەکات، واتە: خوا تەمەن درێژی ئەو کەسەی پەیوەستکردووە بەگەیاندنی سیلەی ڕەحمییەوە ئەگەر هۆکارەکەی جێبەجێ بکات خوا تەمەنی درێژ دەکات، گەیاندنی سیلەی ڕەحم هۆکاری تەمەن درێژییە و لای خوا زانراوە و دیاریکراوە کێ ئەو هۆکارە بەکار دەهێنێت و کێ بەکاری ناهێنێت، گوتراوە: تەمەن درێژی مانای بەرەکەتە، بەڵام مانای یەکەم ڕاستترە.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (وَلَقَدۡ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥٓ إِذۡ تَحُسُّونَهُم بِإِذۡنِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلۡتُمۡ وَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ وَعَصَيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنۡيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۚ ثُمَّ صَرَفَكُمۡ عَنۡهُمۡ لِيَبۡتَلِيَكُمۡۖ وَلَقَدۡ عَفَا عَنكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ) آل عِمرَان : ١٥٢

بێگومان خوا بەڵێنی سەرکەوتن و کوشتن و قەڵاچۆکردنی دوژمنانی بەجێهێنا بۆتان سەرەتای ڕۆژ سەرکەوتن بە سەرياندا، هەتاکو هەرەستان کرد و ناکۆکبوون و مقۆمقۆ کەوتە نێوانتان لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانی پێغەمبەری خوا و سەرپێچیتان کرد، ئەوەی پێتان خۆشبوو پیشانیدان و سەرکەوتن بەسەرياندا و ماڵ و سامانیان بەدەستکەوت گیرا، هەندێکتان پاداشتی دونیای دەوێت و هەندێکتان پاداشتی دوارۆژ، پاشان ئێوەی لەوان لادا بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە، بەدڵنیاییەوە لێتان خۆشبووە، خوا خاوەن فەزڵە بەسەر باوەڕدارانەوە. بوخاری لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: مامم واتە: ئەنەسی کوڕی نەزر لە بەدردا بەشدار نەبوو، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من لە یەکەم جەنگت لە دژی بێباوەڕان ئامادە نەبووم، ئەگەر خوا ئامادەیی جەنگێکم بکات خوا دەزانێ چی دەکەم، ئامادەی ئوحود بوو، خەڵك شکان، گوتی: خوایە من پۆزشت بۆ دەهێنمەوە و داوای لێبوردن دەکەم لەوەی ئەو خەڵکە وادەکەن، مەبەستی موسڵمانان بوو، من بەریم لەوەی هاوبەش بڕیاردەران پەیڕەوی دەکەن، بە شمشێرەکەیەوە پێشکەوت و سەعدی کوڕی موعازی بینی گوتی: سەعد بۆ کوێ دەڕۆیت؟ من بۆنی بەهەشت هەست پێدەکەم لای ئوحودەوە، ڕۆشت و کوژرا، نەناسرایەوە بەهۆی ئەو هەموو برینەی لە جەستەی کەوتبوو هەتاکو خوشکەکەی ناسییەوە بە نیشانەیەك یان پەنجەکانی، هاوبەش بڕیاردەران لاشەیان شێواندبوو، زیاتر لە هەشتا برین و لێدانی پێوەبوو، ئەنەس دەڵێت ئێمە وامان دەبینی یان گومانمان وابوو ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو و هاوشێوەکانی دابەزی: [مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا ٢٣]; ئەحمەد لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە دەڵێت: لە هیچ شوێنێك خوا موسڵمانانی سەرنەخستووە وەك لە ئوحود سەریخستن، هەندێك نکۆڵیان کرد، ئیبن عەباس گوتی: نێوان من و ئەوکەسەی نکۆڵی دەکات کتێبەکەی خوایە، خوا دەربارەی ڕۆژی ئوحود دەفەرموێت: [وَلَقَدۡ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥٓ إِذۡ تَحُسُّونَهُم بِإِذۡنِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلۡتُمۡ وَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ وَعَصَيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا

تُحِبُّونَۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنۡيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۚ ثُمَّ صَرَفَكُمۡ عَنۡهُمۡ لِيَبۡتَلِيَكُمۡۖ وَلَقَدۡ عَفَا عَنكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٥٢] مەبەستی ئەم ئایەتە تیرهاوێژەکان بوو،کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوشوێنەی بۆ دیاریکردن و پێی فەرموون: پشتمان بپارێزن و ئەگەر بینیتان کوژراین سەرمان مەخەن، ئەگەر بینیتان دەستکەوتمان کۆکردەوە بەشداریمان لەگەڵدا مەکەن، کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستکەوتی بەدەستهێنا لە بێباوەڕان و سوپای بێباوەڕانی تێکشکاند، تیرهاوێژەکان دابەزینە شەڕگەکە و دەستیان بەدەستکەوت کۆکردنەوە کرد، هەموو هێڵەکانی سوپای موسڵمانان بە پێشەوایەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەیەك گەیشتن و لە یەك نزیکبوونەوە، بەوشێوەیە بوون (هەموو پەنجەکانی پێکەوە لکاند)، کاتێك تیرهاوێژەکان ئەوشوێنەیان چۆڵکرد کە لێی دانرابوون، ئەسپ سوارەکان لەو شوێنەوە دایان بەسەر هاوەڵانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، بە یەکیانددادا و زۆرێك لە موسڵمانان کوژران، لە کاتێکدا سەرەتای ڕۆژ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی سەرکەوتبوون و حەوت یان نۆیان لە بێباوەڕان کوشت و موسڵمانان ڕایان مانین و ڕووە و شاخەکە هەڵهاتن; ئەحمەد لە ئیبن مەسعودەوە ڕیوایەتی کردووە ئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە دەڵێت : من وام نەدەبینی هیچ کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دونیای دەوێت هەتاکو ئەوە دەربارەمان دابەزی کە لە ئوحود دابەزی: [مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنۡيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۚ]; [وَلَقَدۡ عَفَا عَنكُمۡۗ] بوخاری لە عوسمانی کوڕی مەوهیبەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پیاوێکی خەڵکی مصر هات بۆ حەج (ئیبن عوسەیمین دەڵێت: خەوارج بوو) بینی کۆمەڵێك خەڵك دانیشتبوون، گوتی: ئەو خەڵکانە کێن؟ گوتیان: ئەوانە قورەیشین،

گوتی: کێ شێخ و مامۆستایانە، گوتیان: عبداللەی کوڕی عومەر، گوتی: ئەی ئیبن عومەر من پرسیارت لێدەکەم دەربارەی شتێك دەزانیت عوسمان لە ڕۆژی ئوحود ڕایکرد؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: دەزانی ئامادەی بەدر نەبوو و بەشداری نەکرد؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: دەزانی ئامادەی (بیعة الرضوان) نەبوو؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: (الله أكبر)، ئیبن عومەر گوتی: وەرە بابۆتی ڕوون بکەمەوە، هەڵهاتنی لە ڕۆژی ئوحود گەواهی دەدەم کە خوا بەخشیویەتی و لێی خۆشبووە، ئامادەنەبوونی لە بەدر خێزانەکەی کە کچی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) نەخۆش بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: بێگومان تۆ پاداشتی کەسێکت هەیە کە ئامادەی بەدر بووبێت و پشکی لە دەستکەوتی شەڕی پێدا، ئامادەنەبوونی لە (بیعة الرضوان) ئەگەر کەسێك لە شیوی مەکەکە ئازا و بەجەرگتربووایە لە عوسمان لە بری ئەو دەینارد بۆ لای قورەیش، لەبەر ئەوە

پێغەمبەری خوا (ﷺ) عوسمانی نارد، (بیعة الرضوان) دوای ئەوە بوو عوسمان چوو بۆ مەککە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی ڕاستی فەرمووی: ئەمە دەستی عوسمانە و دای لە دەستی و فەرمووی: ئەمە بۆ عوسمان، ئیبن عومەر: پێی گوت: ئەمە ببە لەگەڵ خۆت.

اللە عزّ وجل دەفەرموێ : (﴿فَلْيُقَٰتِلْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يَشْرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْءَاخِرَةِۚ وَمَن يُقَٰتِلْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا) النِّسَاء : ٧٤

با بجەنگن لە ڕێگای خوا ئەو کەسانەی ژیانی دونیایان فرۆشتووە بۆ بە دەستهێنانی قیامەتیان، هەرکەس لە پێناوی ڕێگای خوادا بجەنگێت، بکوژرێت یان سەربکەوێت ئێمە پاداشتی گەورەی دەدەینەوە.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓاْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ۗ قُلْ مَتَٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْأٓخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا) النِّسَاء : ٧٧

ئایا نازانیت و سەرت سوڕنامێنیت لە ئەو کەسانەی پێیان گوترا: دەستتان بگرنەوە لە شەڕ و جەنگان، و نوێژەکانتان بەوشێوەی فەرمانتان پێکراوە ئەنجامبدەن، و زەکاتی سامانەکانتان ببەخشن، بەڵام کاتێك جەنگیان لەسەر پێویستکرا، کۆمەڵێکیان لە خەڵك دەترسان وەك ترسانیان لە خوا یاخود زیاتر دەترسان، گوتیان: پەروەردگارمان بۆچی جەنگانت لەسەر پێویستکردین، خۆزگە مۆڵەتت دابایە هەتاکو خۆمان دەمردین نەوەك بەشەڕ و کوشتار تیابچین، بڵێ: ڕابواردن و ژیانی دونیا کەمە، قیامەت باشترە بۆ ئەوانەی پارێزکارن و لە خوا دەترسن، هێندەی کێشی ئەو دەزووەی لەسەر شەقی ناوکە خورمایە ستەمتان لێناکرێت.

نەسائی لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: عبدالرحمانی کوڕی عەوف و هەندێك هاوەڵی کاتێك لە مەککە بوون هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە بەهێز و توانا بووین کاتێك هاوبەش بڕیاردەر بووین، کاتێك باوەڕمان هێنا تووشی زەبوونی بووین، فەرمووی: بێگومان من فەرمانم پێکراوە بە لێبوردەیی، شەڕ مەکەن، کاتێك کۆچمان کرد بۆ مەدینە، فەرمانی پێکردین بە جەنگان، دەستیان لە شەڕکردن گرتەوە، خوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند: [أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓاْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ]; ئەم ئایەتە باسی حاڵی هەندێك لەو هاوەڵە بەڕێزانە دەکات کە لە مەککە تامەزرۆی ڕووبەڕووبوونەوەی بێباوەڕان بوون، بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەو هەمووستەمەیان لێبکەنەوە کە لە خۆیان و برا هاوئایینەکانیان دەکرا، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە: کەمی ژمارەیان، بوونیان لە شاری مەککە کە حەرامە شەڕی تێدا بکرێت، ڕێگایان پێنەدرا بجەنگن لەگەڵیان، بەڵام کاتێك کۆچیان کرد بۆ مەدینە خوا جەنگانی لە دژی بێباوەڕان پێویستکرد، هەندێکیان خۆزگەیان خواست تووشی شەڕ نەبوونایە و ترسان لە بێباوەڕان، خوا هانیدان بەوەی هەموو ژیانی دونیا بە بەراورد بە ژیانی نەبڕاوەی قیامەت کەمە و شایان نییە لەبەر ئەو ژیانە کەمەی دونیا پاداشتی نەبڕاوەی قیامەت

له دەستی خۆتان دەربکەن، مسلم له موستەورەدی کوڕی شەدادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سوێند بە خوا ژیانی دونیا لە چاو ژیانی دوارۆژ وەك ئەوەیە کەسێکتان پەنجەی بکات بە ئاوی دەریادا، با سەیر بکات ئاوی سەرپەنجەی چەندە لە ئاستی ئاوی دەریاکە!.

اللە تعالی دەفەرموێ : (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَـٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ ۚ كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا)

النِّسَاء : ٩٤

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر بەڕێکەوتن بۆ تێکۆشان و جیهاد لە پێناوی ڕێگای خوا، لەسەرخۆبن و پەلە مەکەن و لێکۆڵینەوە بکەن، بە کەسێك کە سەلامتان لێدەکات مەڵێن: تۆ باوەڕدارنیت، لەوەدا مەبەستتان بەدەست خستنی سامانی دونیا بێت، لای خوا دەستکەوتی زۆر هەیە، لە پێشدا ئێوەش بەوشێوەیە بوون خوا مننەتی خۆی بەسەردا کردن، بۆیە وردکاربن و لێبکۆڵنەوە، بێگومان خوا شارەزایە بەوەی ئەنجامی دەدەن. بوخاری و مسلم لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: [وَلَا تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَـٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا]، دەربارەی پیاوێك دابەزی ڕانە مەڕێکی پێ بوو، موسڵمانان پێی گەیشتن، گوتی: (السلام علیکم)، کوشتیان و ئاژەڵەکانیان برد، خوا ئەوەی دابەزاند هەتاکو: [عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا] واتە: مەبەستیان ئەو ئاژەڵانە بوو; ئەحمەد و بەیهەقی و تەبەرانی لە عبداللەی کوڕی ئەبوحەدردەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردمانی بۆ شیوی (إضم) کە نزیکەی یەك شەو ڕێگا لە مەدینەوە دوورە، لەگەڵ کۆمەڵێك لە موسڵمانان دەرچووین ئەبوقەتادە حارسی کوڕی ڕبعی و موحەلیم کوڕی جەسامەمان لەگەڵ بوو، ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە دۆڵی (إضم)، عامری ئەشجەعی لەسەر حوشترەکەی بەلامانداو تێپەڕی سەلامی لێکردین، بڕێك پێداویستی و ناومالە و قاپی پێ بوو، وەڵاممان نەدایەوە، موحەلیم کوڕی جەسامە پەلاماریدا و کوشتی لەسەر کێشەیەك کە لە نێوانیاندا هەبوو، حوشترەکەی و ئەوەی کە پێی بوو بردی، کە گەڕاینەوە بۆ لای

پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەو باسەمان بۆ گێڕایەوە، ئایەتی قورئان دەربارەمان دابەزی: [يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنٗا تَبۡتَغُونَ عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٞۚ كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبۡلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَتَبَيَّنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ٩٤]; ئیبن حەجەر لە (فتح الباری)(259/8)دا دەڵێت: ئەمە باسێکی تڕە، و هیچ ڕێگرێك نییە کە ئایەتەکە لەسەر هەردوو باسەکە دابەزی بێت; ترمزی لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پیاوێك لە هۆزی (بەنو سلیم) بەلای هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تێپەڕی ڕانە مەڕێکی پێ بوو، سەلامی لێکردن، گوتیان: لەبەر ئەوە سەلامتان لێدەکات، بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە دەستتان، هەستان کوشتیان و ئاژەڵەکانیان برد، هێنایان بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: [يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنٗا]; ئەم ئایەتە وانەی زۆر گرنگی تێدایە بۆ موسڵمانان کە پەلە نەکەن لە کافرکردنی خەڵك پێش ئەوەی ساغ ببێتەوە بۆیان و گومان لەو پرسەدا نەمێنێت، شایانی باسە ئەمە هەموو بوارەکانی ئاین و ژیانیش دەگرێتەوە، بەیهەقی لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: لەسەرخۆیی لە خواوەیە، پەلەکردنیش لە شەیتانەوەیە; بەڵام ئێستا جێگای داخە هەندێك کەسی کەم تەمەن و دوور لە زانستی شەرعی بە کەمترین گومان خەڵك لە بازنەی ئیسلام دەردەکەن، هەندێکیان لەبەر حەز و ئارەزوو و تۆڵەکردنەوە بۆ نەفس و خۆ دەرخستن، هەندێك لەبەر نەفامی و گرنگ نەبوونی ئەو پرسە بە لایانەوە، بوخاری و مسلم لە میقدادی کوڕی ئەسوەدەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: گوتم، ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر گەیشتم بە بێباوەڕێك و جەنگا لەگەڵم، بە شمشێرەکەی دای لە دەستێکم و قرتاندی، پاشان لێم هەڵبێت و پەنا بباتە پشت دارێك و بڵێت: موسڵمان بووم و ملکەچی خوا بووم، ئایا بیکوژم ئەی پێغەمبەری خوا دوای ئەوە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: مەیکوژە، دەڵێت، گوتم: ئەو دەستی قرتاندووم؟! فەرمووی: مەیکوژە، ئەگەر کوشتت، بێگومان ئەو لە شوێنی تۆیە پێش ئەوەی بیکوژێت، واتە: موسڵمان بووە و خوێنی حەرام دەبێت، تۆش لە شوێنی ئەویت پێش ئەوەی ئەو ڕستەیە بڵێت، واتە: ڕشتنی خوێنت حەڵاڵ دەبێت، وەك چۆن ڕشتنی خوێنی بێباوەڕ حەڵاڵە لە جەنگدا; بەڵگەی ئەوەشی تێدایە موسڵمانان ڕوالەتیان لەسەرە، ئەگەر کەسێك بە ئاشکرا موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند و ئەوەی لەسەری پێویستە ئەنجامیدا، قسە لەسەر ناخی ناکرێت بۆ خوا بەجێ دەهێڵدرێت.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (هَـٰٓأَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ جَـٰدَلْتُمْ عَنْهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَمَن يُجَـٰدِلُ ٱللَّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا) النِّسَاء : ١٠٩

ئەگەر ئێوە مشتومڕ و دەمەقاڵێتان کرد لەسەریان لە ژیانی دونیادا، ئەی کێ لەگەڵ خوا مشتومڕیان لەسەر دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا، یاخود کێ دەبێتە بریکاریان و کاروکردەوەیان لە ئەستۆ دەگرێت.

ئەم ئایەتە بەڵگەی حەرامی کاری ئەو پارێزەرانەی تێدایە کە بە کرێ دەگیرێن بۆ ئەوەی داکۆکی بکەن لە کرێ گرتەکەیان، ئەگەرچی پرسەکەشیان ناڕەوا بێت، بۆ ئەوەی بە هەرچ فێڵ و تەڵەکەیەك بێت دادوەر قایل بکەن کە ئەو پرسە ڕەوایە، بەڵام ئەگەر بۆ داکۆکی بێت لە مافێکی خوراو دروستە بەڵکو لەوانەیە واجب بێت لەسەری، وەك ئەوەی کەسێك بیکاتە بریکار و خۆی نەتوانێت مافە خوراوەکەی وەربگرێتەوە.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ ثَوَابُ ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا) النِّسَاء : ١٣٤

هەرکەسێك پاداشتی دونیای دەوێت، ئەوا پاداشتی دونیا و دوارۆژیش لای خوایە، خوا بیسەر و بینایە.

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە هەموو پلەوپایە و سامان و دەسەڵاتی دونیا و پاداشتی دوارۆژ بە دەستی خوایە، بۆیە دەبێت بۆ بەدەست هێنانی مەبەستە دونیایەکانیش پشت بە خوا ببەسترێت، دڵنیابن کەس بەبێ مۆڵەتی خوا ناتوانێت هیچ سود و زیانێك بە مرۆڤ بگەیەنێت، ئەحمەد و ترمزی لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموم: بزانە ئەگەر هەموو خەڵك کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن سودت

پێ بگەیەنن ئەوە نەبێت کە خوا بۆی نوسیویت، ئەگەر هەموویان کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن ئەوە نەبێت کە خوا بۆی نوسیویت.

اللە تعالی دەفەرموێ : (إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ) المَائدة : ٣٣

بێگومان پاداشتی ئەو کەسانەی دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن و هەوڵی نانەوەی بشێوی و تێکدان دەدەن لەسەر زەوی ئەوەیە: بکوژرێن، یان لە خاچ بدرێن، یان دەست و پێیان بە چەپ و ڕاست ببڕدرێت، یان لەو سەر زەمینە دوور بخرێنەوە، ئەو کەسانە لە دونیا سەرشۆڕ و ڕیسوان، لە دواڕۆژیشدا سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە. نەسائی لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: ئەو ئایەتە کە خوا دەفەرموێت: [إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ] دەربارەی هاوبەش بڕیاردەران دابەزیوە، هەرکەسێکیان تەوبە بکات پێش ئەوەی دەستگیر بکرێن، ئەوا خوا لێی خۆش دەبێت، ئەم ئایەتە بۆ موسڵمان نییە، ئەگەر موسڵمانێك خەڵك بکوژێت و ئاشوب و بشێوی بنێتەوە لەسەر زەوی، دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات، پاشان پێش ئەوەی دەستگیر بکرێت پەیوەندی بکات بە بێباوەڕانەوە، ئەوە نابێتە ڕێگری ئەوەی ئەو سزا حەددەی لەسەری پێویستە بەسەریدا جێبەجێ نەکرێت; بوخاری و مسلم لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: کەسانێك لە (عکل) و(عرینە) هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) موسڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە خەڵکی ئاژەڵدارین و کشتوکاڵ نازانین، سکاڵای گەرمی شاری مەدینەیان کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد نزیکەی دە حوشتریان پێدان، شوانێکی لەگەڵ ناردن، فەرمانی کرد لە مەدینە دەربچن، لە شیر و میزی ئەو حوشترانە بخۆنەوە، ڕۆیشتن لە (الحرە)ی دەوروبەری مەدینە مانەوە، لە ئیسلامەتییەکەیان پاشگەزبوونەوە، شوانەکەی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) کوشت و حوشترەکانیان برد، هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بە شوێنیاندا; لە ڕیوایەتی مسلم دا هاتووە: چاویانی بە بزماری گەرمکراو ڕەشت و کوێری کردن لەبەر ئەوەی ئەوان بەوشێوەیە چاوی شوانەکەیان دەرکردبوو; لە ڕیوایەتی ئەبوداود هاتووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: خوا لەوبارەیەوە ئەم ئایەتەی دابەزاند: [إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا]; ئەبوداود و نەسائی لە ئیبن عومەرەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: کەسانێك

دایان بەسەر حوشترەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دایانلەبەر و لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە و شوانە باوەڕدارەکەی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) کوشت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بە دوایاندا، دەست و پێی بڕین و چاویانی بە بزماری گەرمکراو کوێر کرد، ئایەتی (المحاربە)یان لەسەر دابەزی; ئەم ئایەتە بە ئایەتی (المحاربة) بە ناوبانگە، زانایان ناکۆکن لە چۆنییەتی پیادەکردنی ئەو سزایانەی لە ئایەتەکەدا باسکراوە، هەندێك دەڵێن: لە دەسەڵاتی کاربەدەستانە جێبەجێکردنی ئەو سزایانە و سەرپشکن، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی موسڵمانان و حاڵی تاوانبارەکان کام سزایان بە شایستە بزانێت بە سەریاندا دەسەپێنێت و ئەم بۆچوونە پەسەندترە، هەندێکی تریان دەڵێن: [أَوْ] بۆ دیاریکردنی جۆری سزاکەیە نەوەك بۆ سەرپشککردن، ئەم سزایانە بەپێی جۆری تاوانەکە دەگۆڕێت، هەرکەسێك خەڵك بکوژێت و سامانیان داگیر بکات، دەکوژرێت و لە خاچ دەدرێت، هەرکەس خەڵك بکوژێت و سامانی خەڵك نەبات دەکوژرێت و لە خاچ نادرێت، ئەگەر سامانیان ببەن و نەیان کوژن دەست و پێیان بەچەپ و ڕاست دەبڕدرێت، ئەگەر تەنها خەڵك بترسێنن و خەڵك نەکوژن و سامانیان نەبەن، لەو ناوچەیە دوور دەخرێنەوە.

الله جلّ حدەفەرموێ : (﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْۛ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦۖ يَقُولُونَ إِنۡ أُوتِيتُمۡ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمۡ تُؤۡتَوۡهُ فَٱحۡذَرُواْۚ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗاۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡۚ لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ المَائدة :٤١

ئەی پێغەمبەری خوا خەمبار و دڵتەنگت نەکەن ئەو کەسانەی بە پەلەن بۆ هەڵبژاردنی بێباوەڕی، ئەوانەی بە زارەکی گوتیان: باوەڕمان هێناوە، بەڵام لە دڵەوە باوەڕیان نەهێنا بوو، هەروەها هەندێك لە جوولەکەکان کە زۆر گوێ بۆ درۆ و دەلەسەی دەم سپییەکانیان دەگرن و گوێ بۆ کۆمەڵە کەسانێك دەگرن کە نەهاتوون بۆ لای تۆ لەبەر خۆ بەگەورە زانینیان، مانا و مەبەستی فەرموودەی خوا لە تەوراتدا دەگۆڕن و تێکیدەدەن وڵێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن، دەڵێن: ئەگەر محمد حوکمی لێدانی جەڵدەی بۆدان لە بری ڕەجمکردن وەری بگرن، ئەگەر حوکمێکی تری بۆدان وریایبن، ئەگەر کەسێك خوا بیەوێت تووشی گومڕایی بکات تۆ هیچت لای خوا پێناکرێت بۆی، ئەوانە کەسانێکن خوا نەیویست دڵەکانیان پاك بکاتەوە، لە دونیادا ڕیسوا و سەرشۆڕن، لە دواڕۆژیشدا سزایەکی زۆر گەورە و سەختیان بۆ هەیە.

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە دڵ جێگای باوەڕە، کەسێك ئەگەر باوەڕ لە دڵیدا نەبێت قسەی زارەکی سودی پێناگەیەنێت، بەڵکو ئەو کەسانەی کە بەوشێوەیەن کەسانێکی دووڕووون و سزایان لە کەسانێکی بێباوەڕ سەختترە، [وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ] ئیبن عوسەیمین دەڵێت: مانای ئەوەیە لە تاوان و خراپەکاری پەشیمانبوونەوە و دەستمان هەڵگرت و بۆلای تۆ گەڕانەوە، و(الیهود) خۆ دانەپاڵ (یهوذا)ی باوکیانە; هەندێك لە جوولەکەکان خۆش باوەڕبوون بە هەموو درۆیەکی زانا و حاخامەکانیان باوەڕیان دەکرد، کەسانێکی لووتبەرز و خۆ بەگەورە زانیان تێدا بوو نەدەهاتن بۆ کۆڕی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ڕاستییەکانیان ئاوەژوو دەکرد و فەرموودەی خوایان دەگۆڕی و ماناکەیان تێکدەدا، ئەم ئایەتە هەڕەشەی ئەوەی تێدایە بۆ موسڵمانانیش کە ئەگەر مانا و مەبەستەکانی قورئان و سوننەت تێك بدەن و لێکدانەوەی پێچەوانەی مەبەستی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بۆ بکەن هاوشێوەی جوولەکەکانن لەو سیفەتەدا، کەسانێك ئەگەر ئەوە سیفەتیان بێت خوا تووشی گومڕایی و ڕاڕایان دەکات و لە

دونیادا ڕیسوا و سەرشۆڕیان دەکات و لە دواڕۆژیشدا ڕووبەڕووی سزای سەختی خوا دەبنەوە، مسلم لە بەرائی کوڕی عازبەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: جوولەکەیەکیان بەلای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تێپەڕاند و ڕوخساریان ڕەش کردبوو، جەڵدەیان لێدا بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی کردن، فەرمووی: ئایا حوکمی ئەو کەسەی زینا بکات لە کتێبەکەتاندا بەوشێوەیە؟ گوتیان: بەڵێ، بانگی کەسێکی لە زاناکانیان کرد و پێی فەرموو: سوێندت دەدەم بە خوا کە تەوراتی دابەزاندووەتە سەر پێغەمبەر موسا، ئایا حوکمی ئەو کەسەی زینا بکات لە کتێبەکەتاندا بەوشێوەیە؟ گوتی: نەخێر، ئەگەر سوێندت نەدابام بە خوا ئەو ڕاستییەم بۆ باس نەدەکردیت!، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسانی خاوەن پلەوپایەی کۆمەڵایەتی زیناکارییان تیادا زیادی کرد، ئێمە ئەگەر ئەو کەسانەی خاوەن پلەوپایەبوون زینایان بکردایە هیچمان بەرامبەریان نەدەکردن، ئەگەر کەسانی لاواز و بێ دەسەڵات زینایان بکردایە حەدمان بەسەریاندا دەسەپاند، لەبەر ئەوە ڕێککەوتین لەسەر شتێك کە بەسەر هەمووماندا دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتدا بیسەپێنین، ئیتر ڕەشکردنی ڕوخسار و جەڵدمان لەبری ڕەجم داهێنا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: پەروەردگارا من یەکەم کەسم کە فەرمانی تۆ زیندوو دەکەمەوە کە ئەوان گۆڕیویانە، فەرمانی کرد ڕەجمیان کرد، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: [۞يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْۛ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦۖ يَقُولُونَ إِنۡ أُوتِيتُمۡ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمۡ تُؤۡتَوۡهُ فَٱحۡذَرُواْۚ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗاۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡۚ لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٤١]، دەیانگوت: بچن بۆ لای محمد ئەگەر فەرمانی پێکردن بە ڕەشکردنی ڕوخسار و جەڵدە لێدان حوکمەکەی وەربگرن، بەڵام ئەگەر فەتوایدا بە ڕەجمکردن وریابن وەری مەگرن، خوا ئەم ئایەتانەی دابەزاند: [وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٤٤]، [وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٤٥]، [وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٤٧] هەموو ئەو ئایەتانە دەربارەی بێباوەڕان دابەزیون;

بوخاری و مسلم له ئیبن عومەرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پیاو و ژنێکی جوولەکەیان هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) زینایان کردبوو دوای ئەوەی هەریەکەیان پێشتر هاوسەرگیری کردبوو، جوولەکەکان لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆبوونەوە، فەرمووی لە تەوراتدا حوکمی زیناکار چییە، گوتیان ڕوخساریان ڕەش دەکەین و بەپێچەوانەوە سواریان دەکەین و دەیانگەڕێنین بە شاردا، فەرمووی: تەورات بهێنن ئەگەر ڕاست دەکەن، هێنایان و خوێندیانەوە، هەتاکو گەیشتنە ئایەتی ڕەجم، ئەو گەنجەی کە تەوراتەکەی دەخوێندەوە پەنجەی خستە سەر ئایەتی ڕەجم و ئایەتەکانی دوای ئەوەش، عبداللەی کوڕی سەلام لای پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ)، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا فەرمانی پێ بکە دەستی هەڵبگرێت، دەستی بەرزکردەوە، بینی ئایەتی ڕەجم لە ژێر دەستیدا بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد ڕەجمیان کردن.

اللە حدەفەرموێ : (وَقَالُوٓاْ إِنۡ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا وَمَا نَحۡنُ بِمَبۡعُوثِينَ) (وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمۡۚ قَالَ أَلَيۡسَ هَٰذَا بِٱلۡحَقِّۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ) الأنعَام : ٢٩-٣٠

دەیانگوت: جگە لەم ژیانەی دونیامان ژیانی تر بوونی نییە، ئێمە دوای مردن زیندوو ناکرێینەوە. ئەگەر بیان بینی کاتێك ڕاگیراون لەبەر دەستی پەروەردگاریان، خوا پێیان دەفەرموێت: ئایا ئەمە ڕاست نییە، دەڵێن: بەڵێ سوێند بە تۆ ئەی پەروەردگارمان، فەرمووی: دە بچێژن سزای ئاگری دۆزەخ بەهۆی ئەوەی بێباوەڕبوون بە ئایەتەکانی خوا و باوەڕتان بەمە نەبوو کە ئێستا دەیبینن. کەسانێك هەیە ئەگەر باسی قەبر و قیامەتی بۆ بکرێت دەڵێت: کێ لە قەبرەوە یان لە قیامەتەوە هاتووەتەوە؟!، ئەم گوتەیە مانای نکۆڵیکردنی زیندووبوونەوەی تێدایە، دەبێت موسڵمان دووربێت لە هاوشێوەی ئەو دەربڕینە گوماناویە ناڕەوایانە، ئەگەر زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە نەبووایە ژیان هیچ مانایەکی نەدەبوو، چونکە زۆر جار موسڵمان ستەم و ناسۆر و ژان و سنوربەزاندن دەبینێت ئەگەر وێستگەیەك نەبێت بۆ لێپرسینەوە و پاداشت و سزا ئەوا هەموو مافەکان ون دەبوون و کەسانێکی زۆر ستەم دیدە و ماف خوراو دەبوون، کۆمەڵە کەسێکیش لە سزا ڕزگاریان دەبوو.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَعِبٗا وَلَهۡوٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ وَذَكِّرۡ بِهِۦٓ أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْۖ لَهُمۡ شَرَابٞ مِّنۡ حَمِيمٖ وَعَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ) الأنعَام : ٧٠

واز بهێنه لەو کەسانەی ئاینەکەیان کردووەتە گاڵتە و گەپ و ژیانی دونیا فریویداون و لەخشتەی بردوون، ئەی پێغەمبەر بەم قورئانە بیریان بخەرەوە و ئامۆژگارییان بکە بۆ ئەوەی نەفسیان نەبێتە بارمتەی ئەو کردەوە خراپانە کە ئەنجامیان داوە، کەس نییە جگە لە خوا پشت و پەنا بێت و بە هانایانەوە بچێت و کەسیش تکاکاریان نییە، ئەگەر هەرچی سامان هەیە بیبەخشێت بۆ ئەوەی قەرەبووی تاوانەکانی بکاتەوە و خۆی لە سزای دۆزەخ پێ ڕزگار بکات لێی وەرناگیرێت، ئەو کەسانە بارمتەی سزای تاوانەکانیانن و تیاچوون لەبەر ئەو کردەوە خراپانەی ئەنجامیان دابوو، ئەو کەسانە خواردنەوەی کوڵاو و سزای زۆر بەئێش و ئازاریان بۆ هەیە لەبەر ئەوەی بێباوەڕبوون.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ) الأنعام : ١٣٠

ئەی کۆمەڵانی جن و مرۆڤ ئایا پێغەمبەرتان لە خۆتان بۆ ڕەوانە نەکراوە کە بەڵگە و نیشانەکانی منتان بەسەردا بخوێننەوە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی سزام لەم ڕۆژە بتانترسێنن، گوتیان: گەواهی لەسەر خۆمان دەدەین، ژیانی دونیا فریویدان، گەواهییان لەسەر خۆیاندا کە بێباوەڕن و لە خوا نەترساون و گوێرایەڵی پێغەمبەرانیان نەکردووە.

ئەم ئایەتە هەڕەشەیە بۆ ئەو بێباوەڕانەی کە لە دونیا سەرپێچی فەرمانەکانی خوایان کردووە و هەموو جۆرە تاوانێکیان ئەنجامداوە، ئەوە لە کاتێکدا چەندەها پێغەمبەریان بۆ ڕەوانەکراوە و ئاگاداریان کردوونەتەوە لەسەر ناپەسەندی و چەپەڵی ئەو کردەوانەی ئەنجامیاندەدا بە بەڵگەی بەهێز و حاشا هەڵنەگر، ئەم سەرئەنجامەی ئێستا دووچاری بوون ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانە بۆیان باسکردوون، بەڵام بێباوەڕان سەرکەش و ملهوڕبوون هیچ بایەخێکیان بۆ ئامۆژگاری و ترساندنەکانیان دانەنا، ئایا هیچ پێغەمبەرێك لە گرۆهی جن ڕەوانەکراوە: [أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ]؟ تەبەری لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەران هەموویان لە نەوەی ئادەمن، بەڵام کەسانی ئامۆژگارکار و ترسێنەر لە نێو جنەکان هەڵکەوتووە; لە زەحاکی کوڕی موزاحیمەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: لە جنیش پێغەمبەر ڕەوانە کراوە و ئەم ئایەتەی کردووەتە بەڵگە; بەڵام ئیبن کەسیر دەڵێت: ئەو بۆچوونە جێگای تێڕامانە، چونکە ئایەتەکە ڕاشکاو نییە لەسەر ئەو مانایە.

اللە جلّ وعلا دەفەرموێ : (قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ۚ قُلْ هِىَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ) الأعرَاف : ٣٢

بڵێ: کێ ئەو پۆشاك و جوانییانەی کە خوا بۆ بەندەکانی بەدیهێناوە، و ڕۆزییە پاکەکانی حەرامکردووە، بڵێ ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوە لە ژیانی دونیادا و بێباوەڕانیش بەهرەی لێ دەبەن، بەڵام لە قیامەتدا تایبەتە بە باوەڕداران، بەوشێوەیە ئایەتەکانمان بە درێژی ڕوون دەکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی دەزانن و تێدەگەن لەوەی بۆیان ڕوون دەکرێتەوە. ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە حەڵاڵ و حەرام تەنها بۆ خوایە کەس بۆی نییە حەڵاڵێك حەرام بکات کە خوا حەڵاڵی کردووە، یان حەرامێك حەڵاڵ بکات کە خوا حەرامی کردووە، ئەو کەسانەی کە پۆشاکی کۆن و دڕاو و پینەکراو دەپۆشن زۆر جار بۆ ڕاوکردنی خەڵك و خواردنی سامانیانە، بە ناوی ئاینەوە ئەو کارە دەکەن، قورتبی دەڵێت: پۆشاکەکەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بە نزیکەی دینارێکی زێڕ کڕی بووی، ئەمە دژە لەگەڵ کرداری ئەو کەسانەی پۆشاکی زبر لە کەتان و خوری دەپۆشن و دەڵێن: [وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ۚ]، لە کاتێکدا زۆر دوورن لە پێکانی حەق و ڕاستی، ئایا ئەو کەسانە وازیان لە پۆشاکی لە خوا ترسان هێناوە؟!، نەخێر سوێند بە خوا ئەوانە لە خوا ترس و پارێزکار و خواناس و خاوەن عەقڵبوون، جگە لەوان فیشاڵیان لێ دەدا و دڵیان خاڵی بوو لە پارێزکاری و لە خوا ترسان، ئیبن جەوزی دەڵێت: چارۆکە و پۆشاکی پینەکراوم پێناخۆشە لەبەر چوار شت: یەکەم: ئەوە پۆشاکی سەلەف نەبووە، بەڵکو ئەوان لەبەر پێداویستی پۆشاکەکانیان پینە دەکرد، دووەم: دەرخستنی هەژاری لە خۆ دەگرێت، لە کاتێکدا مرۆڤ فەرمانی پێکراوە کاریگەری نیعمەتەکانی خوا بەسەرییەوە دەرکەوێت، سێیەم: دەرخستنی دونیا نەویستی و لە خوا ترسانە، کە فەرمانمان پێکراوە بیشارینەوە، چوارەم: خۆ چووادنە بەو کەسانەوە کە لە شەریعەت لایانداوە، هەرکەسێك خۆی بچوێنێت بە هەرکەسێکەوە ئەوە لەوانە;

تەبەری دەڵێت: بە هەڵەدا چوون ئەو کەسانەی پۆشاکی موو و خوری دەدەن بەسەر پۆشاکی لۆکە و کەتاندا لەگەڵ ئەوەی بە حەڵاڵی بەردەست بێت بیپۆشێت، و ئەو کەسەی پاقلەمەنییەکان و نیسك بخوات و بیدات بەسەر نانی گەنمدا، و ئەو کەسەی واز لە خواردنی گۆشت دەهێنێت لە ترسی بەرزبوونەوەی ئارەزوویان; ئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: کاتێك خەوارجەکان لە دەسەڵاتی عەلی دەرچوون، گوتی: بچۆ بۆ لای ئەو خەڵکە، باشترین پۆشاکی یەمەنیم لەبەرکرد و چووم بۆ لایان، گوتیان: بەخێربێیت ئەی ئیبن عەباس، ئەم پۆشاکە چییە پۆشیوتە؟! گوتم: ڕەخنەی چیم لێ دەگرن؟ سوێندبێت پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی جوانترین پۆشاکی دەپۆشی.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ) الأعرَاف : ٥١

ئەو کەسانەی ئاینەکەیان بە گاڵتە و گەپ دەزانی و ژیانی دونیا فریویدابوون و لە خشتەی بردبوون، لە دۆزەخدا وازیان لێ دەهێنین، چونکە ئەوان لێپرسینەوە و دیداری ئەمڕۆیان لەبیر کردبوو و نکۆڵی ئایەتەکانی ئێمەیان دەکرد.

ئیبن کەسیر دەڵێت: [فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا] بەشێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین وەك مامەڵەی کەسێك کە فەرامۆشی کردوون و لەبیری کردوون، چونکە هیچ شتێك لە زانستی خوا بەدەر نییە و فەرامۆشی ناکات، وەك خوا دەفەرموێت: [لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ٥٢](طه)، ئەمەی لە بابەتی هاوشێوەی کردەوەی خۆیان فەرمووە و پاداشتی داونەتەوە، وەك دەفەرموێت: [نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡۚ ٦٧](التَّوۡبَة)، دەفەرموێت: [كَذَٰلِكَ أَتَتۡكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَاۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمَ تُنسَىٰ ١٢٦](طه)، دەفەرموێت: [وَقِيلَ ٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰكُمۡ كَمَا نَسِيتُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَا وَمَأۡوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ ٣٤](الجَاثِية); ئیبن عوسەیمین دەڵێت: (النسیان) دوو مانای هەیە، یەکەمیان لە بیرچوونی شتێکی زانراوە، وەك ئەوەی دەفەرموێت: [رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ ٢٨٦](البَقَرَة)، و ئەوەی کە دەفەرموێت: [فَنَسِيَ وَلَمۡ نَجِدۡ لَهُۥ عَزۡمٗا ١١٥](طه)، هەروەها وەك ئەو فەرموودەی کە لە صەحیحی بوخاری و مسلمدا هاتووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: بێگومان من مرۆڤم شتم لەبیر دەچێت وەك چۆن ئێوە لەبیرتان دەچێت، ئەگەر لە بیرم چوو بیرم بخەنەوە; ئەو فەرموودەی بوخاری و مسلم ڕیوایەتیان کردووە و دەفەرموێت: هەرکەسێك خەوی لێکەوت یان لەبیری چوو نوێژ بکات، ئەو کاتەی بیری دەکەوێتەوە نوێژەکەی ئەنجام بدات; ئەم مانای لە بیرچوونەوە ئیزافە ناکرێت بۆ لای خوای گەورە، دووەمیان: وازلێهێنان بەئەنقەست و بەزانستەوە، وەك ئەو فەرموودەی خوا دەفەرموێت: [فَذُوقُواْ بِمَا نَسِيتُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمۡۖ ١٤](السَّجۡدَة)، بە دووڕووەکان دەفەرموێت: [نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡۚ٦٧](التَّوۡبَة)، بەم مانایە ئیزافە دەکرێت بۆ لای خوا کە مانای وازلێهێنانە.

الله تعالی دەفەرموێ : (إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ ٱلۡعِجۡلَ سَيَنَالُهُمۡ غَضَبٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَذِلَّةٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُفۡتَرِينَ) الأعرَاف : ١٥٢

بێگومان ئەو کەسانەی گوێرەکەکەیان پەرست تورەیی پەروەردگاریان دەیانگرێتەوە و زەلیل دەبن لە ژیانی دونیادا، بەوشێوە پاداشتی درۆ هەڵبەستان دەدەینەوە کە هاوبەش بۆ خوا بڕیاردەدەن.

ئیبن کەسیر دەڵێت: ئەو سزایەی نەوەکانی ئیسرائیل تووشیبوون لەسەر پەرستنی گوێرەکەکە ئەوە بوو خوا تەوبە و پەشیمان بوونەوەی لێ وەرنەگرتن هەتاکو هەندێکیان هەندێکی تریان نەکوشت، وەك لە سورەتی البقرە باسکرا: [وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ إِنَّكُمۡ ظَلَمۡتُمۡ أَنفُسَكُم بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلۡعِجۡلَ فَتُوبُوٓاْ إِلَىٰ بَارِئِكُمۡ فَٱقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ عِندَ بَارِئِكُمۡ فَتَابَ عَلَيۡكُمۡۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ٥٤](البَقَرَة)، لە دوای ئەوە تووشی زەلیلی و ڕیسوایی بوون لە ژیانی دونیا، ئەوەی کە دەفەرموێت: [وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُفۡتَرِينَ] هەموو ئەو کەسانەی بیدعەیەك دادەهێنن دەیانگرێتەوە، چونکە زەلیلی بیدعە و پێچەوانەکردنی پەیامی ئیسلام وابەستەیە بە دڵەوە و لەسەر شانیانە.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (۞وَٱكۡتُبۡ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَۚ قَالَ عَذَابِيٓ أُصِيبُ بِهِۦ مَنۡ أَشَآءُۖ وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ) الأعرَاف : ١٥٦

پێغەمبەر موسا فەرمووی: لە ڕیزی ئەو کەسانەمان بنووسە کە یارمەتییان دەدەیت بۆ ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان بەهۆیەوە پاداشتی باش بە دەست دەهێنن، و لە دواڕۆژیشدا لە ڕیزی ئەو کەسانەمان بنووسە کە لە تاوانەکانیان خۆش دەبیت و دەیانپۆشی، بێگومان ئێمە بۆ لای تۆ گەڕاینەوە و تەوبەمان کرد، خوا فەرمووی: سزام تووشی هەرکەسێك دەکەم کە بمەوێت، بەزەییم هەموو شتێکی گرتووەتەوە، بۆ ئەو کەسانەی دەنوسم کە پارێزکار و لە خوا ترسن، و زەکاتی سامانەکانیان دەردەکەن، و بۆ ئەو کەسانەی باوەڕدارن بە ئایەتەکانمان.

سەعدی دەڵێت: [وَٱكۡتُبۡ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ] مەبەست زانستی بە سود و ڕۆزی فراوان و کردەوەی باشە، [وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ] هەموو ئەو پاداشتەیە کە خوا ئامادەی کردووە بۆ خۆشەویستەکانی، [إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَ] بۆ لای تۆ گەڕاینەوە و دانەنێین بە کەمتەرخەمیەکانماندا، [قَالَ عَذَابِيٓ أُصِيبُ بِهِۦ مَنۡ أَشَآءُۖ وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ] خوا فەرمووی: سزام تووشی هەموو خراپەکاران دەکەم کە پشتیان هەڵکردووە لە باوەڕهێنان، بەزەییم فراوانە و هەموو کونجێکی ئاسمان و زەوی گرتووەتەوە، چاکەکار و خراپەکار، باوەڕدار و بێباوەڕ، هیچ دروستکراوێك نییە ئیللا بەزەیی خوای پێگەیشتووە، لە چاکە و فەزڵدا نغرۆی کردووە، بەڵام بەزەیی تایبەت کە مایەی خۆشگوزەرانی دونیا و دواڕۆژیشە بۆ هەموو کەس نییە، لەبەر ئەوە دەفەرموێت: [فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ] بۆ ئەو کەسانەی دەنووسم کە پارێزکارن و زەکاتی سامانەکانیان دەردەکەن و باوەڕ بە ئایەتەکانمان دەهێنن، لە تەواوی باوەڕبوونە بە ئایەتەکان زانینی مانا و کردارکردن بەو حوکمانەی کە لە خۆیان گرتووە و شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ڕواڵەت و لە ناخیشەوە; قەنوجی دەڵێت: [إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَۚ] گوتراوە ناوی (الیهود) لەمەوە هاتووە، لە سەرەتادا ناوێکی باشبووە، پاشان بۆ خراپە بەکارهاتووە و بووەتە وابەستەیان; ئەبوداود و ترمزی و ئیبن حبان لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: دەشتەکییەك هاتەژوورەوە بۆ مزگەوت و پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبوو، نوێژی کرد کاتێك نوێژەکەی تەواو کرد، گوتی: پەروەردگارا ڕەحم بە من و محمد بکە و ڕەحم بە کەسی تر

مەکە لەگەڵ ئێمەدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای کردەوە بەلایدا و فەرمووی: شتێکی زۆر فراوانت تەسك کردەوە; مەبەستی ڕەحمەتی خوا بوو کە زۆر لەوە فراوانترە کە داوا بکەیت کە تەنها ڕەحم بە دوو کەس بکات و ڕەحم بە کەسی تر نەکات، مسلم لە سەلمانەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوا سەد ڕەحمەتی هەیە، بە یەکێك لەو ڕەحمەتانە هەموو دروستکراوەکانی ڕەحم بە یەکتر دەکەن، نەوەد و نۆی بۆ ڕۆژی قیامەتە; بوخاری و مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەهەشت و دۆزەخ مشتومڕیان کرد، دۆزەخ گوتی: من تایبەتکراوم بە لەخۆبایی و دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان، بەهەشت گوتی: ئەی بۆچی من تەنها خەڵکە لاواز و هەژار و لەبەر چاوکەتووەکان دێنە بەهەشتەوە، خوا بە بەهەشتی فەرموو: بێگومان تۆ ڕەحمەتی منی ڕەحم دەکەم بەهەرکەسێك لە بەندەکانم کە ویستم لەسەر هەبێت و دەیخەمە بەهەشتەوە، بە دۆزەخیشی فەرموو: بێگومان تۆ سزای منی سزای هەرکەسێك لە بەندەکانم دەدەم کە ویستم لەسەری هەبێت و دەیخەمە دۆزەخەوە.

اللە عزّ جل دەفەرموێ : (إِذْ أَنتُم بِٱلْعُدْوَةِ ٱلدُّنْيَا وَهُم بِٱلْعُدْوَةِ ٱلْقُصْوَىٰ وَٱلرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ ۚ وَلَوْ تَوَاعَدتُّمْ لَٱخْتَلَفْتُمْ فِى ٱلْمِيعَٰدِ وَلَٰكِن لِّيَقْضِىَ ٱللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَىَّ عَنۢ بَيِّنَةٍ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ) الأنفَال : ٤٢

کاتێك ئێوە لە خواری شیوەکەبوون نزیك لە شاری مەدینە، دوژمنەکانتان لای سەرەوەی شیوەکەبوون، کاروانەکەی قورەیش لای خوارەوەتان بوو، ئەگەر ئێوە بەڵێن و پەیمانیشتان بەیەکتر دابا بۆ ئەوەی لە بەدردا بەیەك بگەن، لەسەر کات و شوێنەکەی ناکۆك دەبوون، بەڵام خوا بەبێ ڕێککەوتنی پێشوەخت کۆیکردنەوە بۆ ئەوەی بڕیارێك بەجێ بهێنێت کە دابووی، بۆ ئەوەی هەرکەسێك کە تیادەچێت بەرچاوی ڕوون بێت و ئەوەشی دەژی بەرچاوی ڕوون بێت، دڵنیابن خوا بیسەری گوفتارەکانە و زانایە بە ئاشکرا و پەنهانتان.

بوخاری و مسلم لە کەعبی کوڕی مالکەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمانان لە ڕۆژی بەدردا دەرچوون کاروانەکەی قورەیشیان مەبەست بوو، هەتاکو خوا کۆی کردنەوە بەبێ ڕێککەوتنی پێشوەخت; ئیبن ئەبوشەیبە و تەبەری لە موجاهیدەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: [وَٱلرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ ۚ] ئەبوسوفیان و هاوەڵەکانی بە کاروانێکی بازرگانییەوە لە شامەوە دەگەڕانەوە، ئاگایان لە موسڵمانان نەبوو کە لە بەدر بوون، موسڵمانانیش ئاگایان لەوان نەبوو، هەتاکو لەسەر ئاوی بەدر بەیەکگەیشتن و بەشەڕهاتن و هاوەڵانی محمد (ﷺ) سەرکەوتن بەسەریاندا و بەدیلیان گرتن; ئیبن کەسیر دەڵێت: [لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٍ ۗ]، محمدی کوڕی ئیسحاق دەڵێت: بۆ ئەوەی بێباوەڕ بێت هەرکەسێك بێباوەڕ دەبێت دوای ساغبوونەوەی بەڵگە بەسەرییەوە، کاتێك بەڵگە و نیشانەی بینی، هەرکەسێکیش باوەڕ دەهێنێت لەسەر ئەوە باوەڕ بهێنێت; ئەمەش لێکدانەوەیەکی جوانە، خوا بە باوەڕداران دەفەرموێت: من ئێوەم لەگەڵ دوژمنەکانتاندا لە شوێنێك کۆکردەوە بەبێ ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبن، بۆ ئەوەی سەرتان بخات بە سەریاندا، ئایینی حەق بەسەر باتڵ و ناڕەوادا سەربخات، و ڕوون ببێتەوە و بەڵگە و نیشانەکان دەرکەون و کەس هیچ بەڵگە و بیانوویەکی بەدەستەوە نەمێنێت، [لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ] واتە: بەردەوام بێت لەسەر بێباوەڕییەکەی دوای ئەوەی بۆی ڕوونبوویەوە لەسەر باتڵە، چونکە بەڵگەی بەسەردا ساغبووەتەوە، [وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ] هەرکەسێك باوەڕ دەهێنێت بەڵگەی بەدەستەوە بێت و بەرچاوی ڕوون بێت.

الله تعالی دەفەرموێ : (مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ) الأنفَال : ٦٧

بۆ هیچ پێغەمبەرێکی خوا نەبووە دیلی هەبێت، بۆ ئەوەی دوژمنانی خوا قەڵاچۆ بکات و بیانکوژێت و زاڵبێت بەسەریاندا و دەسەڵاتی لەسەر زەوی جێگیر و دامەزراوبێت و بترسن و زات نەکەن جارێکی تر هێرش بکەنەوە سەر موسڵمانان، شتومەکی دونیاتان دەوێت، خوا پاداشتی دوارۆژی بۆتان دەوێت، خوا باڵادەست و بەتوانایە دەتوانێ بێباوەڕان بەبێ شەڕ لەناوببات، دانای کارلەجێیە لە بەڕێوەبردنی ئیشوکاری دروستکراوەکانی. ئەحمەد و مسلم و ئەبوداود لە عومەری کوڕی خەتابەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: لە ڕۆژی بەدردا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەیری هاوەڵەکانی کرد ژمارەیان سێ سەد و چەند کەسێك بوو، سەیری هاوبەش بڕیاردەرانی کرد هەزار کەس زیاتر بوون، کاتێك سوپای باوەڕداران و هاوبەش بڕیاردەران بەیەکیانداداخوا بێباوەڕانی تووشی شکست کرد و حەفتایان لێ کوژرا و حەفتایان لێ بە دیل گیرا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرس و ڕاوێژی بە ئەبوبەکر و عەلی و عومەر کرد دەربارەی دیلەکان، ئەبوبەکر گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو کەسانە برا و ئامۆزا و تیرە و هۆزی خۆمانن من وادەبینم فیدیەیان لێوەربگریت و ئەوەی وەریدەگرین دەبێتە هێز بۆمان دژی بێباوەڕان، بەڵکو خوا هیدایەتیان بدات و ببنە پشتگیرمان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: تۆ بۆچوونت چییە ئەی کوڕی خەتاب؟ گوتم: سوێند بە خوا من پێچەوانەی ئەبوبەکرم، بەڵکو من وادەبینم فلان کەس بدەیتە دەستم (خزمێکی عومەر بوو) بدەم لە گەردنی، عەقیل بدەیتە دەستی عەلی بدات لە گەردنی، فلانی برای حەمزە بدەیتە دەستی و بدات لە گەردنی، بۆ ئەوەی بۆ خوا بیسەلمێنین لە دڵماندا ڕەحم و بەزەییەك نییە بۆ هاوبەش بڕیاردەران، ئەوانە پیاوماقوڵان و پێشەوا و سەرکردەکانیانن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو بۆچوونەی ئەبوبەکری بە دڵ بوو و بۆچوونەکەی منی بە دڵ نەبوو و فیدیەی لێوەرگرتن، ڕۆژێك دوای ئەوە سەر لە بەیان چوومە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ ئەبوبەکر پێکەوە دانیشتبوون دەگریان، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا هەواڵم بدەرێ چی تۆ و هاوەڵەکەت دەگریەنێت بۆ ئەوەی منیش بگریم، ئەگەر گریانم بۆ نەهات بە زۆر خۆم بگریەنم لەبەر ئەو گریانەی ئێوە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەوەی کە هاوەڵەکانت ڕایان وابوو فیدیە وەربگرین، سزادانی ئێوەم پیشاندرا لە نزیکتر لەم دارە، خوا ئەم ئایەتانەی دەربارەی فیدیە دابەزاند: [مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا

وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٦٧ لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٦٨]، پاشان دەستکەوتی شەڕ حەڵاڵکرا، کاتێك دوای سااڵنێك غەزای ئوحود ڕوویدا سزادران لەسەر ئەوەی لە ڕۆژی بەدردا فیدیەیان وەرگرتبوو، حەفتا لە موسڵمانان کوژرا و هەڵهاتن لە دەستی بێباوەڕان، ددانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و کڵاوەکەی سەری شکا و خوێن بە ڕوخساریدا هاتە خوارەوە، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: [أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٦٥](آلِ عِمْرَان); ترمزی لە عەلییەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمووی: جبرائیل دابەزی و هاتە لام و پێی فەرمووم: هاوەڵانت سەرپشك بکە دەربارەی دیلەکانی شەڕ، بیانکوژن یان فیدیەیان لێوەربگرن ئەگەر فیدیە وەربگرن لە ئایندەدا هێندەی ئەو دیلانەیان لێ دەکوژرێت، هاوەڵان گوتیان: فیدیە وەردەگرین بالێمان بکوژرێت; هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەوەی هاوەڵان گوتیان: با بکوژرێین خولیایان بووە بۆ شەهیدبوون، بەڵکو ئەو کەسانە خوا هیدایەتیان بدات و لەبەر خزمایەتییەك کە لە نێوانیاندا هەبوو، وەرگرتنی فیدیە دەبێتە یارمەتیدەرێك و بەهێزیان دەکات دژی بێباوەڕان.

الله تعالی دەفەرموێ : (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ) التوبَة : ٣٨

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەوە چییە ئەگەر پێتان بگوترێت: لە ماڵ دەربچن بۆ جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوا قورسە بەلاتانەوە و تەمبەڵی دەکەن و بەزەوییەوە دەنوسێن، ئایا ژیانی دونیاتان لە ژیانی دواڕۆژ پێباشترە و پێی ڕازین، چێژی ژیانی دونیا لە ئاست نازونیعمەت و ژیانی نەبڕاوەی دواڕۆژ زۆر کەمە.

مسلم لە موستەوردی کوڕی شەدادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سوێند بە خوا ژیانی دونیا لەچاو نازونیعمەتی قیامەت، وەك ئەوەیە کەسێك لە ئێوە پەنجەی بکات بە دەریادا، با بڕوانێت پەنجەی چی لەگەڵ خۆی هێناوە; حاکم لە ئیبن مەسعودەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوا دونیای هەموو بەکەم باسکردووە، لەو کەمە کەمێکی ماوە، نموونەی ئەوەی کە ماوە وەك گۆمە ئاوێکە پاکەکەی خوراوەتەوە و پیسەکەی ماوە; ئەحمەد لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلای گیسکێکی گەڕدا تێپەڕی خاوەنەکەی فڕێیدابوو، فەرمووی: ئایا وادەبینن ئەمە بێنرخە بەلای خاوەنەکەیەوە؟ گوتیان: بەڵێ، فەرمووی: دونیا لای خوا بێنرخترە وەك بێنرخی ئەمە بەلای خاوەنەکەیەوە; ئەحمەد و ترمزی و ئیبن ماجە لە ئیبن مەسعودەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر حەسیرێك ڕاکشابوو کاریگەری لەسەر لاتەنیشتی دروستکردبوو، کاتێك لە خەو هەستا لاتەنیشتیم پاککردەوە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، بۆچی ئاگادارت نەکردینەوە شتێك لەسەر حەسیرەکە ڕابخەین؟ فەرمووی: من چیمداوە لە دونیا؟ نموونەی من و دونیا وەك نموونەی سوارییەکە لە ژێر سێبەری دارێکدا کەمێك پشوو بدات پاشان بڕوات و بەجێی بهێڵێت.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (فَلَا تُعۡجِبۡكَ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُمۡۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَتَزۡهَقَ أَنفُسُهُمۡ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ) التوبَة : ٥٥

ئەی پێغەمبەری خوا سەرسام مەبە بە نەبە سامانیان و نەبە منداڵیان، چونکە خوا دەیەوێت بەهۆیەوە سزایان بدات لە ژیانی دونیا، بە ئێش و ئازاری زۆرەوە ڕۆحیان بکێشێت و بە بێباوەڕی بمرن.

سامان و منداڵ بۆ تاقیکردنەوە خوای میهرەبان بە مرۆڤی دەبەخشێت، نەزۆربیان مانای ڕێز و پلەوپایەیە لای خوا، نەکەمییان ڕقی خوایە لە بەندەکانی، تەبەری لە حەسەنی بەسری ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا] واتە: سزایان دەدات بە وەرگرتنی زەکات و بەخشینی سامانەکانیان لە ڕێگای خوا، لە کاتێکدا بێباوەڕن و هیچ پاداشتێکیان دەست ناکەوێت، ئەمە ڕای پەسەندە لای تەبەری و قورتبی و ئیبن کەسیر، هەندێکی تر لە زانایان دەڵێن: مەبەست لە سزا لێرە ئەو ناڕەحەتی و ماندووبوون و هەوڵدانی زۆر و خەم و پەژارەیە کە تووشیان دەبێت لە کاتی بەدەست هێنانی سامانەکانیان.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (كَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنكُمۡ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرَ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا فَٱسۡتَمۡتَعُواْ بِخَلَٰقِهِمۡ فَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِخَلَٰقِكُمۡ كَمَا ٱسۡتَمۡتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُم بِخَلَٰقِهِمۡ وَخُضۡتُمۡ كَٱلَّذِي خَاضُوٓاْۚ أُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ) التوبَة : ٦٩

وەك بێباوەڕانی پێش ئێوە کە زۆر لە ئێوە بەهێزتربوون و سامان و منداڵیشیان زیاتر بوو، ئەو بەشەی خوا لە دونیا پێی بەخشیبوون چێژیان لێ برد و ڕایان بوارد، ئێوەش بەو بەشەی خوا پێی بەخشیون لە دونیا چێژتان برد و ڕاتان بوارد وەك بێباوەڕەکانی پێش خۆتان، ڕۆچوون لە درۆ و شتی بێ بنەما و شتی پووچەڵ دانەپاڵ خوا وەك چۆن ئەوان ڕۆچووبوون، ئەو کەسانە خوا کردەوەکانیان پووچەڵ دەکاتەوە لە دونیا و دوارۆژدا و هیچ سودی لێ وەرناگرن و پاداشت نادرێنەوە لەسەری، ئەوانە کەسانێکی زیانمەند و ڕەنج بە خەسارن.

ئەم ئایەتە بیرخستنەوەیە بۆ دووڕووەکان کە گاڵتە و سوکایەتییان کرد بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی، بەوەی بێباوەڕەکانی پێش ئێوەش گاڵتە و سوکایەتییان بە پێغەمبەرانی خوا و شوێنەکەوتووانیان کردووە، زۆر لە ئێوە بەهێزتر و دەوڵەمەندتر و خاوەن منداڵی زیاتر بوون، کاتێك خوایان لە خۆیان تورەکرد و شوێن پێغەمبەرەکانی نەکەوتن خوا لەناوی بردن و هەر لە دونیا ڕیسوایکردن، سزای قیامەتیشیان مسۆگەرە، بۆیە وریابن ئەگەر ئێوەش لەو ملهوڕی و باوەڕ نەهێنانە بەردەوامبن تووشی ئەو سزا و چارەنووسەی ئەوان دەبنەوە.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُواْ وَلَقَدْ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ وَكَفَرُواْ بَعْدَ إِسْلَٰمِهِمْ وَهَمُّواْ بِمَا لَمْ يَنَالُواْۚ وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنْ أَغْنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضْلِهِۦۚ فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيْرًا لَّهُمْۖ وَإِن يَتَوَلَّوْاْ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِۚ وَمَا لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ) التوبَة : ٧٤

سوێند بە خوا دەخۆن قسەی ناشایستە و نەشیاویان بە زاردا نەهاتووە، بێگومان وشەی کوفریان گوت، بێباوەڕبوونەوە دوای موسڵمان بوونیان، ئەوەی ویستیان ئەنجامی بدەن بۆیان نەلوا و نەیانتوانی پێغەمبەری خوا بکوژن، هیچ پاڵنەریان نەبوو ڕەخنە بگرن و تانەوتەشەر لە موسڵمانان بدەن ئەوە نەبێت خوا لە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندی کردبوون و پێغەمبەری خواش لەوەی دەستیکەوت بەشیدان، ئەگەر تەوبە بکەن و پەشیمان ببنەوە ئەوە باشترە بۆیان، ئەگەر پشت هەڵبکەن خوا سزای بە ئێش و ئازاریان دەدات لە دونیا و دواڕۆژدا، لەسەر زەوی کەس دۆست و پشتیوان و سەرخەریان نییە لە سزای خوا ڕزگاریان بکات.

ئەم ئایەتە بەڵگەی ناپاکی و بێئەمەکی دووڕووەکانی تێدایە کە خوا بە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندی کردبوون و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دەستکەوت بەشی دەدان، بەڵام ئەوان لە بری سوپاسگوزاری و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕەخنەیان دەگرت و تانەوتەشەر و قسەی نەشیاویان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمانان دەکرد، تەبەری دەڵێت: ڕاڤەکاران ناکۆکن لەسەر ئەوەی ئەم ئایەتە لەسەر کێ دابەزیوە و ئەو قسەیە چی بووە کە خوا هەواڵی لە بارەیەوە داوە کە کردوویانە، هەندێکیان دەڵێن: ئەم ئایەتە لەسەر جولاسی کوڕی سوەید دابەزیوە، بەڵام پەسەند ئەوەیە بگوترێت: خوا هەواڵیداوە دەربارەی دووڕووەکان سوێند دەخۆن بە درۆوە و نکۆڵی کوفرێك دەکەن کە بە زاریاندا هاتووە، دەشێت ئەو گوتەی جولاس بێت کە لە عروەوە ڕیوایەتکراوە، دەشێت گوتەی عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول بێت کە لە قەتادەوە ڕیوایەتکراوە، بەڵگەمان بە دەستەوە نییە کە دڵنیامان بکاتەوە کامیان مەبەستە، ئەمەش بە عەقڵ دەرکی پێناکرێت، ئەوەی پەسەندە بگوترێت: سوێند بە خوا دەخۆن قسەی ناشایستە و نەشیاویان بە زاردا نەهاتووە، بێگومان کوفریان گوت و وشەی کوفریان بە زاردا هات، بێباوەڕبوونەوە دوای موسڵمان بوونیان، تەبەری لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سێبەری داڕێکدا دانیشتبوو، فەرمووی: ئێستا مرۆڤێك دێت

بۆ لاتان به چاوی شەیتان دەڕوانێته ئێوه، ئەگەر هات کەس قسەی لەگەڵ نەکات، زۆری نەخایاند کەسێکی چاوشین هات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی کرد و فەرمووی: بۆچی تۆ و هاوەڵەکانت جنێو و قسەی نەشیاوم پێ دەڵێن؟ پیاوەکە چوو هاوەڵەکانی هێنا، سوێندیان خوارد شتی وامان نەگوتووە و نەکردووە، ئیدی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخشیانی، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: [يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُواْ]; ئیبن ئەبوحاتەم و تەبەرانی لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: [وَهَمُّواْ بِمَا لَمۡ يَنَالُواْ] کەسێك ناوی ئەسوەد بوو ویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکوژێت، بەڵام بۆی نەچووەسەر.

الله تعالي دەفەرموێ : (إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَٱطۡمَأَنُّواْ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ) يُونس : ٧

بێگومان ئەو کەسانەی ئومێدی دیداری ئێمە ناکەن و ڕازیبوون بە ژیانی دونیا و دڵنیابوون پێی و دڵخۆش و وابەستەیبوون، ئەو کەسانە لە بەڵگە و نیشانەکانی ئێمە بێئاگان و پەند و ئامۆژگارییان لێوەرناگرن.

ئەو نیعمەتەی لە هەموو نیعمەتەکان گەورەترە بینینی پەروەردگارە لە قیامەتدا ئەو کەسانەی بێباوەڕن بەتەمانین و لێی بێبەشن، سود لە ئایەتەکانی خوا وەرناگرن، ئایەتەکان دوو جۆرن، ئایەتە شەرعییەکان، ئایەتەکانی گەردوون، ئەو کەسانە لە هەموویان بێئاگان پەند و ئامۆژگاری لە هیچیان وەرناگرن.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (فَلَمَّآ أَنجَىٰهُمۡ إِذَا هُمۡ يَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۗ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَا بَغۡيُكُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡۖ مَّتَٰعَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا مَرۡجِعُكُمۡ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ) يُونس : ٢٣

بەڵام کاتێك لەو بواره ناهەمواره ڕزگاریکردن ستەم دەکەن و سنور دەبەزێنن لەسەر زەوی بە ناڕەوا، ئەی خەڵکینە دڵنیابن ستەم و سنور بەزاندنتان بەسەر خۆتاندا دەشکێتەوە، ئەوە چێژ و ڕابواردنی ژیانی دونیایە، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە، ئاگادارتان دەکەینەوە لەو کردەوانەی لە دونیا ئەنجامتانداون.

مرۆڤ دەبێت لە هەموو حاڵێکدا مننەتباری خوای پەروەردگاری بێت، لە کاتی خۆشی و هەرزانی و دەوڵەمەندی و لەشساغی، لە کاتی ناڕەحەتی و گرانی و قاتوقڕی و هەژاری و نەخۆشی، چونکە کردارەکانی خوا هیچی بێ دانایی نییە، هەموو خێرە بۆ باوەڕدار، هەروەها بەڵگەی ترسناکی ستەمکاری و سنور بەزاندنی تێدایە، مسلم لە ئەبوزەڕەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم من ستەمم لەسەر نەفسی خۆم حەرام کردووە، لە نێوان ئێوەشدا بە حەرامم داناوە، بۆیە ستەم لەیەکتر مەکەن; ئەبوداود و ئیبن ماجە و بەیهەقی لە عیازی کوڕی حیمارەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوا وەحی بۆ کردووم کە خاکی و بێ فیزبن بەشێوەیەك کەس ستەم لەکەس نەکات، کەس شانازی بەسەر کەسەوە نەکات; ئەحمەد و ئەبوداود و ترمزی و ئیبن ماجە لە ئەبوبەکرە نەفیعی کوڕی حارسەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: هیچ تاوانێك نییە خوا سزا بۆ خاوەنەکەی پێش بخات لە دونیا لەگەڵ ئەو سزایەی بۆی هەڵگرتووە لە قیامەتدا، جگە لە ستەم و سیلەی ڕەحم پچڕاندن.

اللە جلّ وعلا دەفەرموێ : (لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ) يُونس : ٦٤

مژدەیان بۆ هەیە لە ژیانی دونیا ولە دواڕۆژیشدا، بەڵێن و گفتی خوا گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەوەش بردنەوە و سەرفرازی گەورە و مەزنە.

خوا مژدە دەدات بە خۆشەویستە پارێزکارە لە خوا ترسەکانی کە لە دونیادا مژدەیان بۆ هەیە، لەو مژدانە: خەوێکی باشە موسڵمان خۆی دەیبینێ یان بۆی دەبینن، هەروەها مژدەی فریشتەکان لە کاتی سەرەمەرگدا بە ڕەحمەت و بەزەیی خوا، مژدەی قیامەتیان پاداشتی زۆر و هەمەچەشن و نەبڕاوەی هەمیشەییە لە بەهەشتدا، خوا دەفەرموێت: [وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنۡهَا مِن ثَمَرَةٖ رِّزۡقٗا قَالُواْ هَٰذَا ٱلَّذِي رُزِقۡنَا مِن قَبۡلُ وَأُتُواْ بِهِۦ مُتَشَٰبِهٗاۖ وَلَهُمۡ فِيهَآ أَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞۖ وَهُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٥](البَقَرَة)، ئەحمەد و ترمزی و ئیبن ماجە لە عەتای کوڕی یەسارەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پیاوێکی میسری دەڵێت: پرسیارم کرد لە ئەبوودەردا دەربارەی ئەو فەرموودەی خوا کە دەفەرموێت: [لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا]، گوتی: هیچ کەس جگە لە تۆ و پیاوێکی تر پرسیاری لێ نەکردووم لەو کاتەوە پرسیارم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە دەربارەی ئەم ئایەتە، پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی: لەو کاتەوەی دابەزیوە کەس پرسیاری لێ نەکردووە، بریتییە لە خەوێکی باش کە موسڵمان دەیبینێ یان بۆی دەبینن.

الله تعالى دەفەرموێ : (مَتَٰعٞ فِي ٱلدُّنۡيَا ثُمَّ إِلَيۡنَا مَرۡجِعُهُمۡ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ ٱلۡعَذَابَ ٱلشَّدِيدَ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ) يُونس : ٧٠

چێژ و ڕابواردنێکی کەمی دونیایە، پاشان بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە و سزای سەختی دۆزەخیان پێ دەچێژین لەبەر ئەوەی لە دونیا بێباوەڕبوون، ئایەت و بەڵگە و پێغەمبەرانیان بە درۆدەزانی.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (وَقَالَ مُوسَىٰ رَبَّنَآ إِنَّكَ ءَاتَيۡتَ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَأَهُۥ زِينَةٗ وَأَمۡوَٰلٗا فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِكَۖ رَبَّنَا ٱطۡمِسۡ عَلَىٰٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ وَٱشۡدُدۡ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُواْ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ) يُونس : ٨٨

پێغەمبەر موسا فەرمووی: ئەی پەروەردگارمان تۆ بە فیرعەون و پیاوماقوڵانی دارودەستەکەی جوانی دونیا و پێداویستی و کەرەستە و سامان و زێڕ و زیوت لە ژیانی دونیادا پێبەخشیون، پەروەردگارمان خۆیان گومڕابوون و لە ڕێگا ڕاستەکەی تۆ لایاندا و خەڵکیش گومڕا دەکەن، پەروەردگارمان سامانەکانیان لەناوببە و بیگۆڕە بۆ ئەوەی سودی لێ نەبینن، و مۆر بدە بەسەر دڵیاندا، چونکە باوەڕ ناهێنن هەتاکو سزای سەخت بە چاوی خۆیان نەبینن.

[رَبَّنَا ٱطۡمِسۡ عَلَىٰٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ] زانایان بە دوو مانا لێکیان داوەتەوە، یەکەم: پەروەردگارمان هەموو سامان و زێڕ و زیو و دەغڵودان و بەروبوومیان بگۆڕە، هەموویان لەسەر شێوەی خۆیان گۆڕان و بوون بە بەرد، دووەم: هەموو سامان و دارایی و داهاتیان لەناوببە.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ فَنَفَعَهَآ إِيمَٰنُهَآ إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ ءَامَنُواْ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْيِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ) يُونس : ٩٨

خەڵکی هیچ شارێك باوەڕیان نەهێناوە دوای ئەوەی سزایان بۆ دابەزی و بە چاوی خۆیان بینییان و باوەڕەکەیان سودی پێگەیاندبن جگە لە گەلەکەی پێغەمبەر یونس، کاتێك باوەڕیان هێنا سزای ڕیسواکەرمان لە ژیانی دونیا لەسەر هەڵگرتن، مۆڵەتماندان ژیانیان بگوزەرێنن هەتا کۆتایی تەمەنیان.

ئیبن کەسیر دەڵێت: مەبەست ئەوەیە هیچ شارێك نەبووە هەموویان بە تەواوی باوەڕ بە پێغەمبەرەکەیان بهێنن، لە گەلە پێشینەکان جگە لە گەلەکەی پێغەمبەر یونس، کە خەڵکی شاری نەینەوا بوون (موصڵی ئێستا کە شارێکە لە باکوری عێراق)، باوەڕ هێنانەکەیان لە ترسی سزای خوا بوو کە پێغەمبەرەکەیان ئاگاداری کردبوونەوە لێی، کاتێك هۆکارەکانیان بە چاو بینی، پێغەمبەرەکەیان بەجێی هێشتن، دوای ئەوە بۆ لای خوا گەڕانەوە و پەنایان بۆ برد و ملکەچییان دەربڕی، منداڵ و مەڕومااڵتیان هێنا و لە خوا پاڕانەوە ئەو سزایەیان لەسەر هەڵبگرێت کە پێغەمبەرەکەیان ئاگاداری کردبوونەوە دووچاری دەبن، لەو کاتەدا خوا ڕەحمی پێکردن و سزای لەسەر هەڵگرتن و مۆڵەتیدان، ڕافەکاران ناکۆکن ئایا سزای قیامەتیشیان لەسەر هەڵگیراوە لەگەڵ سزا دونیاییەکە، یان تەنها لە دونیا لەسەریان هەڵگیراوە؟ دوو بۆچوونیان هەیە لەوبارەیەوە، یەکەمیان: تەنها سزای دونیایان لەسەر هەڵگیراوە وەك لە ئایەتەکەدا باسکراوە، دووەم: سزای دونیا و قیامەتیشیان لەسەر هەڵگیراوە لەبەر ئەو فەرموودەی خوا کە دەفەرموێت: [وَأَرْسَلْنَٰهُ إِلَىٰ مِاْئَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ ١٤٧ فَـَٔامَنُواْ فَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ ١٤٨](الصَّافَّات)، بە ڕەهایی بە باوەڕدار باسی کردووە، باوەڕیش ڕزگاریان دەکات لە سزای قیامەت.

اللە عزّ وجل دەفەرموێ : (مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ) هُود : ١٥

هەرکەسێك ژیانی دونیا و ڕازاوەی و خۆشگوزەرانی بوێت، ئەوە پاداشتی کردەوە و هەوڵ و ماندووبوونیان لە دونیا دەدەینەوە، هیچ لەوەی خوا بۆی دیاری کردووە کەم ناکرێتەوە.

تەبەری و ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: هەرکەسێك کردەوەیەکی باش ئەنجام بدات بۆ بەدەستهێنانی دونیا وەك ڕۆژوو یان نوێژ یان شەونوێژ و تەنها لەبەر بەدەستهێنانی پاداشتی دونیا ئەنجامیان بدات، خوا پێیان دەفەرموێت: ئەوەی لە دونیا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن پاداشتیان دەدەمەوە، بەڵام پاداشتی قیامەتیان پووچەڵ دەبێتەوە و لە زیانبار و زەرەرمەندانن.

اللە عزّ وجل دەفەرموێ : (وَأُتْبِعُواْ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَآ إِنَّ عَادًا كَفَرُواْ رَبَّهُمْ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ) هُود : ٦٠

هەر لە دونیا بەر نەفرەت کەوتن و لە ڕەحمی خوا دوورخرانەوە، هەروەها لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە نەفرەتن و لە ڕەحمی خوا دوورن، بزانن ئەو سزایەی بەسەر گەلی عاددا هات لەبەر ئەوەبوو بێباوەڕبوون بە پەروەردگاریان، بزانن خوا گەلی عاد گەلەکەی پێغەمبەر هودی لە هەموو خێر و چاکەیەك

دوورخستەوە و هەموو خراپەیەکی لێ نزیککردنەوە.سزای گەلی عاد ئەوە بوو بایەکی بێ بەرەکەتی بۆ ناردن و هەموویانی تەفروتونا کرد، ئەگەر بیدایە بەسەر هەرشتێکدا وەك خۆڵەمێشی پێ دەکرد، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەرەکەی نەهێنا، بەڵام خوا پێغەمبەر هود و باوەڕدارانی ڕزگار کرد لەو سزا سەختە.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (۞رَبِّ قَدۡ ءَاتَيۡتَنِي مِنَ ٱلۡمُلۡكِ وَعَلَّمۡتَنِي مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ تَوَفَّنِي مُسۡلِمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ) يُوسُف : ١٠١

پەروەردگارا هەندێك لە دەسەڵات و پاشایەتیت پێ بەخشیم و فێری لێکدانەوەی خەوتکردم، بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، تۆ خۆشەویست و سەرخەر و پارێزەری منی و هەموو کاروکردەوەکانم بە تۆ سپاردووە لە دونیا و لە دوارۆژیشدا، بە موسڵمانی بممرێنە و بمگەیەنە بە پیاوچاکان.

تەبەری لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە و ئیبن حەجەر بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: هیچ کەس لە پێغەمبەران ئاواتی بە مردن نەخواستووە جگە لە پێغەمبەر یوسف، کاتێك نیعمەتەکانی کامڵ و تەواوبوون تامەزرۆی دیاری خوای پەروەردگاری کرد; ئیبن ئەبوحاتەم لە زەحاکی کوڕی موزاحمەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: مەبەستی ئاوات خواستن بە مردن نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە بە موسڵمانی بممرێنە کاتێك ئەجەلم هات; ئیبن کەسیر دەڵێت: دوای ئەوەی خوا نازونیعمەتەکانی بۆ پێغەمبەر یوسف تەواوکرد، بە کۆکردنەوەی لەگەڵ دایك و باوك و براکانی، هەڵیبژارد بە پێغەمبەر و کردی بە پاشای وڵاتی میسر، لە پەروەردگاری پارایەوە لە قیامەتیش نیعمەتەکانی خۆی پێ ببەخشێت، کاتێك گیانی دەکێشێت بە موسڵمانی گیانی بکێشێت، بیگەیەنێت بە پیاوچاکان کە بریتین لە پێغەمبەرانی برای، ئەم نزا و پارانەوەیە دەشێت پێغەمبەر یوسف لە کاتی سەرەمەرگدا خوێندبێتی، وەك ئەو فەرموودەی لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەرە مەرگدا بوو پەنجەی بەرزکردەوە، سێ جار فەرمووی: پەروەردگار هاوەڵی پێغەمبەران و پیاوچاکان و شەهیدەکان هەڵدەبژێرم; دەشێت پێغەمبەر یوسف داوای مردنی کردبێت لەسەر ئیسلام، ئەمە لە شەریعەتی ئەواندا دروست بووبێت، کاتێك فەرمووی: [تَوَفَّنِي مُسۡلِمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ] دوای ئەوەی خوا کەسوکاری بۆ کۆکردەوە و پێیان خۆشحاڵبوو، لەوکاتەدا لە خۆشی ژیان و پاشایەتیدا بوو تامەزرۆی مردن و دیداری پیاوچاکانی دەکرد، ئیبن عەباس دەڵێت: هیچ پێغەمبەرێك ئاواتی بە مردن نەخواستووە پێش پێغەمبەر یوسف، بەڵام ئەوە لە شەریعەتی ئیسلامدا دروست نییە; بوخاری و مسلم لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: کەس ئاوات بە مردن نەخوازێت لەبەر ناڕەحەتییەك کە

تووشی دەبێت، یان چاکەکارە و کردەوەی چاکەی زیاتر دەکات، یان خراپەکارە بەڵکو تەوبە بکات و بگەڕێتەوە، ئەگەر ناچاربوو ئاوات بە مردن بخوازێت با بڵێت: پەروەردگارا بمژێنە هەتا ئەو کاتەی ژیان خێر و چاکەی تێدایە بۆم، بممرێنە ئەگەر مردن خێر و چاکە بێت بۆم; ئەمە ئەگەر ناڕەحەتی و تەنگەژەکە تایبەت بوو، بەڵام ئەگەر ترسی ئاشوب و بەڵا بێت لە ئایندا، ئەو کاتە دروستە داوای مردن بکرێت، وەك خوا هەواڵی جادووگەرەکان دەگێڕێتەوە کاتێك فیرعەون هەڕەشەی لێکردن بە کوشتن لەسەر باوەڕ هێنانیان، گوتیان: [رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَتَوَفَّنَا مُسۡلِمِينَ ١٢٦](الأَعۡرَاف)، مەریەم کاتێك ژانی منداڵبوونی بۆ هات گوتی: [يَـٰلَيۡتَنِي مِتُّ قَبۡلَ هَـٰذَا وَكُنتُ نَسۡيٗا مَّنسِيّٗا ٢٣](مَرۡيَم); ئیبن تەیمییە لە (مجموع الفتاوى)(370/8)دا دەڵێت: ئەوەی پەسەندە پێغەمبەر یوسف ئاواتی بە مردن نەخواستووە، بەڵکو لە پەروەردگاری پاڕاوەتەوە کاتێك مرد لەسەر ئیسلام بیمرێنێت و بیگەیەنێت بە پیاوچاکان.

اللە تعالی دەفەرموێ : (لَّهُمۡ عَذَابٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَشَقُّۖ وَمَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ) الرَّعْد : ٣٤

ئەو بێباوەڕانە هەر لە ژیانی دونیادا سزایان بۆ هەیە بە کوشتن و بە دیل گیران یان بەڵا و کارەسات، سزای دواڕۆژیان زۆر سەخت و دژوارترە، هیچ کەسێك نییە لە سزای پڕ ئێش و ئازاری خوا بیانپارێزێت.

بوخاری و مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەم ئاگرەی دونیای ئێوە کە بڵێسە دەسێنێت بەشێکە لە حەفتا بەش لە ئاگری دۆزەخ، گوتیان: سوێند بە خوا ئەمە بەس بوو ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: ئاگری دۆزەخ شەست و نۆ هێندەی تر گەرم و سوتێنەرترە، هەر بەشێکی هێندەی ئاگری دونیا بە گڕ و تینە.

اللە جلّ وعلا دەفەرموێ : (ٱلَّذِينَ يَسۡتَحِبُّونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٖ) إبراهِيم : ٣

ئەو کەسانەی ژیانی دونیایان پێخۆشە و هەڵیدەبژێرن و دەیدەن بەسەر ژیانی دواڕۆژدا، بەرهەڵستی دەکەن لە ئاین و ڕێگای خوا و

دەیانەوێت بە خواروخێچ نیشانی بدەن و خەڵکی لێ دوور بخەنەوە، ئەو کەسانە لە گومڕاییەکی زۆر دوورداون، هەڵەبوون لە ڕێگای ڕاست و هیدایەت.

بوخاری لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [وَيَبۡغُونَهَا عِوَجًاۚ] دەیانەوێت ئاینی خوا خواروخێچ پیشانی خەڵك بدەن.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَۚ وَيَفۡعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ) إبراهِيم : ٢٧

خوا ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە جێگیریان دەکات لەسەر گوتەی جێگیر و پتەو کە گەواهیدانی (لا إله إلا الله محمد رسول الله)یە لە ژیانی دونیا و لە گۆڕیشدا، خوا ستەمکاران گومڕا دەکات، خوا ویستی لەسەر هەرچی هەبێت ئەنجامی دەدات.

بوخاری و مسلم لە بەرائی کوڕی عازبەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: [يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ] دەربارەی سزای گۆڕ دابەزیوە، پێی دەگوترێت: کێ پەروەردگارتە؟ دەڵێت: پەروەردگارم خوایە، ئاینم ئایینی محمدە (ﷺ)، ئەمە ئەو جێگیرکردنەیە کە دەفەرموێت: [يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ]; لە ڕیوایەتێکی تری بوخاریدا دەفەرموێت: باوەڕدار ئەگەر لە گۆڕدا پرسیاری لێکرا: گەواهیدەدات: (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) ئەمەش ئەو فەرموودەی خوایە کە دەفەرموێت: [يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ]; سەعدی دەڵێت: خوا بەندە باوەڕدارەکانی جێگیر و دامەزراو دەکات، کە لە دڵیاندا باوەڕیان هێناوە و کردەوەیان بە ئەندامەکانی لەشیان ئەنجامداوە، خوا لە ژیانی دونیادا دامەزراویان دەکات لە کاتی هاتنی گومانەکان و هیدایەتیان دەدات و دڵنیاییان پێ دەبەخشێت، لە کاتی هاتنی ئارەزووەکان زاڵیان دەکات بەسەر حەز و نەفسیاندا، لە سەرەمەرگیشدا لەسەر ئایینی ئیسلام و کۆتایی باش جێگیریان دەکات، لە گۆڕیشدا هیدایەتیان دەدات بۆ وەڵامدانەوەی دوو فریشتەکە و دەڵێت: خوا پەروەردگارمە، و ئیسلام ئاینمە، و محمد (ﷺ) پێغەمبەرمە، [وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَۚ] خوا ستەمکاران لە ڕاستی گومڕا دەکات لە دونیا و دوارۆژدا، خوا ستەمی لێ نەکردوون بەڵکو خۆیان ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردووە، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە لە گۆڕدا سزا و نازونیعمەت هەیە; تەبەری دەڵێت: مانای [يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا] باوەڕداران جێگیر و دامەزراو دەکات لە ژیانی دونیادا لەسەر باوەڕ بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، [وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ] بەهەمان ئەو شێوەی لە ژیانی دونیا کاتێك لە گۆڕەکانیان پرسیاریان لێ دەکرێت، بە جێگیری لەسەر باوەڕەکەیان وەڵامی فریشتەکان دەدەنەوە.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (۞وَقِيلَ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ مَاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡۚ قَالُواْ خَيۡرٗاۗ لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞۚ وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞۚ وَلَنِعۡمَ دَارُ ٱلۡمُتَّقِينَ) النَّحْل : ٣٠

بەو کەسانەی پارێزکار و لە خوا ترسن دەگوترێت: پەروەردگارتان چی دابەزاندووە، دەڵێن: خێر و چاکەی دابەزاندووە، بۆ ئەو کەسانەی لەم دونیا باوەڕدار و چاکەکاربوون، بەهەشت و پاداشتی باشیان بۆ هەیە، شوێن و جێگای دوارۆژ باشترە، شوێنی مانەوەی پارێزکارە لە خوا ترسەکان باشترین شوێنە کە بەهەشتی پانوبەرینە.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ) النَّحْل : ٤١

ئەو کەسانەی لە پێناوی خوا کۆچیان کرد، دوای ئەوەی ستەمیان لێکرا و چەوسێندرانەوە و نیشتیمان و کەسوکاریان بەجێهێشت، لە دونیا لە شوێن و جێگای باش نیشتەجێیان دەکەین، پاداشتی دوارۆژیان گەورەترە، ئەگەر ئەو کەسانەی لە کۆچکردن دواکەوتوون بیانزانیایە چی پاداشتێك بۆ کۆچەرییەکان هەیە، کەسیان دوانەدەکەوتن.

ئیبن کەسیر دەڵێت: دەشێت ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو هاوەڵانە دابەزیبێت کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، بێباوەڕان لە مەککە زۆر ئازاریاندان، هەتاکو لە دەستیان دەرچوون و کۆچیان کرد بۆ وڵاتی حەبەشە، بۆ ئەوەی بتوانن پەروەردگاریان بپەرستن، لە بەڕێزترین ئەو هاوەڵانەی کۆچیان کرد، عوسمانی کوڕی عەفان و هاوسەرەکەی ڕوقییەی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، جەعفەری کوڕی ئەبوتالبی ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەبوسەلەمە، کۆمەڵێك هاوەڵبوون نزیکەی هەشتا کەس دەبوون; تەبەری لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ] مەبەست هاوەڵانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) خەڵکی مەککە ستەمیان لێکردن، لە وڵاتی خۆیان دەریان کردن، هەتا هەندێکیان کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، پاشان خوا لە مەدینە نیشتەجێیکردن، کردییە شوێنی کۆچکردنیان، پشتیوانی لە باوەڕداران بۆ پەیداکردن.

الله تعالى دەفەرموێ : (ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسْتَحَبُّواْ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْءَاخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ) **النَّحْل :** ١٠٧

ئەو تۆڕەبوونەی خوا لێیان لەبەر ئەوەبوو، ژیانی دونیایان خۆشویست و دایان بەسەر ژیانی دواڕۆژدا، بێگومان خوا هیدایەتی کۆمەڵی بێباوەڕان نادات.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (وَءَاتَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً ۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ) **النَّحْل :** ١٢٢

لە دونیادا هەموو خێر و چاکەیەکمان پێبەخشی، بێگومان لە دواڕۆژدا لە پلە باڵاکانی بەهەشتە لەگەڵ پیاوچاکاندایە. [وَءَاتَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً ۖ] ئیبن جەوزی دەڵێت: شەش لێکدانەوەی بۆ کراوە، یەکەم: باسکردنە بە باشە، دووەم: پێغەمبەرایەتییە، سێیەم: ڕاستگۆییە، چوارەم: هەموو خاوەن ئاینەکان خۆشیان دەوێت و لێی ڕازین، پێنجەم: لەگەڵ ئەوەی سەڵەوات دەدرێت لەسەر پێغەمبەری خوا محمد (ﷺ)، سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر ئیبراهیمش دەدرێت، شەشەم: بەخشینی منداڵی باشە لە تەمەنی پیریدا.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا) الكهف : ٢٨

ئارام بگرە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەپارێنەوە و پەرستشی پەروەردگاریان دەکەن لە سەرەتا و کۆتایی ڕۆژ بەدڵسۆزییەوە و تەنها مەبەستیان ڕەزامەندی خوای خاوەنی ڕووی پیرۆزە، چاوەکانت لەسەریان لامەدە و ڕازاوەیی ژیانی دونیات بوێت، گوێڕایەڵی ئەو کەسە مەکە دڵیمان غافڵ و بێئاگا کردووە لە یادی خۆمان، شوێن حەز و ئارەزوو کەوتووە، هەموو کردەوەی کات بەفیڕۆدان و بێسەروبەرە.

تەبەری و ئیبن ئەبوحاتەم لە نافعەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: ئیبن عومەر پێی ڕاگەیاندم ئەم ئایەتە: [وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم] مەبەست ئەو کەسانەیە ئامادەی نوێژە فەرزەکان دەبن بۆ ئەنجامدانی بە کۆمەڵ; بەیەقی لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ] مەبەست پێنج نوێژە فەرزەکەیە; ئیبن کەسیر دەڵێت: ئیبن عەباس دەڵێت: [وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ] بەجێیان مەهێڵە، کەسانی تر لە بری ئەوان هەڵبژێریت کە خاوەن پلەوپایە و ناوبانگ و سامانبن; [وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا] گوێڕایەڵی ئەو کەسە مەکە خەریکبووە بە دونیاوە و غافڵ بووە لە ئایندارى و پەرستشی پەروەردگاری، [وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا] شوێن حەز و ئارەزووی کەوتووە و هەموو کردار و گوفتاری گێڵی و کات بەفیڕۆدان و بێسەروبەرییە، گوێڕایەڵی مەکە و ڕێبازەکەیت خۆش نەوێت و ئێرەیی بە حاڵی مەبە، وەك دەفەرموێت: [وَلَا تَمُدَّنَّ عَيۡنَيۡكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّنۡهُمۡ زَهۡرَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ١٣١](طه); ئیبن تەیمییە لە (مجموع الفتاوى)(59/11)دا دەڵێت: [وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ] ئەمە گشتییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئەم وەسفەیان تێدایە، وەك ئەو کەسانەی نوێژی بەیانی و نوێژی عەسر بە کۆمەڵ دەکەن، چونکە بێگومان ئەو کەسانە لە پەروەردگاریان دەپارێنەوە لە سەرەتای ڕۆژ و کۆتایی ڕۆژ; ئیبن عوسەیمین دەڵێت: ئەم ئایەتە بەڵگەی سەلماندنی ڕووی تێدایە بۆ خوا و ئەهلی سوننەت کۆڕان لەسەر سەلماندنی ڕوو بۆ خوای پەروەردگار، چونکە قورئان و سوننەتیش بەڵگەیە لەسەر ئەوە، خوا دەفەرموێت: [وَيَبۡقَىٰ وَجۡهُ رَبِّكَ ذُو ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ ٢٧](الرَّحۡمَٰن)، بوخاری لە جابرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: پەنا دەگرم بە ڕووت; هەموو سەلەفی ئوممەت و پێشەواکانی کۆڕان لەسەر سەلماندنی ڕوو بۆ خوا، [يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ] ئاماژەیە بۆ دڵسۆزی و تەنها لەبەر خوا ئەنجامدانی کردەوە; ئیبن ماجە و تەبەری لە خەبابی کوڕی ئەرەتەوە ڕیوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: ئەقرەعی کوڕی حابس و عوییەنەی کوڕی حصن هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بینییان پێغەمبەری خوا صوهەیب و بیلال و عەمار و خەباب و کۆمەڵێك خەڵکی لاواز و بێ دەسەڵاتی باوەڕدارانی لەگەڵدایە، بە چاوێکی سووکەوە تێیان ڕوانین، پێغەمبەری خوایان (ﷺ) جیاکردەوە پێیان گوت: دەمانەوێت کۆڕێك تایبەت بکەیت بۆ دانیشتن لەگەڵ ئێمە بۆ ئەوەی عەرەب فەزڵ و ڕێزی ئێمە بزانن، چونکە شاندی عەرەب دێن بۆ لات، ئێمە پێمان شەرمە عەرەب لەگەڵ ئەم کۆیلانەدا بمان بینن، کاتێك ئێمە هاتین بۆ لات ڕوخسەتیان بدە، ئەگەر دانیشتنت لەگەڵ ئێمە تەواوبوو، لەگەڵیان دابنیشە ئەگەر ویستت، فەرمووی: بەڵێ، گوتیان: نوسراوێکمان لەوبارەیەوە لەسەر خۆت بۆ بنووسە، بانگیکرد پارچە کاغەزێکی بۆ بهێنن و بانگی عەلی کرد بۆ ئەوەی نوسراوەکە بنوسێت، ئێمە لە گۆشەیەکەوە دانیشتبووین، جبریل هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتانەی بۆ دابەزاند: [وَلَا تَطۡرُدِ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ مَا عَلَيۡكَ مِنۡ حِسَابِهِم مِّن شَيۡءٖ وَمَا مِنۡ حِسَابِكَ عَلَيۡهِم مِّن شَيۡءٖ فَتَطۡرُدَهُمۡ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥٢]، پاشان ناوی ئەقرەعی کوڕی حابس و عوییەنەی کوڕی حصنی هێنا، و فەرمووی: [وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنۢ بَيۡنِنَآۗ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ٥٣]، پاشان فەرمووی: [وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۖ كَتَبَ رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَ ٥٤](الأنعام)، خەباب دەڵێت: ئیدی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزیکبوونەوە هەتاکو ئەژنۆمان نوساند بە ئەژنۆکانییەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵمان دادەنیشت، ئەگەر بیویستایە دەڕۆیشت و ئێمەی بەجێ دەهێشت، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: [وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ]، هەروەها لەگەڵ ئەو دەم ڕاست و پیاوماقوڵانەدا دامەنیشە: [تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا] مەبەستی عوییەنە و ئەقرەعە: [وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا ٢٨](الكَهۡف)، سەرئەنجامیان تیاچوونە، پاشان خوا نموونەی بەو دوو کەسە هێنایەوە لە ژیانی دونیا، فەرمووی: [۞وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلٗا رَّجُلَيۡنِ جَعَلۡنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيۡنِ مِنۡ أَعۡنَٰبٖ وَحَفَفۡنَٰهُمَا بِنَخۡلٖ وَجَعَلۡنَا بَيۡنَهُمَا زَرۡعٗا ٣٢]،

خەباب دەڵێت: ئیدی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دادەنیشتین، ئەگەر ئەو کاتە بە کۆتا بگەیشتایە کە دەبوو هەستێت ئێمە دەڕۆیشتین و بەجێمان دەهێشت دوایی ئەو دەڕۆیشت; مەبەستی ئەوەیە فەرمانەکەی خوای بەجێ هێنا کە فەرمانی پێکرد لەگەڵ باوەڕداران ئارام بگرێت.

اللە تبارك وتعالى دەفەرموێ : (ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعۡيُهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ يُحۡسِنُونَ صُنۡعًا) الكهْف : ١٠٤

ئەو کەسانەن هەوڵ و تەقەلایان لە ژیانی دونیا بە هەدەر و زایەچووە، لە کاتێکدا خۆیان دڵنیابوون کردەوەی باشیان ئەنجامداوە.

بوخاری لە موصعەبەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پرسیارم لە سەعدی کوڕی ئەبووەقاصی باوکم کرد: [قُلۡ هَلۡ نُنَبِّئُكُم بِٱلۡأَخۡسَرِينَ أَعۡمَٰلًا ١٠٣] ئایا مەبەست حەروریيە خەوارجەکانە، گوتی: نەخێر، مەبەست جوولەکە و گاورە، جوولەکە محمدیان بە ڕاست نەزانی، گاورەکان باوەڕیان بە بەهەشت نەبوو، دەیانگوت: خواردن و خواردنەوەی تێدا نییە، حەروریيەکان دوای ئەوەی پەیمان و بەڵێنیان بە خوا داوە هەڵی دەوەشێننەوە، و سەعد پێی دەگوتن: تاوانبار و لارێ; ئیبن کەسیر دەڵێت: عەلی کوڕی ئەبوتالب و زەحاك و کەسانی تریش دەڵێن: ئەم ئایەتە وەك چۆن جوولەکە و گاورەکان دەگرێتەوە بە هەمان شێوە خەوارجە حەروریيەکانیش دەگرێتەوە، چونکە ئایەتەکە مەککییە ڕووی گوتار لە جوولەکە و گاور نەبووە، خەوارجیش بوونیان نەبووە، مەبەست ئەوەیە ئایەتەکە گشتگیرە بۆ هەموو کەسێك خوا بپەرستێت لەسەر ڕێبازێکی پێچەوانەی شەریعەت و گومانی وابێت ڕاستی پێکاوە و کردەوەکەی وەردەگیرێت، لە کاتێکدا هەڵەیە و کردەوەکەشی ڕەت دەکرێتەوە و قەبوڵ ناکرێت.

الله تعالی دەفەرموێ : (قَالُواْ لَن نُّؤۡثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِي فَطَرَنَاۖ فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٍۖ إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ) طه : ٧٢

جادووگەرەکان بە فیرعەونیان گوت: هەرگیز هەڵتنابژێرین و لەبەر تۆ دەست هەڵناگرین لەو بەڵگە و نیشانە ڕوونانەی لە لایەن پەروەردگارمانەوە بۆمان هاتووە کە دروستی کردووین و بەدیهێناوین، بۆیە هەرچیت لە دەست دێت ئەنجامی بدە، چونکە بەدڵنیاییەوە ژیانی ئەم دونیا کۆتایی دێت.

ئەمە وەڵامی جادووگەرەکانە کە باوەڕیان بە خوای پەروەردگار هێنا، لە وەڵامی هەڕەشەکەی فیرعەوندا کە گوتی: [فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمۡ فِي جُذُوعِ ٱلنَّخۡلِ وَلَتَعۡلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابٗا وَأَبۡقَىٰ]، پێیان ڕاگەیاند دەسەڵاتی تۆ تەنها لە دونیایە و ئەویش بە هەرشێوەیەك بێت دەگوزەرێت: [إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ]، سەرفرازی و بردنەوەی گەورە ڕزگاربوونە لە سزای ڕۆژی قیامەت، [فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٍۖ] بۆیە هەرچیت لە دەست دێت دڕێخی مەکە.

الله جلّ حدەفەرموێ : (وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَتۡرَفۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يَأۡكُلُ مِمَّا تَأۡكُلُونَ مِنۡهُ وَيَشۡرَبُ مِمَّا تَشۡرَبُونَ) المُؤمنون : ٣٣

دەمسپی و پیاو ماقوڵە بێباوەڕەکانی گەلەکەی دیداری ڕۆژی دواییان بە درۆ دەزانی و خۆشگوزەرانی و ڕۆزی فراوانمان پێبەخشیبوون لە ژیانی دونیا گوتیان: ئەم کەسە هیچ نییە جگە لە مرۆڤێکی وەك ئێوە دەخوات لەوشتانەی ئێوە لێی دەخۆن و دەخواتەوە لەوەی لێی دەخۆنەوە.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (إِنۡ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا نَحۡنُ بِمَبۡعُوثِينَ) المُؤمنون : ٣٧

ژیان تەنها ئەم ژیانەی دونیامانە کەسانێك دەمرن و کەسانێك دەژین، ئێمە زیندوو ناکرێینەوە.

بەغەوی دەڵێت: [إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا] گوتراوە: پێش و پاشییەکی تێدایە، مانای ئەوەیە: دەژین و دەمرین، چونکە ئەوان نکۆڵی زیندووبوونەوەیان دەکرد، گوتراوە: بابوباپیران دەمرن، منداڵەکان دەژین، گوتراوە کەسانێك دەمرن و کەسانێك دەژین.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ لَمَسَّكُمۡ فِي مَآ أَفَضۡتُمۡ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ) النُّور : ١٤

ئەگەر فەزڵ و بەزەیی خوا نەبووایە بەسەرتانەوە لە دونیا و دواڕۆژدا بەهۆی ئەوەی لە ئەو درۆ خراپەدا ڕۆچوون دووچاری سزایەکی گەورە دەبوونەوە.

الله تعالى دەفەرموێ : (إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ) النُّور : ١٩

بێگومان ئەو کەسانەی پێیانخۆشە کردەوە خراپە قێزەونەکانی وەك زینا بڵاوبێتەوە لە نێوان ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە، سزایەکی زۆر بە ئازاریان بۆ هەیە لە دونیا و دوارۆژدا، خوا زانایە بە درۆی ئەو بوختانەی ئەو کەسانە هەڵیان بەست و ئێوە نازانن.

ئیبن کەسیر دەڵێت: [إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ] واتە: ئەوە هەڵدەبژێرن و قسەی نەشیاوی لەسەر بڵاودەکەنەوە، [لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ فِي ٱلدُّنۡيَا] لە دونیا سزای بە ئازاریان بۆ هەیە بە حەد لێدانیان، [وَٱلۡأٓخِرَةِۚ] بە سزادان; ئیبن ماجە لە ئیبن عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: هەرکەسێك کەموکورتی برا موسڵمانەکەی بپۆشێت، خوا کەموکورتی لە ڕۆژی قیامەتدا دەپۆشێت، هەرکەسێك کەموکورتی برا موسڵمانەکەی ئاشکرا بکات، خوا کەموکورتی ئاشکرا دەکات، هەتاکو لە ماڵەکەی خۆیدا بەهۆیەوە ڕیسوای دەکات; و بوخاری لە (الأدب المفرد) لە عەلییەوە ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، دەڵێت: ئەو کەسەی بوختان دەکات، ئەو کەسەی بڵاوی دەکاتەوە، لە تاواندا یەکسانن.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡغَٰفِلَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ لُعِنُواْ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٌ) النُّور : ٢٣

بێگومان ئەو کەسانەی ئافرەتە باوەڕدارە داوێنپاکە بێئاگاکان کە ئەو تاوانە بەدڵیاندا نەهاتووە تۆمەتبار دەکەن بە زیناکاری، نەفرەتیان لێکراوە لە دونیا و دوارۆژدا، سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە.

ئیبن کەسیر دەڵێت: ئەمە هەڕەشەیە لە خواوە بۆ ئەو کەسانەی بوختان دەکەن بۆ ئافرەتە داوێنپاکە بێئاگاکان کە دوورن لە تاوان، هاوسەرەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگرێتەوە، بەتایبەت هۆکاری دابەزینەکەی عائیشەی کچی صدیقە، زانایان کۆڕان هەرکەسێك دوای ئەم ئایەتانە قسەی نەشیاو بە عائیشەی دایکی باوەڕداران بڵێت و بوختانی بۆ بکات بێباوەڕە، چونکە دژایەتی قورئانی کردووە، دەربارەی هاوسەرەکانی تری پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو بۆچوون هەیە، بەڵام ئەوەی بۆچوونی دروستە هەمان حوکمی عائیشەی دایکی باوەڕدارانیان هەیە، بوخاری و مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خۆتان بە دوور بگرن لە حەوت تاوانە لەناوبەرەکە، گوتیان: کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: هاوبەشبڕیاردان بۆ خوا، جادوگەری، کوشتنی نەفسێك کە خوا حەرامی کردووە بە حەق نەبێت، خواردنی سوو، خواردنی ماڵی هەتیو، پشت هەڵکردن و خۆ دزینەوە لە ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەی بێباوەڕان، تۆمەتبارکردنی ئافرەتی باوەڕداری بێئاگای داوێنپاك بە زینا.

الله عزّ وجل دەفەرموێ : (وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱلَّذِينَ يَبْتَغُونَ ٱلْكِتَٰبَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا ۖ وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ ۚ وَلَا تُكْرِهُوا۟ فَتَيَٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)

النُّور : ٣٣

ئەو کەسانەی توانایان نییە هاوسەرگیری بکەن باخۆیان بپارێزن و داوێنیان پاکڕابگرن، هەتاکو خوا لە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات، ئەو کۆیلانەتان کە دەیانەوێت گرێبەستیان لەگەڵدا بکەن بۆ ئازادبوونیان، ئەگەر زانیتان خێر و چاکەیان تێدایە گرێبەستیان لەگەڵدا بکەن، هەندێك لەو سامانەی خوا پێی بەخشیون پێیان ببەخشن، کەنیزەکەکانتان ناچار مەکەن کاری داوێنپیسی بکەن، ئەگەر ویستی داوێنپاکییان هەبوو، بۆ ئەوەی شتومەکی دونیاتان دەست بکەوێت، هەرکەسێك کەنیزەکەکانی ناچار بکات بۆ ئەو کرداڕە، بێگومان خوا لێخۆشبوو و پۆشەری تاوانە و بە بەزەییە دوای ئەوەی کەنیزەکەکان ناچار دەکرێن بۆ ئەنجامدانی ئەو کرداڕە، تاوانیان لەسەر ئەوانەیە ناچاریان دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

ئیبن کەسیر دەڵێت: [وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ] ئەمە فەرمانە بۆ ئەو کەسانەی ناتوانن هاوسەرگیری بکەن، بە خۆپارێزی و داوێنپاکی و خۆپاراستن لە حەرام، [وَٱلَّذِينَ يَبْتَغُونَ ٱلْكِتَٰبَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا ۖ] ئەمە فەرمانە لە خوا بۆ خاوەن کۆیلەکان ئەگەر کۆیلەکانیان داوایان لێ بکەن گرێبەستی ئازادبوونیان لەگەڵدا بکەن، بە مەرجێك کۆیلەکە لە توانایدا هەبێت و ئیشوکارێکی هەبێت بتوانێت ئەو سامانە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی کە بە مەرجیگرتووە لەسەری، زۆرێك لە زانایان بۆچوونیان وایە ئەم فەرمانە بۆ ڕێنماییە و سوننەتە، نەوەك فەرمانی پێویستکردن، بەڵکو خاوەنەکەی سەرپشکە ئەگەر کۆیلەکەی داوای لێکرد گرێبەستی لەگەڵدا بکات بۆ ئازادبوونی، ئەگەر ویستی گرێبەستی لەگەڵدا دەکات، ئەگەر ویستی ئەو کارە ناکات، بوخاری دەڵێت: ڕەوح لە ئیبن جورەیجەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت بە عەتام گوت: ئایا واجبە لەسەرم ئەگەر زانیم سامانی هەیە گرێبەستی لەگەڵدا بکەم؟، گوتی: من بەواجبی دەبینم، عەمری کوڕی دینار دەڵێت بە عەتام گوت: لە کەسێکەوە ئەوە دەگێڕیتەوە؟ گوتی: نەخێر،

پاشان گوتی: موسای کوڕی ئەنەس هەواڵی پێداوم، سیرین پرسیاری لە ئەنەس کردووە دەربارەی گرێبەستی لەگەڵیدا، کە سامانێکی زۆری هەبووە، ڕازی نەبووە گرێبەستی لەگەڵدا بکات، ڕۆیشت بۆ لای عومەری کوڕی خەتاب گوتی: گرێبەستی لەگەڵدا بکە، ڕەدی کردەوە گرێبەستی لەگەڵ بکات، بە ئامرازێك بە دەستییەوە بوو لێیدا، عومەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە: [فَكَاتِبُوهُمۡ إِنۡ عَلِمۡتُمۡ فِيهِمۡ خَيۡرٗاۖ] گرێبەستی لەگەڵدا کرد; بوخاری ئەمەی بە موعەلەقی هێناوە، ئەمە بۆچوونی کۆنی شافعییە بە ڕەحمەت بێت، بۆچوونی تازەی ئەوەیە واجب نییە، لەبەر ئەو فەرموودەی کە دەفەرموێت: سامانی موسڵمان حەڵاڵ نییە بە ڕەزامەندی خۆی نەبێت; مالك دەڵێت: لای ئێمە لەسەر خاوەن بەندە پێویست نییە گرێبەستی لەگەڵدا بکات ئەگەر داوای لێبکات، لە کەس لە پێشەواکانم نەبیستووە ناچاری کەسێك بکات گرێبەست لەگەڵ کۆیلەکەیدا بکات، ئەمە فەرمانێکە لە خواوە، ڕێگە پێدانی خوایە بۆ خەڵك و واجب نییە، ئەمە بۆچوونی سەوری و ئەبوحەنیفە و عبدالرحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمە، تەبەری ئەو بۆچوونەی هەڵبژاردووە کە واجبە لەبەر ڕواڵەتی ئایەتەکە، [إِنۡ عَلِمۡتُمۡ فِيهِمۡ خَيۡرٗاۖ] هەندێکیان دەڵێن: ئەمانەتپارێزییە، گوتراوە: ڕاستگۆییە، گوتراوە: سامانە، گوتراوە: پیشە و ئیشوکارە، [وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِيٓ ءَاتَىٰكُمۡۚ] ڕاڤەکاران ناکۆکن لە لێکدانەوەی، هەندێکیان دەڵێن: مانای ئەوەیە هەندێك لەوەی لە گرێبەستەکەدایە دەستی لێ هەڵبگرن، هەندێك دەڵێن: مەبەست لەو بەشەیە لە سامانی زەکات کە خوا پێویستی کردووە بۆیان، ئەمە بۆچوونی حەسەن و عبدالرحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم و باوکی و موقاتلی کوڕی حەیان و هەڵبژاردەی تەبەریە، [وَلَا تُكۡرِهُواْ فَتَيَٰتِكُمۡ عَلَى ٱلۡبِغَآءِ إِنۡ أَرَدۡنَ تَحَصُّنٗا لِّتَبۡتَغُواْ عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ] خەڵکی سەردەمی نەفامی ئەگەر کەسێکیان کەنیزەکێکی هەبووایە دەینارد بۆ کاری داوێنپیسی، باجی لەسەر دادەنا هەموو کاتێك لێی وەردەگرت، کاتێك ئیسلام هات خوا یاساغی ئەوەی کرد لە موسڵمانان، هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە وەك زیاتر لە ڕاڤەکارێکی سەلەف و خەلەف باسی دەکەن، دەربارەی عبدالله‌ی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولی دووڕوو بووە، کەنیزەکی هەبووە ناچاری دەکردن داوێنپیسی بکەن بۆ ئەوەی داهاتیان پێ کۆ بکاتەوە، لەبەر حەزی بۆ منداڵ، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکیان، نەفرەتی خوای لێ بێت; ئیبن ئەبوحاتەم لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [إِنۡ أَرَدۡنَ تَحَصُّنٗا] واتە: ئەگەر داوێنپاکی و ڕەوشت جوانییان ویست; ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەگەر خۆیان نەیان ویست دەتوانرێت ڕێگایان پێ بدرێت بۆ ئەو کردارە، بەڵکو وەك ئیبن کەسیر دەڵێت: (خرج مخرج الغالب) مسلم لە جابری کوڕی عبدالله‌وە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: دوو کەنیزەکی عبدالله‌ی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول کە یەکێکیان ناوی موسەیکە ئەوی

تریان ناوی ئومەیمە بوو، ناچاری دەکردن لەسەر زیناکردن، سکالّایان هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: [وَلَا تُكۡرِهُواْ فَتَيَٰتِكُمۡ عَلَى ٱلۡبِغَآءِ] هەتاکو [غَفُورٞ رَّحِيمٞ]; ئیبن ئەبوحاتەم لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە: [فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعۡدِ إِكۡرَٰهِهِنَّ غَفُورٞ رَّحِيمٞ] مانای ئەوەیە خوا لێخۆشبووە و پۆشەری تاوانە بۆ ئەو کەنیزەکانەی ناچار دەکرێن بە داوێنپیسی; لە عەتای خۆراسانییەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: خوا بەڵێنی لێخۆشبوون و پۆشینی تاوانی بەو کەنیزەکانە داوە کە ناچاردەکرێن بە داوێنپیسی، ئەگەر تەوبە بکەن و کردەوەی باش ئەنجام بدەن.

الله تعالى دەفەرموێ : (وَقَالَ إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ) العَنكبوت : ٢٥

پێغەمبەر ئیبراهیم فەرمووی: بێگومان ئێوە ئەو بت و پەیکەرانەی دەیانپەرستن جگە لە خوا کردووتانەتە هۆکاری دۆستایەتی و خۆشەویستی نێوانتان لە ژیانی دونیا، پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا هەندێکتان خۆتان بەریدەکەن لە هەندێکتان و حاشا لەیەك دەکەن، و هەندێکتان نەفرەت لە هەندێکتان دەکەن، جێگای هەمووتان ئاگری دۆزەخە، و کەس نییە سەرتان بخات و لە سزای خوا ڕزگارتان بکات.

ئیبن قەیم لە (مدارج السالکین)(2/90-91)دا دەڵێت: ئەمە ئیشی هەموو دوو کەسێکە کە لە پرسێکدا هاوبەشن، یەکتریان خۆش دەوێت هەتاکو یارمەتیدەری یەکترین لە بەدەست هێنانی، ئەگەر ئەو مەبەستە کۆتایی هات، پەشیمان و خەفەت و ئێش و ئازاری بەدوادا دێت، ئەو خۆشەویستییە دەبێتە ڕق و کینە و نەفرەتکردن، بەخراپە باسکردنی هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان، وەك چۆن لەم دونیا دەبینرێت هەموو دوو کەسێك هاوبەشبووبن لە خراپە و سەرشۆڕییەك، ئەگەر دەستگیرکران و سزادران، هەموو ئەوانەی هاوکاربوون لەسەر شتێکی پووچەڵ و لەسەر ئەوە دۆستایەتییان کردبێت، بەدڵنیاییەوە ئەو دۆستایەتیەیان دەبێتە ڕق و کینە و دوژمنایەتی، ڕێسایەکی بە سود بۆ تێکەڵی کردنی خەڵك ئەوەیە تێکەڵی خەڵك بیت لە خێردا وەك هەینی و نوێژی بە کۆمەڵ و جەژنەکان و حەج و فێربوونی زانست و جیهاد و ئامۆژگاریکردن، دووركەوتنەوە لێیان لە خراپەدا و حەڵاڵە زیادەکان، ئەگەر پێویستبوو لە شەڕ و خراپەدا تێکەڵیان بیت، نەتوانیت لێیان دووركەویتەوە، وریابە هاوڕایان نەبیت لە شەڕدا و ئارامبگرە لەسەر ئازاردانت، چونکە ئازار دەدرێیت ئەگەر هێز و توانا و سەرخەرێکت نەبێت.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا) الأحزاب : ٥٧

بێگومان ئەوانەی ئەزییەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەدەن خوا نەفرەتی لێکردوون لە دونیا و دواڕۆژدا، سزایەکی ڕیسواکەری بۆ ئامادەکردوون.

بوخاری و مسلم لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: نەوەی ئادەم ئەزیەتم دەدات جنێو و قسەی نەشیاو بە کات دەکات، کات بە دەستی منە و شەو و ڕۆژ بە دوای یەکدا دەهێنم; ئیبن تەیمییە لە (الصارم المسلول)(26)دا دەڵێت: ئەم ئایەتە پێویستی دەکات ئەو کەسەی ئەزییەتی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەدات دەبێت بکوژرێت; بوخاری و مسلم لە جابری کوڕی عبدالله‌وە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: کێ کەعبی کوڕی ئەشرەفی جوولەکەمان بۆ دەکوژێت، چونکە بەڕاستی ئەزییەتی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) داوە; تەبەری لە عیکرمەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: [ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ] ئەوانە وێنەکێشەکانن; لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پاکی و بەرزی بۆ خوا خەڵکانێك لەبەر نەفامییان ئەزییەتی پەروەردگاریاندا، ئەزییەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە بوو تانەیاندا لە خواستنی صەفییەی کچی حوییەی; ئیبن کەسیر لەسەر ئەم ئایەتە دەڵێت: ئەوەی دیارە ئایەتەکە گشتییە بۆ هەموو کەسێك کە بە شتێك ئەزییەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدات، هەرکەسێك ئەزییەتی بدات ئەزییەتی خوایداوە، هەرکەسێك گوێڕایەڵی بکات گوێڕایەڵی خوای کردووە; ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەسانێك ئەزییەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەدەن، بەڵام خوای پەروەردگار ئەوەی نەفی کردووە نەوەکانی ئادەم بتوانن زیانی پێ بگەیەنن، مسلم لە ئەبوزەری غیفارییەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوای گەورە دەفەرموێت: بەندەکانم ئێوە ناتوانن زیان بە من بگەیەنن، ناتوانن سودیشم پێ بگەیەنن.

اللە جلّ وعلا دەفەرموێ : (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ) فَاطِر : ٥

ئەی خەڵکینە دڵنیابن بەڵێنی خوا حەقە و جێبەجێ دەبێت، جوانی و ڕازاوەییەکانی دونیا فریوتان نەدات و لەخشتەتان نەبات و قیامەتتان لە بیر نەباتەوە، شەیتان فریوتان نەدات و لەخشتەتان نەبات بەوەی تاوان و خراپە ئەنجامبدەن و بەتەمای ڕەحم و بەزەیی خوابن.

اللە عزّ وجل دەفەرموێ : (فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلۡخِزۡيَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ) الزُّمَر : ٢٦

ئەو ئوممەتانەی باوەڕیان نەهێنا و پێغەمبەرانیان بە درۆ زانی خوا لە ژیانی دونیا سزای ڕیسواکەری پێچەشتن، سزای ڕۆژی دوایی گەورەترە و سەختترە، ئەگەر ئەوەیان بزانیایە باوەڕیان دەهێنا و پێغەمبەرانیان بە درۆ نەدەزانی.

الله تعالى دەفەرموێ : (فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ لِّنُذِيقَهُمۡ عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَخۡزَىٰۖ وَهُمۡ لَا يُنصَرُونَ) **فُصِّلَتْ :** ١٦

بایەکی زۆر بەهێزی ساردمان لێ هەڵکردن دەنگێکی بێزارکەری هەبوو، حەوت شەو و هەشت ڕۆژ بەردەوامبوو، زۆر ناڕەحەت و شووم بوو بۆیان، بۆ ئەوەی ئەو سزا ڕیسوا و سەرشۆڕیان بکات لە ژیانی دونیا، دڵنیابن دواڕۆژ ڕیسوایی و سەرشۆڕی و سزای سەختترە، کەس نییە ڕزگاریان بکات و بەهانایەنەوە بچێت.

الله تبارك وتعالى دەفەرموێ : (ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ ٱتَّخَذۡتُمۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوٗا وَغَرَّتۡكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ لَا يُخۡرَجُونَ مِنۡهَا وَلَا هُمۡ يُسۡتَعۡتَبُونَ) **الجاثِية :** ٣٥

ئەو سزایەی ئەمڕۆ دوچاریبوون، لەبەر ئەوەیە لە دونیا گاڵتەتان بە ئایەتەکانی خوا دەکرد، ژیانی دونیا هەڵیخەڵەتاندبوون و لە خشتەی بردبوون، ئەمڕۆ لە دۆزەخ دەرناکرێن، و داوایان لێناکرێت خوا لە خۆیان ڕازی بکەن و پەشیمان ببنەوە، و لەو کردەوە خراپانەیان کە ئەنجامیانداوە تەوبە بکەن.

الله جلّ وعلا دەفەرموێ : (وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ) الأحقاف : ٢٠

ئەو ڕۆژەی بێباوەڕان ئاگری دۆزەخیان پیشان دەدرێت و دەخرێتەڕوو، سەرزەنشت دەکرێن و پێیان دەگوترێت: لە هەموو چێژ و خۆشییەکان لە ژیانی دونیا چێژتان برد و ڕاتانبوارد و کۆتایی پێهات، ئەمڕۆ سزای توندی ڕیسواکەر دەدرێن بەهۆی ئەوەی بە ناحەق لەسەر زەوی خۆتان بە گەورە دەزانی، و بەهۆی ئەوەی سەرپێچی فەرمانی خواتان دەکرد. شەنقیتی باسێکی لەسەر ئەم ئایەتە هێناوە ئەمە پوختەکەیەتی، دەڵێت: زانایان قسەی زۆریان لەسەر ئەم ئایەتە کردووە و دەڵێن: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر خۆپارێزی و کەم خواردن و خواردنەوە و لەبەرنەکردنی پۆشاکی باش و هاوشێوەی ئەوانە، عومەری کوڕی خەتاب بەوشێوەی دەکرد لە ترسی ئەوەی ئەم ئایەتە بیگرێتەوە کە لە قیامەتدا پێیان دەگوترێت: [ٱلنَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا]، ڕاڤەکاران کۆمەڵە ئەسەرێکی زۆریان هێناوە، باسی ئەهلی صوفەیان و ئەو نارەحەتییەیان کردووە کە تووشیبوون، بەڵام ئەوەی پەسەندە مانای ئایەتەکە سەبارەت بە بێباوەڕانە، لەسەر باوەڕداران نییە، کە چێژ دەبەن لەوەی خوا بۆی حەڵاڵکردوون، چونکە بۆی حەڵاڵ نەکردوون بۆ ئەوەی چاکەکانیان تیابچێت، قورئان و سوننەتی صەحیح بەڵگەن لەسەر ئەوە، ئەوەی بۆ بێباوەڕانە ئایەتەکە ڕاشکاوە و دەفەرموێت: [وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ]، قورئان و سوننەتی صەحیح بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەگەر کافر کردەوەیەکی چاك ئەنجام بدات و هاوتای شەریعەت بێت، بەدڵسۆزییەوە بۆ خوا ئەنجامی بدات،

وەك ئەو كافرەی چاكەكارە لەگەلأ دایك و باوكی، سیلەی رەحمی دەگەیەنێت، رێزی میوانی دەگرێت، یارمەتی لێقەوماو دەدات، پشتگیری ستەملێكراو دەكات و مەبەستی خوایە، لە دونیا پاداشت دەدرێتەوە بە رۆزی و سەلامەتی و هاوشێوەی ئەوە و هیچ پاداشتێكی نییە لە قیامەتدا، لەو ئایەتانەی كە بەڵگەیە لەسەر ئەوە دەفەرموێت: [مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا وَهُمۡ فِيهَا لَا يُبۡخَسُونَ ١٥ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيۡسَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٦](هُود)، مسلم لە صەحیحەكەیدا لە ئەنەسەوە رِیوایەتی كردووە دەڵێت:
پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: بێگومان خوا هیچ ستەمێك لە باوەڕدار ناكات، لە دونیادا پاداشتی كردەوەی باشی دەداتەوە و رۆزی دەدات، لە رۆژی دواییشدا پاداشتەكەی وەردەگرێتەوە، بەڵام كەسی بێباوەڕ ئەگەر كارێكی باش لە دونیا ئەنجام بدات بەهۆیەوە خۆراك و رۆزی دەدرێت لە دونیا، لە رۆژی قیامەتدا هیچ پاداشتێكی نییە.

اللّٰه عزّ وجل دەفەرموێ : (فَأَعۡرِضۡ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكۡرِنَا وَلَمۡ يُرِدۡ إِلَّا ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا) النَّجْم : ٢٩

بۆیە ئەی پێغەمبەری خوا پشت بكە لەو كەسەی پشتی لەم قورئانەی ئێمە كردووە و باوەڕی بە خوا نییە، جگە لە ژیانی دونیا هیچی تری ناوێت و گرنگ نییە بەلایەوە.

بەشی دووەم : ژیانی دونیا لە فەرموودەکانی خۆشەویستمان ﷺ

لە فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ باسی ژیانی دونیا کراوە ، کە لە لای اللە تعالی ژیانی دونیا هیچ بایەخێکی نیە و ژیانی دونیا لە چاو ئاخیرەت بێ بەهایە .

عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما قَالَ : أَتَى النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلّم بَيْتَ فَاطِمَةَ فَلَمْ يَدْخُلْ عَلَيْهَا ، وَجَاءَ عَلِيٌّ فَذَكَرَتْ لَهُ ذلِكَ، فَذَكَرَهُ لِلنَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قال: (إِنِّي رَأَيْتُ عَلَى بَابِهَا سِتْراً مَوْشِيَاً ، فَقَالَ : (ما لِي وَلِلدُّنْيَا) . فَأَتَاهَا عَلِيٌّ فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهَا، فَقَالَتْ : لِيَأْمُرْنِي فِيهِ بِمَا شَاءَ، قَالَ : (تُرْسِلُ بِهِ إِلَى فُلَانٍ، أَهْلِ بَيْتٍ بِهِمْ حَاجَةٌ).البخاري

واتە : لە ئیبن عومەرە وە خوایان لێ ڕازی بێت ، وتی پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ ماڵی فاتیمە و نەچووە ژوورەوە بۆ لای عەلی هات و فاتیمە ئەوەی بۆ باس کرد، عەلیش ئەوەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) باس کرد فەرمووی: (من) لەسەر دەرگاکەی ئەو قوماشێکی ڕەنگا و ڕەنگم بینی هەروەها فەرمووی من چیمداوە لە دنیا (١)، عەلی هات بۆ لای فاتیمە و ئەوەی بۆ باس کرد فاتیمە وتی با پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی ئەو قوماشە فەرمانم پێ بکات چۆنی دەوێت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (بینێرە بۆ فلان خانەوادەیە پێویستیان پێیەتی.

(١) ئال و بەیتی پێغەمبەر ﷺ لە ژیان و گوزەراندا وەك پیغەمبەر (ﷺ) وابوون، بۆیە (من)ـە کە بۆ خۆی و ئال و بەیتی موبارەکی دەگەڕێتەوە.

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنهما) قَالَ: أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِمَنْكِبِي فَقَالَ: «كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ»البخاري

واتەڕ: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (رضي الله عنهما) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ شانی گرتم و فەرمووی: لە دونیادا وەکو کەسێکی غەریب بە، یاخود وەک کەسێکی ڕێبوار بە

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيَّ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «إِنِّي مِمَّا أَخَافُ عَلَيْكُمْ مِنْ بَعْدِي، مَا يُفْتَحُ عَلَيْكُمْ مِنْ زَهْرَةِ الدُّنْيَا وَزِينَتِهَا»البخاري

واتە : ئەبو سەعیدی خودریی (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: لەڕاستییدا ئەو تاقیکردنەوەی کە من زۆر دەترسم لەسەرتان لە دوای خۆم بریتیە لە دەرووکرانەوەی خوا بۆتان لە ڕازاوەیی و جوانی دونیا (کە ببێتە هۆی دانەمەزراویتان لەسەر دینداریی)

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا نَظَرَ أَحَدُكُمْ إِلَى مَنْ فُضِّلَ عَلَيْهِ فِي المَالِ وَالخَلْقِ، فَلْيَنْظُرْ إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلَ مِنْهُ»البخاري

واتە : ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر یەکێک لە ئێوە سەیری کەسێکی تری کرد (لەلایەن): ماڵ وسامانی زیاتری پێدرابوو، لە شێوەش لەو ڕێک و جوانتر بوو، ئەوە با سەیری کەسێک بکات لەو هەژارترەو لە ڕووی شێوەش لە خوار ئەوەوەیە

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ لاَ يَرْفَعَ شَيْئًا مِنَ الدُّنْيَا، إِلَّا وَضَعَهُ»البخاري

واتە : ئەنەسی کوڕی مالیک (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: بەدڵنیایی خوای باڵادەست، لەسەر خۆی پێویست کردوە، هەر شتێک کە لە دونیا بەرزی دەکاتەوە، مسۆگەر نزمیشی دەکاتەوە

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: « لَوْ أَنَّ لِابْنِ آدَمَ وَادِيًا مِنْ ذَهَبٍ، أَحَبَّ أَنْ يَكُونَ لَهُ وَادِيَانِ، وَلَنْ يَمْلَأَ فَاهُ إِلَّا التُّرَابُ»البخاري

واتە : ئەنەسی کوڕی مالیک (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر نەوەی ئادەم دۆڵێک زێری هەبێت، پێی خۆش بوو دوو دۆڵ زێری هەبێت، (بۆیە) هیچ شتێک زاری نەوەی ئادەم پڕ ناکات جگە لە گڵ (خۆڵ)

«وَلَنْ يَمْلَأَ فَاهُ إِلَّا التُّرَابُ» واتە: مرۆڤ پێداگرە لەسەر کۆکردنەوەی ماڵ و سامانی دونیا، هەتا دەمرێ، گۆڕەکەی پڕ دەبێتەوە بە خۆڵ

عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يَا أُمَّةَ مُحَمَّدٍ وَاللَّهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا، وَلبَكَيْتُمْ كَثِيرًا»البخاري

واتە : عائیشە (رضي الله عنها) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەی ئوممەتی موحەممەد سوێند بە خوا ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بیزانن، کەم پێدەکەنن و زۆر دەگرین

«عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه) قَالَ: خَطَبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ خُطْبَةً مَا سَمِعْتُ مِثْلَهَا قَطُّ، وَقَالَ: «لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ، لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيراً»، فَغَطَّى أَصْحَابُهُ وُجُوهَهُمْ لَهُمْ حَنِينٌ»

واتە : ئەنەس (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ وتارێکیدا، هەرگیز گوێم لە وتاری وا نەبووە، پێغەمبەری خوا ﷺ لە وتارەکەیدا فەرمووی: ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بیزانن، کەم پێدەکەنن و زۆر دەگرێن، هاوەڵانی ڕوخساری خۆیان داپۆشی (شتێکیان بەسەر سەری خۆیاندادا و سەریان نزم کردەوە)، هەنسکیان دەهات و بە کوڵ دەگریان.

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ قَالَ: «أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِمَنْكِبِيفَقَالَ: (كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَقُولُ: إِذَا أَمْسَيْتَ فَلا تَنْتَظِرُ الصَّبَاحَ وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلا تَنْتَظِرُ الْمَسَاءَ وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ»البخاري

واتە : (عبدالله) ی کوڕی (عمر) دەڵێت پێغەمبەر ﷺ شانی گرتم و فەرموی لە ژیان وەك غەریب و ئاوارە یان ڕێبوار بژی ، جا (إبن عمر) دەیگوت هەر کات ئێوارەت کردەوە چاوەڕێی بەیانی مەبە هەر کات بەیانیت کردەوە چاوەڕێی ئێوارە مەبە لە کاتی لەشساغی و تەندروستیتدا خەمی کاتی نەخوشیت بخۆ . لە ژیانتدت خەمی مردنت بخۆ .

عن سهل بن سعد الساعدي أنَّ رَسولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قالَ: رِبَاطُ يَومٍ في سَبيلِ اللَّهِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما عَلَيْهَا، ومَوْضِعُ سَوْطِ أَحَدِكُمْ مِنَ الجَنَّةِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما عَلَيْهَا، والرَّوْحَةُ يَرُوحُهَا العَبْدُ في سَبيلِ اللَّهِ، أَوِ الغَدْوَةُ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما عَلَيْهَا.البخاري

واتە : لە سەهلی کوڕی سعد دەڵێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (پاراستنی ڕۆژێک لە ڕێبازی خوادا باشترە لە دونیا و هەموو شتێک کە تێیدایە، بۆشایی یەک لە قامچیەکانت لە بەهەشت باشترە لە دونیا و هەموو شتێک کە تێیدایە، یەک دەرچوون لە بەیانیان یان ئێواران بۆ ڕێبازی خوا باشترە لە دونیا و هەموو شتێک کە تێیدایە).

وعن أنس أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: (حقٌّ على الله أن لا يرتفع شيء من الدنيا إلا وضعه) البخاري.

واتە : لە ئەنەسەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموی: حەق خودایە هیچ شتێک لەم دونیادا بەرز نەکرێتەوە ئیلا ئەوە نەبێت کە دایبەزاندوە.

عَنْ أَنَسٍ هُ قَالَ: خَطَّ النَّبِيُّ لا خُطُوطًا فَقَالَ: (هَذَا الْأَمَلُ وَهَذَا أَجَلُهُ فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ إِذْ جَاءَهُ الْخَطُّ الأَقْرَبُ .البخاري

واتە : (انس)ی کوڕی (مالك) دەڵێت پێغەمبەر ﷺ چەند هێڵێکی کێشا ، پاشان فەرموی ئەم هێڵە خوزگە و هیواکانیەتی، ئەمەش ئەجەل و وادەی مردنیەتی کاتی ئەو مرۆڤە لە ئاوا حاڵەتێکدایە نزیکترین هێڵ دێتە ڕێی (واتە : وادەی دێت و بێ ئاگایە و سەرگەرمی هیوا و خوزگەکانیەتی.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ هُ قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ : (لَا يَزَالُ قَلْبُ الْكَبِيرِ شَابًّا فِي اثْنَتَيْنِ فِي حُبِّ الدُّنْيَا وَطُولِ الأَمَلِ) .البخاري

واتە : (أبو هريرة) دەڵێت گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو و دەیفەرمو: بەردەوام دڵی ئادەمیزادی تەمەندار لە دوو شتدا بە گەنجی دەمێنێتەوە : لە خۆشویستنی دونیا و ئومێد و هیوا درێژیدا.

عَنْ عِتْبَانِ بْن مَالِكِ الأنصاري اللهُ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : (لَنْ يُوَافِيَ عَبْدٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَقُولُ: لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَبْتَغِي بِهِ وَجْهَ اللَّهِ إِلَّا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ النَّارَ).البخاري

واتە :(عتبان)ی کوڕی مالك الأنصاری) دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: هەر بەندەیەکی خوا لە دونیادا وتبێتی : لا اله الا الله ، واتە : هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لە خوا دڵسوزانە و لە بەر خوا وتبێتی خوا ئاگری دۆزەخی لەسەر حەرام دەکات گەر پاڵنەرری بێت بۆ دینداری و خودا پەرستی) .

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى:) مَا لِعَبْدِي الْمُؤْمِنِ عِنْدِي جَزَاءٌ إِذَا قَبَضْتُ صَفِيَّهُ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا ثُمَّ احْتَسَبَهُ إِلَّا الْجَنَّةُ).البخاري

واتە : (أبو هريرة) دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: خوای گەورە دەفەرموێ : هەرکات خۆشەویستێکی نازداری عەبدێکی مسوڵمانی خومم بردەوە (واتە:مراندم) لە دنیادا ، ئەویش لەبەر خوا قبوڵی کرد و بە تەمای پاداشت بوو، ئەوە پاداشتی هەر بەهەشتە.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (اللَّهُمَّ اجْعَلْ رِزْقَ آلِ مُحَمَّدٍ قُوتًا). [بخاري و مسلم]

واتە : (أبو هريرە)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (خوایە ڕزق و ڕۆزی بنەماڵە و نەوەی (محمد) هەر ئەمەندە بێت پێی بژین).

عَنْ عُرْوَةَ، عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) أَنَّهَا كَانَتْ تَقُولُ: وَاللَّهِ -يَا ابْنَ أُخْتِي- إِنْ كُنَّا لَنَنْظُرُ إِلَى الْهِلَالِ ثُمَّ الْهِلَالِ ثُمَّ الْهِلَالِ، ثَلَاثَةَ أَهِلَّةٍ فِي شَهْرَيْنِ، وَمَا أُوقِدَ فِي أَبْيَاتِ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) نَارٌ. قَالَ: قُلْتُ: يَا خَالَةُ فَمَا كَانَ يُعَيِّشُكُمْ؟ قَالَتِ: الْأَسْوَدَانِ: التَّمْرُ وَالْمَاءُ، إِلَّا أَنَّهُ قَدْ كَانَ لِرَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) جِيرَانٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، وَكَانَتْ لَهُمْ مَنَائِحُ، فَكَانُوا يُرْسِلُونَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) مِنْ أَلْبَانِهَا فَيَسْقِينَاهُ. [بخاري و مسلم]

واتە : لە (عروە)هوە، ئەویش لە (عائشە)هوە (خوای لێ ڕازی بێت) کە دەیوت: بەخوا –ئەی خوشکەزام- ئێمە جاری وابووە مانگی یەکشەوەمان دیوە، دیسان دیومانە، دیسان دیومانە، سێ مانگی یەکشەوە لە دوو مانگدا، لە ماڵەکانی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) ئاگر نەکراوەتەوە، دەڵێت: وتم جا باشە پوریێ بەچی دەژیان؟ وتی: بە خورما و ئاو، بەڵام ئەوە هەیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چەند دراوسێیەکی لە یاریدەدەران –الانصار- هەبوو کاسە دراوسێیان هەبوو، شیریان دەنارد بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەویش بەشی ئێمەی لێدەدا.

عَنْ عَائِشَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَتْ: لَقَدْ مَاتَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) وَمَا شَبِعَ مِنْ خُبْزٍ وَزَيْتٍ فِي يَوْمٍ وَاحِدٍ مَرَّتَيْنِ.مسلم

واتە : (عائشە)ی خێزانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تا وەفاتی کرد لە ڕۆژێکدا دوو جار تێرنان و ڕۆنی نەخواردووە.

عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتْ: مَا شَبِعَ آلُ مُحَمَّدٍ (صلى الله عليه وسلم) يَوْمَيْنِ مِنْ خُبْزِ بُرّ، إِلَّا وَأَحَدُهُمَا تَمْرٌ. [بخاري و مسلم]

واتە : (عائشە)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: خاو خێزانی (محمد)(صلى الله عليه وسلم) دوو ڕۆژ لەسەر یەك تێرنانی گەنمیان نەخواردووە بەڵکو ڕۆژێکیان هەر خورما بووە.

عَنْ أَبِي حَازِمٍ قَالَ: رأيت أَبا هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) يشيرُ بإِصْبَعه مراراً يَقول: وَالَّذِي نَفْسُ أَبِي هُرَيْرَةَ بِيَدِهِ، مَا أَشْبَعَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) أَهْلَهُ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ تِبَاعًا مِنْ خُبْزِ حِنْطَةٍ حَتَّى فَارَقَ الدُّنْيَا. [بخاري و مسلم]

واتە : (أبو حازم) دەڵێ: (أبو هريرە)هم بینی چەندین جار بەپەنجەی ئاماژەی دەکرد دەیووت: سوێند بەو کەسەی گیانی (أبو هريرە)ی بەدەستە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و خاو خێزانی سێ ڕۆژ لەسەریەك لەنانی گەنم تێر نەبوون تا دونیای بەجێ هێشت.

عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتْ: تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) وَمَا فِي رَفِّي مِنْ شَيْءٍ يَأْكُلُهُ ذُو كَبِدٍ إِلَّا شَطْرُ شَعِيرٍ فِي رَفّ لِي، فَأَكَلْتُ مِنْهُ حَتَّى طَالَ عَلَيَّ، فَكِلْتُهُ فَفَنِيَ. [بخاري و مسلم]

واتە : عائشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کاتێ وەفاتی کرد لەسەر ڕەفەکەمان شتێ نەبوو کە زیندەوەر پێی بژی نیومەن جۆ نەبێت لەسەر ڕەفەیەکم، ماوەیەکی زۆر لێمخوارد، کاتێ پێوام تەواو بوو.

عَنْ سِمَاكِ ابْنِ حَرْبٍ قَالَ: سَمِعْتُ النُّعْمَانَ (رضي الله عنه) يَخْطُبُ، قَالَ: ذَكَرَ عُمَرُ مَا أَصَابَ النَّاسُ مِنَ الدُّنْيَا، فَقَالَ: لَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَظَلُّ الْيَوْمَ يَلْتَوِي، مَا يَجِدُ دَقَلًا يَمْلَأُ بِهِ بَطْنَهُ.مسلم

واتە : (سماك)کوڕی(حرب) دەڵێ: گوێم لە (النعمان)ی کوڕی (البشير)بوو (خوای لێ ڕازی بێت) وتاری دەدا و دەیوت: (عمر)باسی خەڵکی کرد لەوەی تووشیان هاتبوو لە دونیادا، وتی: لە ڕاستیدا من پێغەمبەری خوام (صلى الله عليه وسلم) بینی ڕۆژ تا ئێوارە سکی هەڵدەگوشی، ئەوەندە خورمای (قەسپی) دەست نەدەکەوت سکی پێ تێر بکات.

عن ابي سعيد الخدري رضي الله عنه عن النبي (ﷺ) قال: إِنَّ الدُّنيا حلوةً خَضِرةٌ، وإِنَّ اللّٰهَ مُستَخْلِفُكُم فيها فينظر كيف تعملون، فاتقوا الدُّنيا واتقوا النساء، فإِنَّ اوَّلَ فتنة بني إسرائيل كانت في النساء. مسلم

واتە : بێگومان دونیا شیرین و کەسکە(سە وزە) وە بێگومان خوا ئێوەی تیادا جێنشین کردووە جا تەماشا دەکات ئێوە چی دەکەن کەواتە خۆتان بپارێزن لە دونیا وە خۆتان لە ئافرەتان بپارێزن، چونکە بێگومان یەکەم فیتنەی بەنی ئیسرائیل بەهۆی ئافرەتانەوە بوو .

عن جابر بن عبد الله ان رسول الله ﷺ مَرَّ بالسوق والناس كَنَفَتِيهِ، فَمَرَّ بِجَدْيِ اسَكَ مَيِّتِ فَتَناولَهُ وَاخَذَ بِأُذنِهِ ثُمَّ قَال: أَيُّكُم يُحبُّ أنْ يكونَ هذا لَهُ بِدرهم ؟ فقالوا: ما نُحِبُّ أَنَّهُ لنا بشيء وما تصنعُ بِهِ؟ ثُمَّ قال : أَتُحِبّونَ أَنَّهُ لَكُم؟ فقالوا: والله لو كان حياً كان عيباً، أَنَّهُ اسَكُ، فكيف وهو مَيِّتٌ! فقال: فوالله للدنيا أهون على الله من هذا عليكم. مسلم.

واتە : جابر ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت پێغەمبەر ﷺ بە بازاڕدا تێپەڕی خەڵکیش لەم لاو ئەولای بوو جا پێغەمبەر ﷺ بە لای گیسکێکی گوێ گچکەی مردارەوە بوودا ڕۆیشت گوێچکەی گیسکەکەی گرت و لە پاشان فەرمووی کامتان ئەوەی دەوێ بە درهەمێک؟ گوتیان: ئەوەمان بە بەلاشیش ناوێ جا ئێمە چی لەوە بکەین؟ لە پاشان فەرمووی حەز دەکەن ئەوە بۆ ئێوە بێت؟ گوتیان سوێند بە خوا ئەمە ئەگەر زیندووش بێت هەر عەیبدارە چونکە گوێیەکانی گچکەیە ئیتر بە مردارەوە بووبێ چۆن دەمانەوێ جا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی جا سوێند بە خوا ئەم دونیایە لە لای خوا سوکترو بێ قیمەت تر لەم گیسکە لە لای ئێوە .

عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (قُمْتُ عَلَى بَابِ الْجَنَّةِ فَإِذَا عَامَّةُ مَنْ دَخَلَهَا الْمَسَاكِينُ، وَإِذَا أَصْحَابُ الْجَدِّ مَحْبُوسُونَ، إِلَّا أَصْحَابَ النَّارِ فَقَدْ أُمِرَ بِهِمْ إِلَى النَّارِ. وَقُمْتُ عَلَى بَابِ النَّارِ فَإِذَا عَامَّةُ مَنْ دَخَلَهَا النِّسَاءُ). [بخاري و مسلم]

واتە : (اسامە)ی کوڕی (زید) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لەسەر دەرگای بەهەشت وەستام زۆربەی ئەوانەی لە بەهەشتا بوون هەژارەکان بوون. دەوڵەمەندەکانیش گیر درابوون، بەڵام دۆزەخیەکانیش فەرمانیان پێکرابوو بەرەو ئاگر، لەسەر دەرگای دۆزەخیش وەستام سەیر دەکەم زۆربەی ئەوانەی لە دۆزەخدا بوون ژنان بوون).

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) مَرَّ بِالسُّوقِ دَاخِلًا مِنْ بَعْضِ الْعَالِيَةِ وَالنَّاسُ كَنَفَتَهُ [وَفِي رواية: كَنَفَتَهُ] فَمَرَّ بِجَدْيٍ أَسَكَّ مَيِّتٍ، فَتَنَاوَلَهُ فَأَخَذَ بِأُذُنِهِ ثُمَّ قَالَ: (أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنَّ هَذَا لَهُ بِدِرْهَمٍ). فَقَالُوا: مَا نُحِبُّ أَنَّهُ لَنَا بِشَيْءٍ، وَمَا نَصْنَعُ بِهِ؟ قَالَ: (أَتُحِبُّونَ أَنَّهُ لَكُمْ). قَالُوا: وَاللَّهِ لَوْ كَانَ حَيًّا كَانَ عَيْبًا فِيهِ لِأَنَّهُ أَسَكُّ، فَكَيْفَ وَهُوَ مَيِّتٌ؟ فَقَالَ: (فَوَاللَّهِ لَلدُّنْيَا أَهْوَنُ عَلَى اللَّهِ مِنْ هَذَا عَلَيْكُمْ).مسلم

واتە : (جابر)ی کوڕی (عبدالله) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەرووی مەدینەوە بەبازاڕدا گوزەری کرد خەڵکیش لەملاولایەوە بوون. بەلای کارژۆڵەیەکی کەڕیلەی مردارەوە بوودا ڕابورد، دەستی برد گوێچکەی گرت و پاشان فەرمووی: (کێ ئەمەی دەوێت بە درهەمێك) وتیان: بە هیچیش نامانەوێت، چی ئا لەمە بکەین؟ فەرمووی: (حەزدەکەن ئەمە بۆ خۆتان بێت) وتیان: بەخوا ئەگەر زیندوویش بوایە هەر عەیب دار بوو چوونکە تەڕلەیە، نەخوازەڵا کەمردارەوە بوویشە؟ فەرمووی: (دە بەخوا دنیا لای خوا بێ نرختر‌ەن لەبێ نرخی ئەو کارەی لای ئێوە).

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (الدُّنْيَا سِجْنُ الْمُؤْمِنِ وَجَنَّةُ الْكَافِرِ).مسلم

واتە : (أبو هريره() (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (دنیا بەندیخانەی بڕوادارە و بەهەشتی بێباوەڕانە).

عَنْ عَمْرَو بْنَ عَوْفٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) بَعَثَ أَبَا عُبَيْدَةَ بْنَ الْجَرَّاحِ (رضي الله عنه) إِلَى الْبَحْرَيْنِ يَأْتِي بِجِزْيَتِهَا، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) هُوَ صَالَحَ أَهْلَ الْبَحْرَيْنِ، وَأَمَّرَ عَلَيْهِمُ الْعَلَاءَ بْنَ الْحَضْرَمِيِّ، فَقَدِمَ أَبُو عُبَيْدَةَ بِمَالٍ مِنَ الْبَحْرَيْنِ. فَسَمِعَتِ الْأَنْصَارُ بِقُدُومِ أَبِي عُبَيْدَةَ فَوَافَوْا صَلَاةَ الْفَجْرِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم)، فَلَمَّا صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) انْصَرَفَ، فَتَعَرَّضُوا لَهُ، فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) حِينَ رَآهُمْ، ثُمَّ قَالَ: (أَظُنُّكُمْ سَمِعْتُمْ أَنَّ أَبَا عُبَيْدَةَ قَدِمَ بِشَيْءٍ مِنَ الْبَحْرَيْنِ). فَقَالُوا: أَجَلْ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: (فَأَبْشِرُوا وَأَمِّلُوا مَا يَسُرُّكُمْ، فَوَاللَّهِ مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ، وَلَكِنِّي أَخْشَى عَلَيْكُمْ أَنْ تُبْسَطَ الدُّنْيَا عَلَيْكُمْ كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا، وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ). [بخاري و مسلم]

واتە : (عمرو)ی کوڕی (عوف)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) (أبو عبيده)ی کوڕی (الجراح)ی (خوای لێ ڕازی بێت)نارد بۆ بەحرەین تا سەرانەی خاوەن کتێبەکان کۆبکاتەوە. پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ خەڵکی بەحرەین ڕێککەوتبوو، (العلاء)ی کوڕی (الحضرمی) یشی کردبوو بەلێپرسراویان، (أبو عبيده) بەسامانێکەوە لەبەحرەینەوە گەڕایەوە، کاتێ یاریدەدەران (الانصار) بیستیان (أبو عبيده)هاتۆتەوە هەموو زوو نوێژی بەیانیان لە خزمەت پێغەمبەرا (صلى الله عليه وسلم) کرد. کاتێ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نوێژەکەی کرد ڕۆیشت ئەوانیش چوونە ڕێگەکەی، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) کاتێ بینی زەردەخەنە گرتی، پاشان فەرمووی: (وابزانم بیستووتانە کە (ابو عبيده) شتێکی لەبەحرەینەوە هێناوەتەوە) وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: (دە مژدەبێ و بەئومێدی ئەوە بن دڵخۆشتان دەکات، سا بەخوا من لە هەژاری ناترسم لەسەر ئێوە بەڵکو من لەوە دەترسم کە دونیا ڕووتان تێ بکات وەك چۆن ڕووی کردە ئەوانەی پێش ئێوە، ئێوەیش کێ بڕکێی لەسەر بکەن وەك چۆن ئەوان کردیان، ئینجا لەناوتان بەرێت، وەك چۆن ئەوانی لەناوبرد).

عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْحُبُلِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رضي الله عنه) -وَسَأَلَهُ رَجُلٌ- فَقَالَ: أَلَسْنَا مِنْ فُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ؟ فَقَالَ لَهُ عَبْدُ اللَّهِ: أَلَكَ امْرَأَةٌ تَأْوِي إِلَيْهَا؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: أَلَكَ مَسْكَنٌ تَسْكُنُهُ؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: فَأَنْتَ مِنَ الْأَغْنِيَاءِ. قَالَ: فَإِنَّ لِي خَادِمًا، قَالَ: فَأَنْتَ مِنَ الْمُلُوكِ، قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ: وَجَاءَ ثَلَاثَةُ نَفَرٍ إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ -وَأَنَا عِنْدَهُ- فَقَالُوا: يَا أَبَا مُحَمَّدٍ، إِنَّا وَاللَّهِ مَا نَقْدِرُ عَلَى شَيْءٍ، لَا نَفَقَةٍ وَلَا دَابَّةٍ وَلَا مَتَاعٍ. فَقَالَ لَهُمْ: مَا شِئْتُمْ؟ إِنْ شِئْتُمْ رَجَعْتُمْ إِلَيْنَا فَأَعْطَيْنَاكُمْ مَا يَسَّرَ اللَّهُ لَكُمْ، وَإِنْ شِئْتُمْ ذَكَرْنَا أَمْرَكُمْ لِلسُّلْطَانِ، وَإِنْ شِئْتُمْ صَبَرْتُمْ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: (إِنَّ فُقَرَاءَ الْمُهَاجِرِينَ يَسْبِقُونَ الْأَغْنِيَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَى الْجَنَّةِ بِأَرْبَعِينَ خَرِيفًا). قَالُوا: فَإِنَّا نَصْبِرُ لَا نَسْأَلُ شَيْئًا.مسلم

واتە : (أبو عبدالرحمن الحُبُلي)دەڵێ: گوێم لە (عبدالله)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (عاص)(خوای لێ ڕازی بێت) بوو کاتێ پیاوێك لێی پرسی وتی: باشە ئێمە لە هەژارە کۆچبەرەکان نین؟ (عبدالله) پێی وت ژنت هەیە لەسایەیدا بحەسێیتەوە؟ وتی: بەڵێ: وتی: ئەی خانە ولانەت هەیە تیایا دانیشیت؟ وتی: بەڵێ. وتی: کەواتە تۆ لە دەوڵەمەندەکانیت، وتی: خزمەت کارێکیشم هەیە. وتی: کەواتە تۆ لە پادشاکانی (أبو عبدالرحمن). دەڵێ: سێ کەس هاتن بۆلای (عبدالله)ی کوڕی (عمرو)ی و (العاص) -منیشی لەلابووم- وتیان: ئەی (أبو محمد)، بەخوا ئێمە توانای هیچمان نییە، نەبژێوی و نە ولاخ و نەکەل وپەل، ئەویش پێی وتن: با بەکەیفی ئێوە بێ؟ ئەگەر ئەتانەوێ وەرنەوە بۆ لامان ئەوەی خوا ئاسانی بکات دەتان دەینێ، ئەگەر دەیشتانەوێ کێشەکانتان دەخەینە بەردەستی سوڵتان، ئەگەر دەیشتانەوێ ئارام بگرن، چونکە من لە پێغەمبەری خوام (صلى الله عليه وسلم) بیستووە دەیفەرموو: (بەڕاستی کۆچەرییە هەژارەکان، لە ڕۆژی قیامەتدا چل پایز پێش دەوڵەمەندەکان دەکەون بۆ بەهەشت) وتیان: کەواتە ئارام دەگرین و داوای هیچ ناکەین.

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) أَنَّهُ قَالَ: (إِذَا فُتِحَتْ عَلَيْكُمْ فَارِسُ وَالرُّومُ أَيُّ قَوْمٍ أَنْتُمْ). قَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ (رضي الله عنه): نَقُولُ كَمَا أَمَرَنَا اللَّهُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (أَوْ غَيْرَ ذَلِكَ، تَتَنَافَسُونَ، ثُمَّ تَتَحَاسَدُونَ، ثُمَّ تَتَدَابَرُونَ، ثُمَّ تَتَبَاغَضُونَ -أَوْ نَحْوَ ذَلِكَ- ثُمَّ تَنْطَلِقُونَ فِي مَسَاكِينِ الْمُهَاجِرِينَ، فَتَجْعَلُونَ بَعْضَهُمْ عَلَى رِقَابِ بَعْضٍ).مسلم

واتە : (عبدالله)ی کوڕی (عمرو) کوڕی (عاص) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (ئێوە چۆن خەڵکێك دەبن ئەگەر خوا فارس و ڕۆمی خستە ژێر دەستتان) (عبدالرحمن) کوڕی (عوف) (خوای لێ ڕازی بێت) وتی: خوای گەورە چۆن فەرمانی پێداوین وا دەبین.، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (نەخێر وانابن، ململانێی یەکتر دەکەن، حەسودی بە یەکتری دەبەن، پشت لەیەکتری دەکەن، ڕق لەیەکتری هەڵدەگرن، -یا وێنەی ئەمانەی فەرموو- دوای ئەوە بەردەبنە کۆچبەرە هەژارەکان و هەندێکیان بەردەدەنە گەردنی هەندێکیان).

عَنْ مُسْتَوْرِدًا أَخَي بَنِي فِهْرٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (وَاللَّهِ مَا الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مِثْلُ مَا يَجْعَلُ أَحَدُكُمْ إِصْبَعَهُ هَذِهِ -وَأَشَارَ يَحْيَى بِالسَّبَّابَةِ- فِي الْيَمِّ، فَلْيَنْظُرْ بِمَ تَرْجِعُ).مسلم

واتە : (المستورد) برای (بنی فهر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (بەخوا دنیا لەچاو دواڕۆژدا هیچ نییە، مەگەر ئەمەندە نەبێت کە یەکێك لە ئێوە ئەم پەنجەیەی بکات بە ناو دەریادا، پاشان سەیر بکات بزانێ چەندە ئاو دەگرێتە خۆی) {یەحیای ڕاوی ئاماژەی بە پەنجەی شایەتومانی کرد}.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: (إِنَّ ثَلَاثَةً فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ: أَبْرَصَ وَأَقْرَعَ وَأَعْمَى، فَأَرَادَ اللَّهُ أَنْ يَبْتَلِيَهُمْ: فَبَعَثَ إِلَيْهِمْ مَلَكًا، فَأَتَى الْأَبْرَصَ فَقَالَ: أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: لَوْنٌ حَسَنٌ وَجِلْدٌ حَسَنٌ، وَيَذْهَبُ عَنِّي الَّذِي قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ. قَالَ: فَمَسَحَهُ فَذَهَبَ عَنْهُ قَذَرُهُ، وَأُعْطِيَ لَوْنًا حَسَنًا وَجِلْدًا حَسَنًا، قَالَ: فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: الْإِبِلُ -أَوْ قَالَ: الْبَقَرُ، شَكَّ إِسْحَقُ، إِلَّا أَنَّ الْأَبْرَصَ أَوِ الْأَقْرَعَ، قَالَ أَحَدُهُمَا: الْإِبِلُ، وَقَالَ الْآخَرُ: الْبَقَرُ- قَالَ: فَأُعْطِيَ نَاقَةً عُشَرَاءَ، فَقَالَ: بَارَكَ اللَّهُ لَكَ فِيهَا. قَالَ: فَأَتَى الْأَقْرَعَ، فَقَالَ: أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: شَعَرٌ حَسَنٌ، وَيَذْهَبُ عَنِّي هَذَا الَّذِي قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ، قَالَ: فَمَسَحَهُ فَذَهَبَ عَنْهُ، [قَالَ:]: وَأُعْطِيَ شَعَرًا حَسَنًا، قَالَ: فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: الْبَقَرُ، فَأُعْطِيَ بَقَرَةً حَامِلًا، فَقَالَ: بَارَكَ اللَّهُ [تعالى] لَكَ فِيهَا. قَالَ: فَأَتَى الْأَعْمَى، فَقَالَ: أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: أَنْ يَرُدَّ اللَّهُ إِلَيَّ بَصَرِي، فَأُبْصِرَ بِهِ النَّاسَ. قَالَ: فَمَسَحَهُ، فَرَدَّ اللَّهُ إِلَيْهِ بَصَرَهُ، قَالَ: فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: الْغَنَمُ، فَأُعْطِيَ شَاةً وَالِدًا، فَأُنْتِجَ هَذَانِ، وَوَلَّدَ هَذَا، [قَالَ]: فَكَانَ لِهَذَا وَادٍ مِنَ الْإِبِلِ، وَلِهَذَا وَادٍ مِنَ الْبَقَرِ، وَلِهَذَا وَادٍ مِنَ الْغَنَمِ، قَالَ: ثُمَّ إِنَّهُ أَتَى الْأَبْرَصَ فِي صُورَتِهِ وَهَيْئَتِهِ، فَقَالَ: رَجُلٌ مِسْكِينٌ قَدِ انْقَطَعَتْ بِيَ الْحِبَالُ فِي سَفَرِي، فَلَا بَلَاغَ لِيَ الْيَوْمَ إِلَّا بِاللَّهِ (عزة و جل) وجل ثُمَّ بِكَ، أَسْأَلُكَ بِالَّذِي أَعْطَاكَ اللَّوْنَ الْحَسَنَ وَالْجِلْدَ الْحَسَنَ وَالْمَالَ- بَعِيرًا أَتَبَلَّغُ عَلَيْهِ فِي سَفَرِي، فَقَالَ: الْحُقُوقُ كَثِيرَةٌ، فَقَالَ لَهُ: كَأَنِّي أَعْرِفُكَ، أَلَمْ تَكُنْ أَبْرَصَ يَقْذَرُكَ النَّاسُ، فَقِيرًا فَأَعْطَاكَ اللَّهُ؟ فَقَالَ: إِنَّمَا وَرِثْتُ هَذَا الْمَالَ كَابِرًا عَنْ كَابِرٍ، فَقَالَ: إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا فَصَيَّرَكَ اللَّهُ إِلَى مَا كُنْتَ. قَالَ: وَأَتَى الْأَقْرَعَ فِي صُورَتِهِ فَقَالَ لَهُ مِثْلَ مَا قَالَ لِهَذَا، وَرَدَّ عَلَيْهِ مِثْلَ مَا رَدَّ عَلَى هَذَا، فَقَالَ: إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا فَصَيَّرَكَ اللَّهُ إِلَى مَا كُنْتَ. قَالَ وَأَتَى الْأَعْمَى فِي صُورَتِهِ وَهَيْئَتِهِ، فَقَالَ: رَجُلٌ مِسْكِينٌ وَابْنُ سَبِيلٍ، انْقَطَعَتْ بِيَ الْحِبَالُ فِي سَفَرِي، فَلَا بَلَاغَ لِيَ الْيَوْمَ إِلَّا بِاللَّهِ ثُمَّ بِكَ، أَسْأَلُكَ بِالَّذِي رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ شَاةً أَتَبَلَّغُ بِهَا فِي سَفَرِي. فَقَالَ: قَدْ كُنْتُ أَعْمَى فَرَدَّ اللَّهُ إِلَيَّ بَصَرِي، فَخُذْ مَا شِئْتَ وَدَعْ مَا شِئْتَ، فَوَاللَّهِ لَا أَجْهَدُكَ الْيَوْمَ شَيْئًا أَخَذْتَهُ لِلَّهِ (عزة و جل). فَقَالَ: أَمْسِكْ مَالَكَ، فَإِنَّمَا ابْتُلِيتُمْ، فَقَدْ رُضِيَ عَنْكَ وَسُخِطَ عَلَى صَاحِبَيْكَ). [بخاري ومسلم]

واتە : (أبو هريرە)(خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم)ی بیستووە کە فەرموویەتی: (سێ کەس لە نەوەی (اسرائیل) بەڵەکێك و کەچەڵێك و کوێرێك، خوا ویستی تاقیان بکاتەوە، فریشتەیەکی نارد لایان، هات بۆلای بەڵەکەکە وتی: زۆرتر حەزت لە چییە؟ وتی: ڕەنگێکی جوان و پێستێکی جوان، ئەوەشم لەسەر لاچێ کە بەهۆیەوە خەڵکی بێزم لێدەکەنەوە دەڵێ: ئەویش دەستی بەسەردا هێناو، ئەوەی کەمایەی بێزلێکردنەوە بوو لەسەری لاچوو، ڕەنگێك و پێستیکی جوانی پێ

بەخشرا. ووتی: زۆرتر حەزت لە چ سامانێکە؟ وتی: حوشتر یا – وتی: مانگا، (إسحاق) دودڵە، بەڵام بەڵەکەکە یا کەچەڵەکە یەکێکیان وتی: حوشتر و ئەوی تریان وتی: مانگا- دەڵێ: حوشترێکی ئاوسی پێدرا سکەکەی دەمانگ بوو، پێیوت: خوا فەڕ و بەرەکەتی تێ خات بۆت. دەڵێ: ئینجا هات بۆلای کەچەڵەکە، وتی: زیاتر حەز لەچی دەکەیت؟ وتی: قژێکی جوان، ئەوەشم لەسەر لاچێ کە خەڵکی بەهۆیەوە بێزم لێدەکەنەوە. دەڵێ: دەستی بەسەردا هێنا و ئەوەی لەسەر لاچوو، قژێکی جوانی پێ درا وتی: ئەی زیاتر حەزت بەچ جۆرە سامانێکە، وتی: مانگا، ئەویش مانگایەکی ئاوسی پێدرا و وتی: خوای باڵادەست فەڕ و بەرەکەتت بۆ تێبخات، ئینجا هات بۆلای کوێرەکە، وتی: زیاتر حەزت بە چ شتێکە؟ وتی: خوا چاوم بۆ بگێڕێتەوە، خەڵکی پێببینم، دەڵێت: دەستی بەسەردا هێنا، خوا چاوی بۆ گەڕانەوە، وتی: ئەی زیاتر حەزت لە چ سامانێکە؟ وتی: مەڕ، مەڕێکی بزۆکیش بەو بەخشرا، وشتر و مانگاکە بەریان لێکەوتەوە و مەڕەکەیش بەرخی بوو، هەتا وای لێهات ئەمیان شیوێ وشتر و، ئەویان شیوێ گاگەل و، ئەمەی تریشیان شیوێك مەڕی هەبوو، دەڵێت: پاش ماوەیەك فریشتەکە لە سەر شێوە و وێنەی خۆی هاتەوە بۆلای بەڵەکەکە و، وتی: پیاوێکی هەژارم لەسەفەردا دەستی بەرودوام بڕاوە، ئەمڕۆ کەس شك نابەم بەهانامەوە بێت جگەلە خوا و پاشان تۆ نەبێت، تو ئەو کەسەی ئەو ڕەنگ و پێستە جوان و ماڵەی پێ خەڵات کردی داوات لێدەکەم وشترێکم بدەیێ لەم سەفەرەمدا پێی بگەمە مەنزڵ، وتی: کوڕە ئەرکی زۆرمان لەسەرە، پێیوت: کوڕە وەکو بت ناسم وایە، ئەی تۆ بەڵەك نەبوویت و خەڵکی بێزیان لێدەکردیتەوە، هەژار نەبویت خوا پێیدایت؟ وتی: من ئەم ماڵ و سامانەم لە باوباپیرەوە دەست بەدەست بۆ ماوەتەوە، وتی: دە ئەگەر درۆ دەکەیت خوا وەکو خۆتت لێبکاتەوە، دەڵێ: ئەمجا هات بۆلای کەچەڵەکە لەسەر شێوە و وێنەی جارانی خۆی، ئەوەی بەوی وت، بەمیشی وت، ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە، ئەویش وتی ئەگەر درۆ دەکەیت خوا وەکو خۆتت لێبکاتەوە، دەڵێ: ئەمجا هات بۆلای کوێرەکە لەسەر شێوە و وێنەی جارانی خۆی, وتی: کابرایەکی هەژارم ڕێبوارم، دەستی بەرودوام بڕاوە، کەس شك نابەم بە فریامەوە بێت جگە لە خوا و پاشان تۆ نەبێت، داوات لێدەکەم تو ئەو کەسەی چاوی پێدایتەوە مەڕێکم بدەیتی لەم سەفەرەمدا پێی بگەمە مەنزڵ، وتی: من کوێر بووم خوا چاوی دامەوە بەخوا دەست ناهێنمە ڕێت، لە ڕێگەی خوای گەورەدا بە ئارەزووی خۆت بکە چی دەبەیت بیبە و چیش نابەیت مەیبە، ئەویش وتی: ماڵی خۆت بۆ خۆت، ئێوە تاقیکرانەوە خوا لەتۆ ڕازی بوو و خەشم و قینی گرت لە دوو هاوەڵەکەت.

عَنْ سَعْدَ بْنَ أَبِي وَقَّاصٍ (رضي الله عنه) قَالَ: وَاللَّهِ إِنِّي لَأَوَّلُ رَجُلٍ مِنَ الْعَرَبِ رَمَى بِسَهْمٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَلَقَدْ كُنَّا نَغْزُو مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) مَا لَنَا طَعَامٌ نَأْكُلُهُ إِلَّا وَرَقُ الْحُبْلَةِ وَهَذَا السَّمُرُ، حَتَّى إِنَّ أَحَدَنَا لَيَضَعُ كَمَا تَضَعُ الشَّاةُ، ثُمَّ أَصْبَحَتْ بَنُو أَسَدٍ تُعَزِّرُنِي عَلَى الدِّينِ، لَقَدْ خِبْتُ إِذًا وَضَلَّ عَمَلِي. [بخاري و مسلم]

واتە : (سعد)ی کوڕی (أبي وقاص) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: بەخوا من یەکەمین پیاوم لەعەرەب کە تیری تەقاندبێت لە ڕێی خوادا، ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) جەنگمان دەکرد، هیچ خۆراکێکمان نەبوو بیخۆین جگە لەگەڵای (الحبلە)و (السمر)؛ کە دوو درەختی درکاوین، تا وامان لێهات وەك مەڕ پشقلمان دادەنا، ئێستەش وایلێهاتووە بەرەی (أسد) ئامۆژگاریم دەکەن لەسەر دین. ئەگەر وا بێ من ڕەنجەڕۆ بووم و کردەوەکانم پوچەڵ بۆتەوە.

عَنْ خَالِدِ بْنِ عُمَيْرٍ الْعَدَوِيِّ قَالَ: خَطَبَنَا عُتْبَةُ بْنُ غَزْوَانَ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ الدُّنْيَا قَدْ آذَنَتْ بِصَرْمٍ، وَوَلَّتْ حَذَّاءَ، وَلَمْ يَبْقَ مِنْهَا إِلَّا صُبَابَةٌ كَصُبَابَةِ الْإِنَاءِ يَتَصَابُّهَا صَاحِبُهَا، وَإِنَّكُمْ مُنْتَقِلُونَ مِنْهَا إِلَى دَارٍ لَا زَوَالَ لَهَا، فَانْتَقِلُوا بِخَيْرِ مَا بِحَضْرَتِكُمْ، فَإِنَّهُ قَدْ ذُكِرَ لَنَا أَنَّ الْحَجَرَ يُلْقَى مِنْ شَفَةِ جَهَنَّمَ، فَيَهْوِي فِيهَا سَبْعِينَ عَامًا لَا يُدْرِكُ لَهَا قَعْرًا، وَ وَاللَّهِ لَتُمْلَأَنَّ، أَفَعَجِبْتُمْ؟ وَلَقَدْ ذُكِرَ لَنَا أَنَّ مَا بَيْنَ مِصْرَاعَيْنِ مِنْ مَصَارِيعِ الْجَنَّةِ مَسِيرَةُ أَرْبَعِينَ سَنَةً، وَلَيَأْتِيَنَّ عَلَيْهَا يَوْمٌ وَهُوَ كَظِيظٌ مِنَ الزِّحَامِ، وَلَقَدْ رَأَيْتُنِي سَابِعَ سَبْعَةٍ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) مَا لَنَا طَعَامٌ إِلَّا وَرَقُ الشَّجَرِ، حَتَّى قَرِحَتْ أَشْدَاقُنَا، فَالْتَقَطْتُ بُرْدَةً فَشَقَقْتُهَا بَيْنِي وَبَيْنَ سَعْدِ بْنِ مَالِكٍ، فَاتَّزَرْتُ بِنِصْفِهَا وَاتَّزَرَ سَعْدٌ بِنِصْفِهَا، فَمَا أَصْبَحَ الْيَوْمَ مِنَّا أَحَدٌ إِلَّا أَصْبَحَ أَمِيرًا عَلَى مِصْرٍ مِنَ الْأَمْصَارِ، وَإِنِّي أَعُوذُ بِاللَّهِ أَنْ أَكُونَ فِي نَفْسِي عَظِيمًا وَعِنْدَ اللَّهِ صَغِيرًا، وَإِنَّهَا لَمْ تَكُنْ نُبُوَّةٌ قَطُّ إِلَّا تَنَاسَخَتْ حَتَّى يَكُونَ آخِرُ عَاقِبَتِهَا مُلْكًا، فَسَتَخْبُرُونَ وَتُجَرِّبُونَ الْأُمَرَاءَ بَعْدَنَا.مسلم واته : (خالد)ی کوڕی (عمیر العدوی) دەڵێ: (عتبە)ی کوڕی (غزوان)(خوای لێ ڕازی بێت) وتارێکی بۆداین، سوپاس و ستایشی خوای کرد و پاشان وتی: لەپاشان بزانن کە دنیا تازە بڕیاری خوا حافیزی داوەو، پشت پێی لێهەڵکردووە، ئەوەی لێی ماوەتەوە وەك چۆڕە ئاوێك وایە لە قاپێکدا، کەخاوەنەکەی هەڵیدەمژێت، بزانن کە ئێوە دەگوێزنەوە بەرەو خانەیەك کە تەواو بوونی نیە، کە وابوو بەچاکترین تووێشووەوە بەجێببێڵن، چونکە ئێمە بۆمان باسکراوە کە بەرد لە لێواری دۆزەخەوە بەردەدرێتەوە بە حەفتا ساڵ ناگاتە بنی، سوێند بە خوا کە هەردووکیان پڕدەکرێن، ئایا سەرتان سوڕماوە؟ ئایا سەرتان سوڕ دەمێنێ؟ هەروەها بۆمان باس کراوە، کە نێوانی هەردوو لاشیپانی دەروازەی بەهەشت چل ساڵ ڕێیە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژێك دێت جمەی دێت لە عەشامدا، ڕۆژگارێکیش بوو من حەوتەمین کەس بووم لەو حەوت کەسەی کەلە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)بووین. خۆراکمان نەبوو جگە لە گەڵای درەخت، تا لچو لێومان قڵیشا، جارێکیان پۆشاکێکم دۆزیەوە کردم بە دوو کەرتەوە، لە نێوان خۆم و (سعد)ی کوڕی (مالك)دا بەشمان کرد، من نیوەیم کرد بە پشتەماڵ بۆ خۆم و (سەعد)یش نیوەکەی تری، ئێستەش دەبینن ئەمڕۆ هەر یەکێك لە ئێمە بووە بە کاربەدەست لەسەر ناوچەیەك لە ناوچەکان، من پەنا بەخوا دەگرم لەوەی کەلە دڵی خۆمدا خۆم بە گەورە بزانم، بەڵام لای خوا بچوك بم، بیشزانن کە هەرگیز هیچ پێغەمبەرایەتیەك نەبووە، مەگەر گۆڕاوە و لەسەرەنجامدا بۆتەوە بە پادشایەتی و پەیڕەوانی لەخۆیان گۆڕاون، لەمەولا لە دونیا تێدەگەن و پاش ئێمەش کاربەدەستانتان بۆ تاقی دەبێتەوە.

عَنْ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (يَتْبَعُ الْمَيِّتَ ثَلَاثَةٌ، فَيَرْجِعُ اثْنَانِ وَيَبْقَى وَاحِدٌ: يَتْبَعُهُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَعَمَلُهُ، فَيَرْجِعُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ، وَيَبْقَى عَمَلُهُ). [بخاري و مسلم]

واتە : (أنس) ی کوڕی (مالك) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (سێ شت شوێن مردوو دەکەوێت، دوانیان دەگەڕێتەوە و یەکێکیان دەمێنێتەوە، خزم و کەس و کار و ماڵەکەی دەگەڕێنەوە، کردەوەکەی دەمێنێتەوە).

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (انْظُرُوا إِلَى مَنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ، وَلَا تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لَا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ -قَالَ أَبُو مُعَاوِيَةَ- عَلَيْكُمْ). [بخاري و مسلم]

واتە : (أبو هريرە)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی(تەماشای لەخۆتان خوارتر بکەن، تەماشای لە خۆتان ژوورتر مەکەن، ئەوە باشترە بۆ ئەوەی ناز و نیعمەتی خوا بەسەرتانەوە بەکەم تەماشا نەکەن).

عَنْ عَامِرُ بْنُ سَعْدٍ قَالَ: كَانَ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ (رضي الله عنه) فِي إِبِلِهِ، فَجَاءَهُ ابْنُهُ عُمَرُ، فَلَمَّا رَآهُ سَعْدٌ قَالَ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شَرِّ هَذَا الرَّاكِبِ. فَنَزَلَ فَقَالَ لَهُ: أَنَزَلْتَ فِي إِبِلِكَ وَغَنَمِكَ وَتَرَكْتَ النَّاسَ يَتَنَازَعُونَ الْمُلْكَ بَيْنَهُمْ؟ فَضَرَبَ سَعْدٌ فِي صَدْرِهِ فَقَالَ: اسْكُتْ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْعَبْدَ التَّقِيَّ الْغَنِيَّ الْخَفِيَّ).مسلم

واتە : (عامر)ی کوڕی (سعد) دەڵێ: (سعد)ی کوڕی (أبی وقاص) (خوای لێ ڕازی بێت) لەناو گەلەوشترەکەیدا بوو، (عمر)ی کوڕی هات بۆلای، کاتێ (سعد) بینی وتی: پەنا بەخوا دەگرم لە زیانی ئەم سوارە. کە دابەزی پێیوت: تۆ بۆ خۆت لە نێو ڕانە وشتر و مەڕی خۆت دایت و خەڵکیشت واز لێهێناوە لە نێو خۆیاندا کێشمە کێشمیانە لەسەر مووڵك و دەسەڵات؟ ئەویش دای بەسنگیدا و وتی: بێدەنگ بە! من لە پێغەمبەری خوام (صلى الله عليه وسلم) بیستووە دەیفەرموو: (بێگومان خوا بەندەی خواناسی دەوڵمەندی شاراوەی خۆش دەوێت).

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ، مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ).مسلم

واتە : (أبو هريرە)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (خوای گەورە فەرموویەتی: [من لەهەموو شەریکەکان بێنیازترم لەشەریك، کەسێ کردەوەیەك بکات و جگە لەمنی تێدا بەشدار بکات واز لە خۆی و شەریکەکەی دێنم]).

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (مَنْ سَمَّعَ سَمَّعَ اللَّهُ بِهِ، وَمَنْ رَاءَى رَاءَى اللَّهُ بِهِ). [بخاري و مسلم]

واتە :؟(إبن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (کەسێك بۆ ناوبانگ بیستنەوە کار بکات خوا ناوی دەزڕێنێت، کەسێکیش بۆ بەرچاوێنی کار بکات، خوا لە پێش چاوی خەڵکی ئابڕوی دەبات).

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مَا يَتَبَيَّنُ مَا فِيهَا، يَهْوِي بِهَا فِي النَّارِ أَبْعَدَ مَا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ). [بخاري و مسلم]

واتە : (أبو هريرە)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (جاری واهەیە بەندە قسەی ئەوتۆ دەکات کە بیر لە سەرەنجامەکەی ناکاتەوە، خوا بەهۆی ئەو قسەوە دوورتر لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەری دەداتەوە ناو دۆزەخ).

عَنْ صُهَيْبٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ: إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ).مسلم

واتە : (صهيب)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (کار و باری بڕوادار جێی سەرسوڕمانە، هەموو کار و فرمانێکی هەر مایەی خێرە بۆی، ئەمەش بۆ هیچ کەس نیە جگە لەباوەڕدار، ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی ببێت سوپاسی خوا دەکات دەبێتە مایەی خێر بۆی، خۆ ئەگەر توشی زیانمەندی ببێت ئارام دەگرێت هەر دەبێتە مایەی خێر بۆی).

عَنْ صُهَيْبٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (كَانَ مَلِكٌ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، وَكَانَ لَهُ سَاحِرٌ، فَلَمَّا كَبِرَ قَالَ لِلْمَلِكِ: إِنِّي قَدْ كَبِرْتُ، فَابْعَثْ إِلَيَّ غُلَامًا أُعَلِّمْهُ السِّحْرَ. فَبَعَثَ إِلَيْهِ غُلَامًا يُعَلِّمُهُ، فَكَانَ فِي طَرِيقِهِ إِذَا سَلَكَ رَاهِبٌ، فَقَعَدَ إِلَيْهِ، وَسَمِعَ كَلَامَهُ فَأَعْجَبَهُ، فَكَانَ إِذَا أَتَى السَّاحِرَ مَرَّ بِالرَّاهِبِ وَقَعَدَ إِلَيْهِ، فَإِذَا أَتَى السَّاحِرَ ضَرَبَهُ، فَشَكَا ذَلِكَ إِلَى الرَّاهِبِ، فَقَالَ: إِذَا خَشِيتَ السَّاحِرَ فَقُلْ: حَبَسَنِي أَهْلِي، وَإِذَا خَشِيتَ أَهْلَكَ فَقُلْ: حَبَسَنِي السَّاحِرُ. فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ إِذْ أَتَى عَلَى دَابَّةٍ عَظِيمَةٍ قَدْ حَبَسَتِ النَّاسَ، فَقَالَ: الْيَوْمَ أَعْلَمُ: آلسَّاحِرُ أَفْضَلُ أَمِ الرَّاهِبُ أَفْضَلُ؟ فَأَخَذَ حَجَرًا فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ أَمْرُ الرَّاهِبِ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ أَمْرِ السَّاحِرِ، فَاقْتُلْ هَذِهِ الدَّابَّةَ حَتَّى يَمْضِيَ النَّاسُ، فَرَمَاهَا فَقَتَلَهَا وَمَضَى النَّاسُ، فَأَتَى الرَّاهِبَ فَأَخْبَرَهُ، فَقَالَ لَهُ الرَّاهِبُ: أَيْ بُنَيَّ، أَنْتَ الْيَوْمَ أَفْضَلُ مِنِّي، قَدْ بَلَغَ مِنْ أَمْرِكَ مَا أَرَى، وَإِنَّكَ سَتُبْتَلَى فَإِنِ ابْتُلِيتَ فَلَا تَدُلَّ عَلَيَّ. وَكَانَ الْغُلَامُ يُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَيُدَاوِي النَّاسَ مِنْ سَائِرِ الْأَدْوَاءِ، فَسَمِعَ جَلِيسٌ لِلْمَلِكِ كَانَ قَدْ عَمِيَ، فَأَتَاهُ بِهَدَايَا كَثِيرَةٍ، فَقَالَ: مَا هَاهُنَا لَكَ أَجْمَعُ إِنْ أَنْتَ شَفَيْتَنِي. فَقَالَ: إِنِّي لَا أَشْفِي أَحَدًا، إِنَّمَا يَشْفِي اللَّهُ (عزة و جل)، فَإِنْ [أَنْتَ] آمَنْتَ بِاللَّهِ دَعَوْتُ اللَّهَ (عزة و جل) فَشَفَاكَ، فَآمَنَ بِاللَّهِ فَشَفَاهُ اللَّهُ (عزة و جل)، فَأَتَى الْمَلِكَ فَجَلَسَ إِلَيْهِ كَمَا كَانَ يَجْلِسُ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: مَنْ رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ؟ قَالَ: رَبِّي. قَالَ: وَلَكَ رَبٌّ غَيْرِي؟ قَالَ: رَبِّي وَرَبُّكَ اللَّهُ. فَأَخَذَهُ، فَلَمْ يَزَلْ يُعَذِّبُهُ حَتَّى دَلَّ عَلَى الْغُلَامِ، فَجِيءَ بِالْغُلَامِ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: أَيْ بُنَيَّ قَدْ بَلَغَ مِنْ سِحْرِكَ مَا تُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ، وَتَفْعَلُ وَتَفْعَلُ، فَقَالَ إِنِّي لَا يَشْفِي أَحَدًا، إِنَّمَا يَشْفِي اللَّهُ (عزة و جل). فَأَخَذَهُ فَلَمْ يَزَلْ يُعَذِّبُهُ حَتَّى دَلَّ عَلَى الرَّاهِبِ، فَجِيءَ بِالرَّاهِبِ فَقِيلَ لَهُ: ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى فَدَعَا بِالْمِئْشَارِ، فَوَضَعَ الْمِئْشَارَ فِي مَفْرِقِ رَأْسِهِ فَشَقَّهُ حَتَّى وَقَعَ شِقَّاهُ، ثُمَّ جِيءَ بِجَلِيسِ الْمَلِكِ، فَقِيلَ لَهُ: ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى، فَوَضَعَ الْمِئْشَارَ فِي مَفْرِقِ رَأْسِهِ فَشَقَّهُ بِهِ حَتَّى وَقَعَ شِقَّاهُ، ثُمَّ جِيءَ بِالْغُلَامِ فَقِيلَ لَهُ: ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى، فَدَفَعَهُ إِلَى نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِهِ، فَقَالَ: اذْهَبُوا بِهِ إِلَى جَبَلِ كَذَا وَكَذَا، فَاصْعَدُوا بِهِ الْجَبَلَ فَإِذَا بَلَغْتُمْ ذُرْوَتَهُ، فَإِنْ رَجَعَ عَنْ دِينِهِ وَإِلَّا فَاطْرَحُوهُ، فَذَهَبُوا بِهِ فَصَعِدُوا بِهِ الْجَبَلَ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ بِمَا شِئْتَ. فَرَجَفَ بِهِمُ الْجَبَلُ فَسَقَطُوا، وَجَاءَ يَمْشِي إِلَى الْمَلِكِ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: مَا فَعَلَ أَصْحَابُكَ؟ قَالَ: كَفَانِيهِمُ اللَّهُ. فَدَفَعَهُ إِلَى نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِهِ فَقَالَ: اذْهَبُوا بِهِ فَاحْمِلُوهُ فِي قُرْقُورٍ، فَتَوَسَّطُوا بِهِ الْبَحْرَ، فَإِنْ رَجَعَ عَنْ دِينِهِ وَإِلَّا فَاقْذِفُوهُ، فَذَهَبُوا بِهِ، فَقَالَ اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ بِمَا شِئْتَ. فَانْكَفَأَتْ بِهِمُ السَّفِينَةُ فَغَرِقُوا وَجَاءَ يَمْشِي إِلَى الْمَلِكِ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: مَا فَعَلَ أَصْحَابُكَ؟ قَالَ: كَفَانِيهِمُ اللَّهُ. فَقَالَ لِلْمَلِكِ إِنَّكَ لَسْتَ بِقَاتِلِي حَتَّى تَفْعَلَ مَا آمُرُكَ بِهِ. قَالَ: وَمَا هُوَ قَالَ تَجْمَعُ النَّاسَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ وَتَصْلُبُنِي عَلَى جِذْعٍ، ثُمَّ خُذْ سَهْمًا

مِنْ كِنَانَتِي، ثُمَّ ضَعِ السَّهْمَ فِي كَبِدِ الْقَوْسِ، ثُمَّ قُلْ: بِاسْمِ اللَّهِ رَبِّ الْغُلَامِ، ثُمَّ ارْمِنِي، فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ قَتَلْتَنِي، فَجَمَعَ النَّاسَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، وَصَلَبَهُ عَلَى جِذْعٍ، ثُمَّ أَخَذَ سَهْمًا مِنْ كِنَانَتِهِ، ثُمَّ وَضَعَ السَّهْمَ فِي كَبْدِ الْقَوْسِ، ثُمَّ قَالَ: بِاسْمِ اللَّهِ رَبِّ الْغُلَامِ، ثُمَّ رَمَاهُ، فَوَقَعَ السَّهْمُ فِي صُدْغِهِ، فَوَضَعَ يَدَهُ فِي صُدْغِهِ فِي مَوْضِعِ السَّهْمِ، فَمَاتَ، فَقَالَ النَّاسُ: آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ. فَأُتِيَ الْمَلِكُ فَقِيلَ لَهُ: أَرَأَيْتَ مَا كُنْتَ تَحْذَرُ؟ قَدْ وَاللَّهِ نَزَلَ بِكَ حَذَرُكَ، قَدْ آمَنَ النَّاسُ. فَأَمَرَ بِالْأُخْدُودِ فِي أَفْوَاهِ السِّكَكِ فَخُدَّتْ، وَأَضْرَمَ النِّيرَانَ، وَقَالَ: مَنْ لَمْ يَرْجِعْ عَنْ دِينِهِ فَأَحْمُوهُ فِيهَا، أَوْ قِيلَ لَهُ: اقْتَحِمْ، فَفَعَلُوا، حَتَّى جَاءَتِ امْرَأَةٌ وَمَعَهَا صَبِيٌّ لَهَا فَتَقَاعَسَتْ أَنْ تَقَعَ فِيهَا، فَقَالَ لَهَا الْغُلَامُ: يَا أُمَّهِ اصْبِرِي، فَإِنَّكِ عَلَى الْحَقِّ).مسلم

واتە : (صهيب) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لەوانەوەی پێش ئێوەوە پادشایەك هەبوو، كە جادوگەرێكی هەبوو كاتێ جادوگەرەكە پیربوو بەپادشای وت: من چوومەتە ساڵەوە منانێكم بۆ بنێرە با فێری جادووی بكەم، ئەویش منداڵێكی بۆ نارد تا فێری بكات. لە ڕێگەكەیدا كە هاتوچۆی پیا دەكرد، خواناسێكی گۆشە گیر هەبوو ئەویش لای دانیشت و، گوێی لە قسەكانی ڕاگرت پێی خۆش بوو، جا كاتێ دەچوو بۆلای جادوگەرەكە بەلای خواناسەكەدا ڕائەبوورد و لای دادەنیشت و، [دوا دەكەوت] كاتێ دەچوو بۆلای جادوگەرەكە لێیدەدا [چونكە دوا دەكەوت] سكاڵای ئەوەی لای خواناسەكە كرد، ئەویش وتی: ئەگەر كاتێ لە جادوگەرەكە ترسای بڵێ: لەماڵەوە دوایان خستم، كاتێكیش لەماڵەوە ترسایت بڵێ جادوگەرەكە دوای خستم، لەكاتێكدا ئەو لەسەر ئەم حاڵە بەردەوام بوو ڕۆژێكیان هات بەسەر دەعبایەكی گەورەدا كە ڕێی لە خەڵكی گرت بوو، وتی: ئەبێ ئەمڕۆ بزانم: داخۆ جادوگەرەكە باشترە یان خواناسەكە؟ بەردێكی هەڵگرت و وتی: خوایە ئەگەر ئیشی خوانەسەكەت لا خۆشەویسترە لە ئیشی جادوگەرەكە، ئەم دەعبایە بكوژە تا خەڵكی دەرباز ببن، بەردەكەی تێگرت و دەعباكەی كوشت و خەڵكەكە دەرباز بوون، ئینجا هات بۆلای خواناسەكە و ئەمەی بۆ باس كرد، كابرای خواناس پێیوت: ئەی كوڕی خۆم، ئەمڕۆ تۆ لەمن باشتری، كارت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی كە من دەیبینم، دڵنیابە تۆ توشی گیروگرفت دەبی، جا ئەگەر گرفتار بوویت، خەبەر لە من نەدەیت، ئەمەو منداڵەكە وای لێهاتبوو كوێری زگماگ و بەڵەكی چاك دەكردەوە و لەدەرد و نەخۆشیەكانی دیكەیش چارەی دەكرد، هاوەمێكی پاشا كە كوێر بوو ئەمەی بیست، بە خەڵات و بەراتێكی زۆرەوە هات بۆلای، وتی: هەموو ئەم دیاریەم بۆتۆ ئەگەر چاكم بكەیتەوە. ئەویش وتی: خۆ من كەس چاك ناكەمەوە، بەڵكو هەر تەنها خوای بەرز و

باڵادەست خەڵکی چاك دەکاتەوە، ئەگەر تۆیش باوەڕ بەخوا بێنیت، داوات لەخوای گەورە و باڵادەست بۆ دەکەم، کەچاکت بکاتەوە، ئەویش باوەڕی بە خوا هێنا و خوای گەروە و باڵادەستیش چاکی کردەوە، هاتەوە بۆلای پادشا و لەلایەوە دانیشت هەروەك چۆن لەوەپێش دائەنیشت، پادشا پێی وت: کێ چاوی پێدایتەوە؟ وتی: پەروەردگارم، وتی: بۆ پەرەردگارێکی ترت هەیە جگە لەمن؟ وتی: پەروەردگاری منیش و تۆیش هەر خوایە. ئەویش گرتی و دەستی کرد بە ئەشکەنجە دانی تاوەکو خەبەری لە منداڵەکەدا، ئینجا منداڵەکەیان هێنا، پادشا پێی وت: کوڕە بچکۆلەی خۆم، لە جادوگەریدا گەیشتویتە ئاستێك کە کوێرو بەڵەکی زگماگ چاك دەکەیت، و ئەوە دەکەیت و ئەوە دەکەیت، وتی: من کەس چاك ناکەمەوە، تەنها هەر خوای گەورە و باڵادەست خەڵکی چاك دەکاتەوە، ئەویشی گرت و دەستی کرد بە ئەشکەنجەدانی، تا خەبەری لە کابرای خواناس دا، خواناسەکەیش هێنرا پێی وترا: لە دینەکەت پاش گەز بەرەوە، ئەویش ڕازی نەبوو، بانگی کرد هەڕەیەکیان(*) بۆ هێنا هەڕەکەی لەسەر تەوقی سەری دانا تا کردی بە دوو کەرتەوە، پاشان هاودەمەکەی پادشا هێنرا، پێی وترا: لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە ئەویش ڕازی نەبوو، هاڕەی لەسەر سەری دانا و ئەویشی کرد بە دوو پارچەوە، ئینجا منداڵەکەیان هێنا و پێی وترا لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە، ئەمیش ڕازی نەبوو، دایە دەست کۆمەڵێك لە پیاوەکانی و وتی بیبەن بۆ شاخی ئەوێ و ئەوێ سەریخەن بۆ سەر شاخەکە، کە گەیشتنە لوتکەکەی، ئەگەر لە دینەکەی پاشگەز بوویەوە باشە، ئەگەر نا فڕێیدەنە خوارەوە، ئەوانیش بردیان و بە شاخەکەدا سەریان خست، وتی: خوایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵ بکەرەوە، شاخەکە کەوتە لەرزین ئەوان کەوتنە خوارەوە، ئەمیش هاتەوە بۆلای پادشا، پادشا پێی وت: هاوەڵەکانت چییان کرد؟ وتی: خوا لە کۆڵمی کردنەوە، ئەویش دایەوە دەست چەند کەسێکی دیکە لە پیاوەکانی و وتی: بیبەن لە بەلەمێکدا هەڵیگرن تا دەگەنە ناوەڕاستی دەریاکە، ئەگەر لە دینەکەی پاش گەز بوویەوە باشە ئەگەر نا فڕێیدەنە ناوی، ئەوانیش بردیان، ئەویش وتی: خوایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵ بکەرەوە. کەشتیەکە پێیانەوە قڵپ بوویەوە و هەموو نوقم بون و ئەویش هاتەوە بۆلای پادشا، پادشا پێی وت: هاوەڵەکانت چییان لێهات؟ وتی: خوا لە کۆڵمی کردنەوە. ئینجا بە پادشای وت: تۆ ناتوانیت من بکوژیت، تا چیت پێدەڵێم ئەوە دەکەیت، وتی: ئەوە چییە؟ وتی: خەڵکی هەموو لەیەك گۆڕەپاندا کۆ کەرەوە و بم بەستە بە دارخورمایەکەوە، پاشان تیرێك لە تیروکەوانەکەم دەربهێنەوە و، تیرەکە بخەرە ناو جەرگەی کەوانەکەوە و پاشان بڵێ: بە ناوی خوای پەروەردگاری منداڵەکە و دوای ئەوە تیرەکەم تێگرە، ئەگەر تۆ ئەمەت

کرد، ئیتر دەمکوژیت، ئەویش خەڵکی هەموو لەیەك خاکدا کۆکردەوە و بەبنکی دارخورمایەکەوە شەتەکی داو، پاشان تیرێکی لە تیر دانەکەی هەڵگرت و، خستیە ناوجەرگەی کەوانەکەوە وتی: بەناوی خوا، پەروەردگاری منداڵەکە. تیرەکەی تێگرت، بەر لاجانگی کەوت، دەستی نایە سەر شوێنی تیرەکە و مرد، خەڵکی هەموو وتیان باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، باوەڕمان هێنا بەپەروەردگاری منداڵەکە، زەلامێك هات بۆلای پادشا و پێی وت: ئایا دەزانیت ئەوەی لێی دەترسای سوێند بەخوا ئەمڕۆ ڕوویدا لێت، خەڵکی تازە باوەڕیان هێنا. ئەویش فەرمانی دەرکرد بە لەغەم لێدان، لەسەر کوچە و کۆڵانەکان لەغەم لێدرا و ئاگری تێداکرایەوە و وتی: هەرکەس لە دینەکەی پاشگەز نەبوویەوە بیسوتێن تیایدا، یان پێی بوترێت خۆتی تێفڕێدە، ئەوانیش وایان کرد، تاوەکو تەنانەت ژنێك هات منداڵێکی خۆی پێبوو، سڵی کرد لەوەی خۆی تێ فڕێدا، منداڵەکەی پێی وت: دایە ئارام بگرە، چونکە بەڕاستی تۆ لەسەر حەق

عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيّ الله قَالَ : أَتَى النَّبِيَّ ﷺ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ الله دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ إِذَا أَنَا عَمِلْتُه أَحَبَّنِي اللهُ وَأَحَبَّنِي النَّاسُ ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ازهد فِي الدُّنْيَا يُحِبَّكَ الله ، وَازْهَدْ فِيمَا فِي أَيْدِي النَّاسِ يُحِبُّكَ النَّاسُ».إبن ماجه

واتە : سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدی دەڵێت پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کار و کردەوەیەکم پێ بڵێ کە کاتێك ئەنجامم دا خوا خۆشی بوێم و خەڵکیش خۆشی بوێم ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: دونیا بە کەم بگرە ئەوە خوا خۆشی دەوێیت وە ئەو شتەی کە هی خەڵکیشە بە کەمی بزانە داوایان لێ مەکە ئەوە خەڵکیش خۆشیان دەوێیت».

عَنْ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبَانَ بْنِ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ، يُحَدِّثُ عَنْ أَبِيهِ ، قَالَ: خَرَجَ زَيْدُ بْنُ ثَابِتٍ مِنْ عِنْدِ مَرْوَانَ بِنِصْفِ النَّهارِ، قُلْتُ: مَا بَعَثَ إِلَيْهِ هَذِهِ السَّاعَةَ إِلَّا لِشَيْءٍ يَسْأَلُ عَنْهُ ، فَسَأَلْتُه ، فَقَالَ : سَأَلَنَا عَنْ أَشْيَاءَ سَمِعْنَاهَا مِنْ رَسُولِ الله ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ، يَقُولُ: «مَنْ كَانَتِ الدُّنْيَا هَمَّه، فَرَّقَ اللَّهُ عَلَيْهِ أَمْرَه، وَجَعَلَ فَقْرَه بَيْنَ عَيْنَيْهِ ، وَلَمْ يَأْتِه مِنَ الدُّنْيَا إِلَّا مَا كُتِبَ لَهُ، وَمَنْ كَانَتِ الْآخِرَةُ نِيَّتَه ، جَمَعَ اللَّه لَه أَمْرَه، وَجَعَلَ غِنَاه فِي قَلْبِهِ، وَأَتَتْهُ الدُّنْيَا وَهِيَ رَاغِمَةٌ».إبن ماجه

واتە : عبدالرحمانی کوڕی ئەبانی کوڕی عوسمانی کوڕی عەففان لە باوکیەوە دەگێڕیتەوە گوتوویەتی لە نیوەڕۆیەك دا زەیدی کوڕی سابیت لە لای مەڕوان بوو ، گوتم: بێگومان بەو کاتە کارێکی پێی بووە بۆیە ناردوویەتی بە دوایدا ، منیش پرسیارم لێ کرد گوتی: مەڕوان لەو شتانەی کە لە پێغەمبەری خوا ﷺ بیستوومانە پرسیاری لێ کردین منیش وتم گوێم لێ بوو پێغەمبەی خوا ﷺ دەیفەرموو: «هەر کەسێك تەنها گرینگی بە دونیا بدات ئەوە خوا کاروباری لێ پەرشوبڵاو دەکات، وە هەژاری و نەبوونی دونیا دەخاتە نێوان چاوەکانیەوە ، وە لە دونیادا تەنها ئەوە بە دەست دێنێت کە بۆی دیاری کراوە وە هەر کەسێك بەنییەتی ڕۆژی دوایی کار بکات ئەوە خوا کاروباری بۆ ڕێك دەخات وە دەوڵەمەندی دەخاتە دڵی ، وە دونیاش بە ملکەچییەوە بە دوای دەکەوێت ئەگەریش (دونیا) پێی ناخوش بێت».

عَنْ الْمُسْتَوْرِدِ ، أَخِي بَنِي فِهرٍ الله يَقُولُ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ، يَقُولُ: «مَا مَثَلُ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ، إِلَّا مَثَلُ مَا يَجْعَلُ أَحَدُكُمْ إِصْبَعَهُ فِي الْيَمِّ، فَلْيَنْظُرْ بِمَ يَرْجِعُ».إبن ماجه

واتە : موستەوریدی برای نەوەکانی فیهر دەڵێت گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو : بەڕاستی نموونەی دونیا و دوارۆژ وەکو یەکێك لە ئێوە وایە کە پەنجەی بخاتە نێو دەریایەك و بیهێنێتە دەرەوە جا با تەماشای بکات پەنجەی چەندەی ئاوی لەو دەریایە لەگەل خۆی هێناوە».

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ، قَالَ : اضْطَجَعَ النَّبِيُّ ﷺ، عَلَى حَصِيرٍ فَأَثَرَ فِي جِلْدِهِ، فَقُلْتُ: بِأَبِي وَأُمِّي، يَا رَسُولَ الله ﷺ لَوْ كُنْتَ آذَنْتَنَا فَفَرَشْنَا لَكَ عَلَيْهِ شَيْئًا يَقِيكَ مِنْهُ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا أَنَا وَالدُّنْيَا إِنَّمَا أَنَا وَالدُّنْيَا كَرَاكِبٍ اسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ، ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا». إبن ماجه

واتە : عبدالله دەڵێت پێغەمبەر ﷺ لە سەر حەسیرێك ڕاکشا بوو ، جا شوێنەواری حەسیرەکە بە جەستەیەوە دیار بوو بۆیە گوتم بە دایک و باوکەوە بە قوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر ئاگادارت بکردینایە کە شتێکمان لە سەر حەسیرەکە ڕا بخستایە تاکوو لاشەی پاراستبای دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «مەگەر دونیا بە لای منەوە چییە؟ بێگومان من و دونیا وڕکوو سوارێك و سێبەری دارێك واین کە سوارڕکە لە ژێر سێبەرەکەی پشوویەک دەدات و دەحەسێتەوە و پاشان دەڕوات و بە جێی دەهێلێ».

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ الله قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله : «الدُّنْيَا سِجْنُ الْمُؤْمِنِ، وَجَنَّةُ الْكَافِرِ».إبن ماجه ، الترمذي

واتە : ئەبو هورەیرە دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «دونیا زیندانی بروادارانە و بەهەشتی کافرانە».

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فِيهِمَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ الصِّحَّةُ وَالفَرَاغُ».الترمذي

واتە : ئیبن عەببباس دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «دوو ناز و نیعمەت هەن کە خەڵکێکی زۆر لێیان بێ ئاگان و زەرەرمەندن تیایدا : لەشساغی و دەستبەتاڵی».

عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ : {وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ} الشعراء: ٢١٤، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : يَا صَفِيَّةُ بِنْتَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، يَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ ، يَا بَنِي عَبْدِ المُطَّلِبِ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، سَلُونِي مِنْ مَالِي مَا شِئْتُمْ».الترمذي

واتە : عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: {وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ}. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی صەفیەی کچی عەبدولموتەڵیب، ئەی فاتیمەی کچی موحەممەد، ئەی بەنو عەبدولموتەڵیب بزانن کە هیچم پێ ناکرێت بۆتان بەرامبەر بە خوای گەورە ئەوەی دەتانەوێت لە ماڵەکەم داوام لێ بکەن بەڵام لای خوا هیچم پێ ناکرێت بۆتان گەر باوەڕ نەهێنن.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ الله قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «لَا يَلِجُ النَّارَ رَجُلٌ بَكَى مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ حَتَّى يَعُودَ اللَّبَنُ فِي الضَّرْعِ، وَلَا يَجْتَمِعُ غُبَارٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَدُخَانُ جَهَنَّمَ». الترمذي

واتە : ئەبو هورەیرە دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ناخرێتە نێو ئاگر ئەو کەسەی لە ترسی خوا گریابێت مەگەر شیری دۆشراو بگەڕێتەوە ناو گوانەکان کە ناشگەڕێتەوە ، لەگەڵ یەکدی کۆ نابنەوە تۆز و غوبارێك لە پێناو خوا بەریکەوتبێت لەگەڵ دوو کەڵی ئاگری دۆزەخ . واتە موجاهید لە مەیدانی جەنگدا)».

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ الله قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا».الترمذي

واتە : ئەبو هورەیرە دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر ئەوە بزانن کە من دەیزانم کەم پێدەکەنن زۆر دەگرین.

عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ الله قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ».الترمذي

واتە : سەهلی کوڕی سەعد دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر دونیا نرخی باڵێکی مێشوولەی هەبووایە لە لای خوا ڕێگای نەدەدا بە هیچ بێباوەڕێك قومە ئاوێکی لێ بخواتەوە.

عَنْ أَبِي كَبْشَةَ الأَنْمَارِيُّ الله : أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «ثَلَاثَةٌ أُقْسِمُ عَلَيْهِنَّ وَأُحَدِّثُكُمْ حَدِيثًا فَاحْفَظُوهُ»، قَالَ: «مَا نَقَصَ مَالُ عَبْدٍ مِنْ صَدَقَةٍ، وَلَا ظُلِمَ عَبْدٌ مَظْلِمَةً فَصَبَرَ عَلَيْهَا إِلَّا زَادَهُ اللَّهُ عِزًّا، وَلَا فَتَحَ عَبْدٌ بَابَ مَسْأَلَةٍ إِلَّا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ بَابَ فَقْرٍ - أَوْ كَلِمَةً نَحْوَهَا ، وَأُحَدِّثُكُمْ حَدِيثًا فَاحْفَظُوهُ»، قَالَ: «إِنَّمَا الدُّنْيَا لِأَرْبَعَةِ نَفَرٍ، عَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ مَالًا وَعِلْمًا فَهُوَ يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ، وَيَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ، وَيَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا، فَهَذَا بِأَفْضَلِ المَنَازِلِ، وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ عِلْمًا وَلَمْ يَرْزُقْهُ مَالًا فَهُوَ صَادِقُ النِّيَّةِ يَقُولُ : لَوْ أَنَّ لِي مَالاً لَعَمِلْتُ بِعَمَلِ فُلَانٍ فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَأَجْرُهُمَا سَوَاءٌ، وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ مَالًا وَلَمْ يَرْزُقْهُ عِلْمًا ، فَهُوَ يَخْبِطُ فِي مَالِهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ لَا يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ، وَلَا يَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ ، وَلَا يَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا ، فَهَذَا بِأَخْبَثِ المَنَازِلِ، وَعَبْدٍ لَمْ يَرْزُقْهُ اللَّهُ مَالًا وَلَا عِلْمًا فَهُوَ يَقُولُ : لَوْ أَنَّ لِي مَالاً لَعَمِلْتُ فِيهِ بِعَمَلِ فُلَانٍ فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَوِزْرُهُمَا سَوَاءٌ».الترمذي

واتە : ئەبو کەبشەی ئەنماری دەگێڕێتەوە گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو : «سێ شت هەن سوێندیان لەسەر دەخۆم و فەرموودەیەکیشتان بۆ باس دەکەم، جا وەریگرن و دەرخی بکەن فڕرمووی: (سێ شتەکە ئەوانەن:) ماڵ و سامانی هیچ بەندەیەک بە هۆی بەخشین لە پێناوی خوا کەم ناکات، هەر بەندەیەک ستەمی لێ کرا لەهەر جۆرە ستەمێک و ئارامی لەسەر گرت مسۆگەر خوای گەورە پایەداری بۆ زیاد دەکات ،هەر بەندەیەک دەرگای سوالکردنی لە خۆی کردەوە (سوالّ بکات)بێگومان خوای گەورە دەرگای هەژاری بەسەردا دەکاتەوە یان وشەیەکی هاوشێوەی ئەمەی فەرموو، هەروەها باسی فەرموودەیەکتان بۆ دەکەم بیپارێزن و دەرخی بکەن فەرمووی بزانن بەڕاستی دونیا بۆ چوار جۆرە کەسە بەندەیەک خوای گەورە ماڵ و زانستی پێ داوە، ئەو بەندەیە (بەو نیعمەتانە مافی خوای لێ دەپارێزێت چاکە لەگەل خزمای دەکات، دەشزانیت خوا مافی بە سەرەوە هەیە ئەو کەسە چاکترین پلەی هەیە، بەندەیەکی دیکە خوا زانستی پی داوە ماڵ و سامانی پی نەبەخشیوە بەڵام ڕاستگویە لە نیەت و مەبەستی لەگەڵ خوا و دەڵێت ئەگەر ماڵ و سامانم هەبووایە کاری چاکەم پێ دەکرد وەکوو فلان کەس ئەو بە هۆی نیەتەکەی لەگەڵ (بەندەی یەکەم) لە پاداشت وەک یەک وان ، بەندەیەک خوای گەورە ماڵ و سامانی پێ داوە، بەڵام زانستی پێ نەداوە ماڵەکەی خەرج دەکات بە نەزانی گوێ نادات بە حەڵاڵ و حەڕام)، خۆی لە قەدەغە کراوی خوا ناپارێزێت مافی خزمانی لێ نادات لە چاکە کردن لەگەڵیاندا ناشزانیت لەو ماڵە هەق خوای لەسەرە بە هی خۆی دەزانێت ئا ئەوە خراپترین پلەی هژیە لە لای خوا ، بەندەیەک خوای گەورە نە ماڵی پێ داوە نە زانست دەڵێت ئەگەر

هاتو مانّم هەبووایە وەک فلّان کەسم دەکرد (خەرجکردن لە حەرامدا، ئژوە بە هوی نیەتەکەی لەگەڵ بەندەی سێیەم) لە تاوان وەک یەک وان.

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ بُسْرٍ : أَنَّ أَعْرَابِيًّا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ مَنْ خَيْرُ النَّاسِ؟ قَالَ: «مَنْ طَالَ عُمُرُهُ، وَحَسُنَ عَمَلُهُ».الترمذي

واتە : عبداللە ی کوڕی بوسر دەگێڕێتەوە دەشتەکییەک گوتی: ئژی پێغەمبەری خوا ﷺ کێ چاکترینی خەڵکە؟ فەرمووی: چاکترین کەس ئەو کەسەیە کە تەمەنی درێژ پێت و کاری چاک بێت.

عن عقبة بن رافع : ان رسول الله (ﷺ) كان يقول: إذا احب الله عبداً حماهُ الدُّنيا كما يَحمي أَحَدُكُم مريضه الماء ليشفي . قال الهيثمي في مجمع الزوائد ، رواه أبو يعلي وهو اسناد حسن وصححه الألباني في صحيح الجامع).

واتە : لە عقبەوە خوای لێ رازی بێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی : ئەگەر خودا بەندەیەکی خۆش بوێت دونیای لێ دەپارێزی و نایداتی هەروەکو چۆن یەکێك لە ئێوە نەخوشەکەی دەپارێزی لە ئاو بۆ ئەوەی شیفای بۆ بێت.

وعن الضّحاك بن سفيان رضي الله عنه، أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال له: (يا ضحاك ما طعامك؟) قال: يا رسول الله، اللحم واللبن. قال: (ثم يصير إلى ماذا ؟). قال: إلى ما قد علمت. قال: (فإن الله تعالى ضرب ما يخرج من ابن آدم مثلاً للدنيا). أحمد وصححه الألباني.

واتە : لە ضحاکی کوڕی سوفیانەوە دژڵێ جارێك پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموم ئەی ضحاك چی دەخۆیت ؟ وتم ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ گۆشت و شیر. فەرمووی: (ئەوە دەبێتە چی؟) وتی: دەزانین دەبیتە چی ، فەرمووی: (خوای گەورە ئەوەی لە کوڕی ئادەمەوە دێتە دەرەوە کردی بە نمونەی دونیا.

وعن أبي بن كعب رضي الله عنه، أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: (إن مطعم ابن آدم جعل مثلاً للدنيا، وإن قزحه وملحه، فانظر إلى ما يصير). عبدالله بن أحمد وابن حبان وصححه الألباني.

واتە : ئوبەی کوڕی کەعب دەڵێ پێغەمبەر ﷺ فەرموی : خواردنی کوڕی ئادەم نموونەی دونیایە، تەنانەت ئەگەر بەهارات و خوێیەکەی بێت. کەواتە سەیری ئەوە بکەن کە دەبێتە چی.

وعن أبي هريرة قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (إن موضع سوط في الجنة خير من الدنيا وما فيها). الترمذي وحسنه الألباني.

واتە : لە ئەبوهورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ پێغەمبەر ﷺ فەرموی : جێگای قامچی لە بەهەشت باشترە لە دونیا و هەموو شتێک کە تێیدایە.

وعن أبي هريرة: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: (إن الدنيا ملعونة ملعون من فيها إلا ذكر الله وما والاه وعالم أو متعلم). الترمذي وابن ماجه والبيهقي وحسنه الألباني.

واتە : لە ئەبو هورەیرەوە گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : (دنیا نەفرەت لێکراوە، ئەوەی تێیدایە نەفرەت لێکراوە، تەنها ئەوە نەبێت یادی خودا و ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەیە، وە زانا یان ئەوەی بە دوای زانست بێت .

وعن عبيد الله الخطمي قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (من أصبح منكم آمناً في سربه معافى في جسده عنده قوت يومه فكأنما حيزت له الدنيا بحذافيرها). الترمذي وصححه الألباني.

واتە : لە عبیدالله دەڵێ پێغەمبەر ﷺ فەرموی : هەرکەسێک لە ئێوە هەست بە دڵنیایی لە خێزانەکەیدا بکات و لە جەستەیدا تەندروست بێت و ڕزق و ڕۆزی ڕۆژانەی خۆی هەبێت، وەک ئەوە وایە هەموو دونیای پێ دراوە.

وعن أنس عن النبي صلى الله عليه وسلم: (لست من الدنيا وليست مني، إني بُعثت والساعة تستبق). الضياء المقدسي وصححه الألباني.

واتە : لە ئەنەسەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموی : من لە دونیا نیم و ئەویش لە من نییە. لە کاتێکدا کە قیامەت نزیک دەبێتەوە نێردراوم.

وعن عبدالله بن مسعود رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: إنَّ اللهَ قَسَّمَ بينَكُم أخلاقَكُم، كما قَسَّمَ بينَكم أرزاقَكُم، وإنَّ اللهَ ليُعطي الدُّنيَا مَن يُحبُّ ومَن لايُحبُّ، ولا يُعطِي الدِّينَ إلَّا مَن يُحبُّ، فمَن أعطاه اللهُ الدِّينَ فقد أحبَّه، والَّذي نَفسِي بيدِه لا يَسلَمُ أو لا يُسلمُ عبدٌ حتَّى يُسلمَ أو يَسلمَ قَلبُه ولِسانُه.الحاكم ، أحمد ، ابن أبي شيبة.

واتە : لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، خوا لێی ڕازی بێت، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خودا ئەخلاقی ئێوەی بەسەر ئێوەدا دابەش کردووە، هەروەک چۆن ڕزق و ڕۆزی ئێوەی بەسەر ئێوەدا دابەش کردووە. خودا دونیا دەبەخشێت بەو کەسەی خۆشی دەوێت و خۆشی نەوێت، بەڵام دین نادات مەگەر ئەو کەسەی خۆشی بوێت. کەواتە خودا دین بە هەرکەسێک بدات خۆشی دەوێت ، سوێند بەوەی کە ڕۆحی منی بە دەستە ، هیچ بەندەیەک سەلامەت نابێت تا ئەو دڵ و زمانی سەلامەت نەبێت.

بەشی سێیەم : ژیانی دونیا لە وتەی پێشین

بێ گومان پێشینە چاکەکان هاوەڵ و تابعی و اتباعی تابعی دەگرێتەوە ئەوانیش هەڵوێست و وتەیان هەبوە لەسەر ئەم ژیانە کاتیە لێرەدا بەشێك دەخەینە ڕوو

قال أبو بكر الصديق - رضي الله عنه -: إن الله تبارك وتعالى فاتح عليكم، فلا تأخذُن منها إلا بلاغًا.

واتە : ئەبوبەکر الصديق - خوا لێی ڕازی بێت - فەرموویەتی: خودای گەورە دونیای بە ڕوو کردنەوە ، بۆیە هیچی لێ وەرنەگرن جگە لەوەی کە بۆتان هاتووە.

وقال عمر بن الخطاب - رضي الله عنه -: وإذا عرض لك أمران: أحدهما لله والآخر للدنيا، فآثر نصيبك من الآخرة على نصيبك من الدنيا، فأن الدنيا تنفد والآخرة تبقى.

واتە : عومەری کوڕی خەتاب - خوا لێی ڕازی بێت - فەرموویەتی: ئەگەر دوو بابەتت بۆ خرایە بەردەست: یەکێکیان بۆ خودا و ئەوی تریان بۆ دونیا، ئەوا بەشی خۆت لە قیامەت لە پشکی خۆت لە دونیا پێ باشتر بێت ، چونکە دونیا تێدەپەڕێت، بەڵام قیامەت دەمێنێتەوە.

وقال عثمان بن عفَّان - رضي الله عنه -: الدنيا خضرة، قد شُهِّيَتْ إلى الناس، ومال إليها كثيرٌ منهم، فلا تركنوا إلى الدنيا، ولا تثقوا بها، فإنها ليست بثقة، واعلموا أنها غير تاركة إلَّا من تركها.

واتە : عوسمانی کوڕی عەفان - خوای گەورە لێی ڕازی بێت - فەرموویەتی: دونیا سەوزە، وە لە لایەن خەڵکەوە خواستراوە، وە زۆرێکیان مەیلیان بۆ ئەوە داوە. کەواتە پشت بە دونیا مەبەستە و متمانەی پێ مەکە، چونکە جێی متمانە نییە. وە بزانە وازی لێناهێنرێت مەگەر ئەوانەی وازی لێدەهێنن.

وقال علي بن أبي طالب - رضي الله عنه -: (ارتحلت الدنيا مدبرة، وارتحلت الآخرة مقبلة، ولكل منهما بنون، فكونوا من أبناء الآخرة، ولا تكونوا من أبناء الدنيا. فإن اليوم عمل ولا حساب، وغدًا حساب ولا عمل).

واتە : عەلی کوڕی ئەبی تالیب - خوا لێی ڕازی بێت - دەفەرموێت: لە دونیا دەڕۆی بە دڵنیایی، دەگەی بە قیامەتیش لە داهاتوو ، هەریەکێکیان منداڵیان هەیە، کەواتە لەنێو منداڵانی قیامەتدا بن، لە منداڵانی دونیا مەبن، چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی کردارە و هیچ حسابێک نییە، سبەی ڕۆژی حسابە و هیچ کردارێک نیە.

وكان ابنُ عمرَ - رضِي اللهُ عنهما - يقول: إذا أصبحتَ فلا تنتظِرِ المساءَ، وإذا أمسيْتَ فلا تنتظِرِ الصَّباحَ، وخُذْ من صِحَّتِك لمرضِك، ومن حياتِك لموتِك.

واتە : ئیبن عومەر - خوا لێیان ڕازی بێت - دەیگوت: ئەگەر لە خەو هەڵسای چاوەڕێی ئێوارە مەکە، وە ئەگەر چوویتە سەر جێگا چاوەڕێی بەیانی مەکە ، سود لە تەندروستی خۆت وەربگرە بۆ نەخۆشیەکەت، و لە ژیانت بۆ مردنت.

وقال ابن مسعود - رضي الله عنه -: ليس أحد إلا وهو ضيف على الدنيا وماله عارية، فالضيف مرتحل والعارية مردودة.

واتە : ئیبن مسعود - خوا لێی ڕازی بێت - دەفەرموێت: کەس نییە میوانی دونیا نەبێت و سامانەکەی قەرزە. بۆیە میوانەکە دەڕوات و قەرزەکە دەگەڕێتەوە.

وقال لقمان الحكيم لابنه: يا بني، بعْ دنياك بآخرتك تربحهما جميعًا، ولا تبع آخرتك بدنياك تخسرهما جميعًا.

واتە : لوقمانی حەکیم بە کوڕەکەی وت: ئەی کوڕم ژیانی دونیای خۆت بفرۆشە بۆ ژیانی دوای مردنت و هەردووکیان بەدەست دەهێنیت و ژیانی دوای مردنت بۆ ژیانی دونیات مەفرۆشە و هەردووکیان لەدەست دەدەیت.

وقال الحسن البصري - رحمه الله تعالى -: من نافسك في دينك فنافسه، ومن نافسك في دنياك فألقها في نحره.

واتە : حەسەنی بەصری - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - فەرموویەتی: هەرکەسێک لە دینەکەتدا ڕکابەریت لەگەڵ بکات، کێبڕکێی لەگەڵ بکە، هەرکەسێک لە ژیانی دونیای تۆدا ڕکابەریت بکات، فڕێی بدە و لێی ڕاکە .

وقال الإمام الشافعي - رحمه الله تعالى -: من غلبت عليه شدة الشهوة لحب الحياة، ألزمته العبودية لأهلها، ومن رضي بالقنوع زال عنه الخضوع.

واتە : ئیمامی شافعی - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێت: هەرکەسێک ئارەزووی چڕ بۆ ژیان بەسەریدا زاڵ بێت، ناچاری دەکات کە کۆیلە بێت بۆ ئەهلەکەی ، هەرکەسێک ڕازی بێت بەم حاڵە ، ملکەچبوون لێی دوور دەخرێتەوە.

وقال الفضيل - رحمه الله -: لو كانت الدنيا من ذهب يفنى والآخرة من خزف يبقى، لكان ينبغي لنا أن نختار خزفًا يبقى على ذهب يفنى.

واتە : فوضەیل - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێت: ئەگەر دونیا لە زێڕ دروست بکرایە کە لەناو دەچێت و ژیانی دوای مردنیش لە قوڕ دروست بکرایە کە دەمێنێتەوە، ئەوا دەبوو ئێمە قوڕەکە هەڵبژێرین کە بمێنێتەوە لەبری زێڕ کە لەناو دەچێت.

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية - رحمه الله -: ليس في الدنيا نعيمٌ يشبه نعيم الآخرة إلا نعيم الإيمان.

واتە : شەیخولئیسلام ئیبن تەیمیە - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێت: هیچ بەختەوەرییەک لە دونیادا نییە کە لە بەختەوەریی قیامەت بچێت تەنها بەختەوەری ئیمان نەبێت.

وقال ابن القيم - رحمه الله -: من لاح له كمال الآخرة هان عليه فراق الدنيا.

واتە : ئیبن قەییم - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێت: هەرکەسێک کاملّبوون و ڕاستی قیامەت ببینێت و هەست پێ بکات ، بە ئاسانی لە دونیا جیا دەبێتەوە.

وقال حاتم الأصم رحمه الله: مثل الدنيا كمثل ظلّك إن طلبته تباعد وإن تركتَه تتابَع.

واتە : حاتەمی ئەصمی ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرمووی: دونیا وەک سێبەری تۆ وایە؛ ئەگەر بەدوایدا بگەڕێیت، دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر جێی بهێڵیت، بەدوای تۆدا دەگەڕێت.

وقال وهب بن منبِّه رحمه الله: (مَثَلُ الدُّنيا والآخرةِ مثلُ ضَرَّتَين إن أَرْضَيتَ إحداهما أَسْخَطتَ الأُخَرى).

واتە : وەهبی کوڕی مونەبیی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: مەسەلەی دونیا و قیامەت وەك دوو ژنە: ئەگەر دڵت بە یەکێکیان خۆش کرد، ئەوا ئەوی تریان تورە دەکەیت.

وقال بعض السلف: "إنَّ الدنيا إذا كست أوكست، وإذا حلت أوحلت، وإذا غلت أوغلت، فإياك إياك".

واتە : هەندێک لە پێشینەکان دەیانگوت: "کاتێک دونیا جل و بەرگ دەپۆشێت پیس دەبێت، کاتێک شیرین بوو شیرین دەبێت، کاتێک گران دەبێت گران دەبێت، بۆیە ئاگادارین ئاگادارین."

قال ابن عباس في تفسير قول الله تعالى: ﴿ إِنَّمَا الحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ﴾، هذه حياة الكافر؛ لأنه يكون فيها في غرور وباطل، وأما حياة المؤمن فتنطوي على أعمال صالحة، فلا تكون لهوًا ولا لعبًا.

واتە : ئیبن عەباس لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتە دەڵێت: (ژیانی دونیا تەنها یاری و سەرگەرمییە)، ئەمە ژیانی بێباوەڕە؛ چونکە وەهم و درۆ تیایدا هەیە، لە کاتێکدا ژیانی ئیماندار کردەوەی چاکە لەخۆدەگرێت، کەواتە یاری و گاڵتە نییە.

وقال سعيد بن جبير- رحمه الله تعالى - في الدنيا:

متاعُ الغُرورِ ما يُلْهِيكَ عن طَلبِ الآخرةِ، وما لم يُلْهِكَ فليسَ مَتاعَ الغُرورِ، ولكنّه بَلاغٌ إلى ما هو خَيرٌ منه).

واتە : سەعیدی کوڕی جوبەیر - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - سەبارەت بە دونیا فەرموویەتی:چێژەکانی وەهم ئەوانەن کە سەرقاڵت دەکەن لە گەڕان بەدوای قیامەتدا، هەرچی سەرقاڵت نەکات چێژەکانی وەهم نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ شتێکی باشتر لەوە.

وقال ابن رجب - رحمه الله -: واعلم أنَّ الذمَّ الوارد في الكتاب والسُّنَّة للدُّنيا ليس هو راجعًا إلى زمانها الذي هو اللَّيل والنَّهار، ولا إلى مكان الدُّنيا الذي هو الأرض، التي جعلها الله لبني آدم مِهادًا وسكنًا، فإنَّ ذلك كُلَّه مِنْ نعمة الله على عباده، وإنَّما الذَّمُّ راجعٌ إلى أفعال بني آدمَ الواقعةِ في الدُّنيا؛ لأنَّ غالبَها واقعٌ على غير الوجه الذي تُحمَدُ عاقبتُه، بل يقعُ على ما تضرُّ عاقبتُه أو لا تنفع".

واتە : ئیبن ڕەجەب - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێت: بزانە ئەو زەم کردنەی دونیا کە لە کتێب و سوننەتدا ئاماژەی پێکراوە، پەیوەندی بە کاتەوە نییە، کە شەو و ڕۆژە، وە پەیوەندی بە شوێنی جیهانەوە نییە، کە زەوییە، کە خودا بۆ نەوەکانی ئادەمی کردووە بە شوێنی پشوودان و شوێنی نیشتەجێبوون، بۆ هەموو ئەوانە لە نیعمەتی خوداوەیە لەسەر بەندەکانی. بەڵکو زەم کردنەکەکە پەیوەندی بە کردەوەکانی نەوەکانی ئادەمەوە هەیە کە لە ژیاندا دەیکەن. چونکە زۆربەی بە شێوەیەک کردەوە دەکەن کە دەرئەنجامێکی جێی ستایشی نییە، بەڵکو بە شێوەیەکە کە دەرئەنجامێکی زیانبەخی دەبێت ".

وقال ابن الجوزي - رحمه الله تعالى -: "واعلم أن خلقًا كثيرًا سمعوا ذم الدنيا ولم يفهموا المذموم، وظنوا أن الإشارة إلى هذه الموجودات التي خلقت للمنافع من المطاعم والمشارب، فأعرضوا عما يصلحهم منها فتجففوا فهلكوا، ولقد وضع الله جل وعلا في الطباع توقان النفس إلى ما يصلحها، فكلما تاقت منعوها ظنًّا منهم أن هذا هو المراد، وجهلًا بحقوق النفس، وعلى هذا أكثر المتزهدين"؛ [غذاء الألباب في شرح منظومة الآداب 2 /547].

واتە : ئیبن جەوزی - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێت: بزانە زۆر کەس گوێیان لە زەمکردنی دونیا بووە بەڵام تێنەگەیشتوون کە زەمکردن و خۆپاراستن لێی بە چی دەکرێت، پێیان وابوو ئاماژە بۆ ئەو شتانە بووە کە بۆ سوود دروستکراون، وەک خواردن و خواردنەوە، بۆیە خۆیان لەوە گرتۆتەوە کە بۆیان باش بووە، و بەم شێوەیەش وشک بوون و لەناوچوون، خودای گەورە حەسرەتی لە سروشتی مرۆڤدا داناوە پێی وایە ئەمە بۆی باشە، بۆیە هەرکاتێک تامەزرۆی ئەوە بوو، ئینکاری دەکات، پێیان وایە مەبەست لێی ئەمەیە و لە نەزانینی خۆیان مانی نەفسی نادات بەم شێوەیەیە.

کۆتایی

هەرکەسێک سەیری هەموو دەقەکانی وەحی و وتەی پێشینەکانی چاکەکاران بکات، تێدەگات ئەوەی کە لە زەمی دونیادا باسی لێکراوە ، مەبەست لێی زەم کردنی ژیان و زەوی و کات نییە، بەڵکو مەبەست لێی زەم کردنی کردەوەی خراپە تێیدا و سەرقاڵبوونە بەوەوە بێئاگابوونە لە گوێڕایەڵی خودای گەورە. دونیا کێڵگەی قیامەت و ڕێڕەوی پێشبڕکێی چاکەکارانە بۆ باخەکانی بەختەوەری. بەڵکو وەسفکردن و دڵ دانە دونیا و خۆشویستنی هۆشداری لە دژی زۆر زۆرە. چونکە زۆربەی خەڵک سەرقاڵن و سەرقاڵن پێیەوە، خۆی ئەسڵ ئەوەیە سەرقاڵی قیامەت بین نەك دونیای فانی، بۆیە با ئاگاداربین و با تۆزێکیش هەوڵی قیامەت بدەین تا زیندووین و دەتوانین کاری چاکە پێش بخەین بۆ قیامەت هەروك وتراوە لە دنیا ئەمڕۆ کار و کردەوە هەیە و دەتوانی بیکەی لێپرسینەوە نیە ، لە قیامەت بەیانی لێپرسینەوە هەیە و کار و کردوە نیە ، مرۆڤی عاقڵ باش لەوە تێدەگا و خۆی ئامادە دەکات بۆ مردن و ژیانی دوای مردن ، وصل الله علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه اجمعین.

سەرچاوەکان

1. قورئانی بەڕێز
2. تەفسیری پێشین
3. صەحیحی بوخاری
4. صەحیحی موسلیم
5. سونەنی إبن ماجه
6. سونەنی ترمذي
7. کتێبەکانی فەرموودە (ئیمام ئەحمەد ، ئیبن حبان ، بەیهەقی ، حاکم ، ئیبن ئەبی شیبه ، ضیاء مقدیسی ، الألباني له صحیح الجامع)
8. کتێبی فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ
9. کتێبی مەشغەڵی سوننەتی بێغەمبەر ﷺ

پێرست

بابەت لاپەڕە

دەستپێک..... 7

بەشی یەکەم : ژیانی دونیا لە قورئانی بەڕێز (زەم کردنی دنیا) 10

(تەفزیڵ کردنی ئاخیرەت بەسەر دونیا).....19

(هەندێ کردەوە کە وا دەکات دونیا هەڵبژێری بەسەر ئاخیرەت).....33

بەشی دووەم : ژیانی دونیا لە فەرموودەکانی خۆشەویستمان ﷺ.....106

بەشی سێیەم : ژیانی دونیا لە وتەی پێشین 140

کۆتایی.....147

سەرچاوەکان 148

ئەگەر ئەو شتەت هەبێت کە خودای گەورە بە نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا و محمدی بەخشیوە سەلامی خوا لە هەمویان بێت ، هیچی دیکەت ناوێ ئەوەش خواناسی و تامی ئیمانە ، وە بیر لەم بابەتەش بکەوە کە خودا چی بە نەمرود و فیرعەون و هامان و هاوشێوەکانی ئەوانەی بەخشیە ، دەوڵەمەندی هەم دەسەلآت هەم ژیانێکی خۆش لە ڕووی دونیاوە بەلآم کاتێک سەیری عاقیبەتی ئەوانە دەکەی چیان بەسەر هات بەراستی ئەمە وانەیەکە بۆ مرۆڤایەتی . کەواتە کەی نیازی هەوڵدانت هەیە ؟ تا سەرکەوتوو بیت !!

بە تەمای هەر وا بیت ؟؟

"بـــارۆ کـــوردی"

